حکومەتی هەرێمی کوردستان　　وەزارەتی پلاندانان　　دەستەی ئاماری هەرێم

# هەرێمی کوردستان
# 2018-2014
# بە نیشاندەر

ئایاری 2019

دەستەی ئاماری

وەزارەتی پلاندانان

حکومەتی هەرێمی کوردستان

# هەرێمی کوردستان

# 2018-2014

# بەنیشاندەر

2019©
مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ
وەزارەتی پلاندانان/دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

لەکاتی بەکارهێنانی زانیارییەکانی ناو راپۆرتەکە تکایە بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەی پێبکە:

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، 2019. *هەرێمی کوردستان 2014-2018 بەنیشاندەر*

هەرێمی کوردستان - هەولێر
بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بکەن بە:
ناونیشانی ئەلیکترۆنی: www.krso.gov.krd
تەلەفۆن: 662559170 (0)964+
موبایل :07508963143
ئیمەیل: contact@krso.gov.krd

زنجیرە : 69

## ووتەی وەزیر:



لە ساڵانی 2012 و 2013 وەزارەتی پلاندانان\دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەهاوکاری دامەزراوەی RAND ئەمریکی دوو راپۆرتی ئاماری خستە بەر دەست بەناوی (راپۆرتی بەدواداچونی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان) کە دەیان نیشاندەری گرنگی لەخۆ گرتبوو. ئەو نیشاندەرانە هەڵبژێردرابوون لە چەندین رووپێوی ئاماری کە لە ساڵانی 2011، 2012 و 2013 جێبەجێکرابوون و بە شێوازی خشتە و چارت تیایدا روونکرابوونەوە. مەبەست لەم دوو راپۆرتە کۆکردنەوەی ئەو نیشاندەرانە بوو کە گرنگی خۆیان هەبوو لەرووی کۆمەڵایەتی، ئابووری، تەندروستی، پەروەردەیی و سەکتەرەکانی تر وەك کشتوکاڵ، پیشەسازی و بیناسازی لە ناو یەك راپۆرتدا وەك ئاسانکارییەك بۆ بەکارهێنەران تاکو بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ یەك بەیەکی راپۆرتەکان بتوانن لە یەك راپۆرتدا ئاشنا بن بە ئەنجامەکان و نیشاندەرەکانی رووپێوەکان. سەرەڕای دروست بوونی قەیرانی ئابووری و دارایی لە ساڵی 2014 و بەسەرەوە دەستەی ئاماری هەرێم چەندین رووپێوی تری بەئەنجام گەیاند کە بەشێکیان بە پاڵپشتی دارایی حکومەتی هەرێم بوون و بەشەکەی تری بە هاوکاری رێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی بوون و ئەم رووپێوانە گرنگی خۆیان هەبوو چونکە رەنگدانەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بوون دوای 2014 لەو رووانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد.

بۆیە بەپێویستمان زانی سەر لە نوێ راپۆرتێك رێکبخەین بۆ کۆکردنەوەی ئەو نیشاندەرانەی بەدەست هاتوون لە ساڵی 2014 تاکو ساڵی 2018 و هەوڵماندا تا بکرێت بەراوردی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بکەین پێش و دوای ساڵی 2014 بە بەکارهێنانی نیشاندەرەکان و ئەو داتایانەی بەدەست بوون.

جێگەی خۆیەتی سوپاسی سەرۆکی دەستەی ئامار، سەرۆك بەشەکان و تەواوی فەرمانبەرانی دەستە بکەم کە ئەم راپۆرتەیان ئامادە کرد بە باشترین شێوە و خزمەتێکی تری گرنگییان پێشکەش کرد بە هەرێمی کوردستان تاکو سوود لەو راپۆرتە وەربگیرێت لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم کە بە دڵنیاییەوە کاریگەری خۆی دەبێت لە دەستنیشانکردنی بەرنامە و پرۆژەکان لەو بوارانەی ئەولەویەتیان هەیە.

**د. علی سندی**

**وەزیری پلاندانان**

## پێشەکی:

لە دوای ساڵی 2006 وە، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دەیان رووپێو و کاری ئاماری ئەنجامداوە کە راپۆرتی زۆرێك لەو کارانە ئامادە دەکرا و دەخرا بەر دەست بۆ مەبەستی سوود وەرگرتن لە نیشاندەرەکان و داتاکانی، بەڵام هەستمان دەکرد کەوا ئەو هەموو راپۆرتانە ئاسان نەبوو بخوێندرێت و بە تایبەتی بۆ هاوڵاتیانی ئاسایی. بۆیە لە ساڵی 2012 بەهاوکاری دامەزراوەی رەندی ئەمریکی هەستاین بە ئامادەکردنی راپۆرتێکی گشتگیر کە زۆربەی ئەو نیشاندەر و زانیارییانەی لەخۆگرتبوو بەشێوەیەك کە تێگەیشتن لێی ئاسانتر و روونتر بوو، بۆ ساڵی 2013 هەمان راپۆرت ئامادەکرا.

لە ساڵانی 2014-2018 چەندین رووپێو و کاری ئاماری ئەنجام درا کە هەندێکیان راپۆرتی بۆ ئامادەکرا، بەڵام هەندێکی تری ئامادەنەکرا لەبەر نەبونی بودجەی پێویست بەهۆی قەیرانی دارایی. ئەمە وایکرد هەوڵ بدەین کە ئەنجامەکانی ئەو رووپێوانە بە فیرۆ نەروات و بگاتە بەر دەستی بەکارهێنەران. بۆیە، بەهەوڵ و ماندووبوونی سەرۆك بەش و فەرمانبەرانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی بەشی شیکردنەوە و بەرێوەبردنی داتا هەستاین بە رێکخستن و ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەی بەردەست کە زیاتر لە 4 مانگی کارکردنی بەردەوامی خایاند.

ئەم راپۆرتە گشتگیرە پێکهاتووە لە سیانزە بەشی سەرەکی و چەندین بەشی لاوەکی کە هەوڵ دراوە زۆربەی سێکتەرەکان بگرێتەوە خۆ و هەموو ئەو نیشاندەرانە بخرێنە روو کە گرنگییان هەیە، بەتایبەتی دیاریکردنی رەوشی هەرێم لە سەرەتای دەستپێکردنی قەیرانەکان تاکو ئەو کاتەی بەرەو کۆتایی یان کزبوون هات. بۆیە لەم راپۆرتە باسی نیشاندەرەکانی سەرەکی هەژاری، بێکاری، ژمارەی پێوانەیی، بەرهەمی کشتوکاڵی، ئاساییشی خۆراك، گەشتیاری و چەندین نیشاندەری تر کراوە کە پەیوەندی هەیە بە ژیانی رۆژانەی هاووڵاتیان و پاڵپشتی سەرەکین بۆ بڕیاردان لەسەر بنەمای داتا کە گرنگترین ئەرك و بەرپرسیارەتی دەستەیە و هیواداریین توانیبێتمان ئەو ئامانجە بپێکین. لێرەدا سوپاس و پێزانینی تایبەتی خۆم رادەگەیەنم بۆ بەرێز وەزیری پلاندانان **د. علی سندی** کە بەردەوام پاڵپشتمان بووە بۆ سەرخستنی کارەکانمان و هەوڵی زۆری داوە بۆ بەردەوامبوونی دەستەی ئامار لە کارەکانی.

**سیروان محمد محی الدین**

**سەرۆکی دەستەی ئامار**

# ناوەرۆکی بابەتەکان:


ووتەی وەزیر: ..... III

پێشەکی: ..... IV

لیستی خشتەکان: ..... VIII

لیستی شێوەکان: ..... X

لیستی کورتکراوەکان ..... XIV

دانیشتوان ..... 15

دابەشبوونی دانیشتوان ..... 15

رێژەی رەگەز ..... 18

هێزی کار ..... 19

دابەشبوونی دانیشتوان لە رووی ئابوورییەوە ..... 19

بەشداریکردن لە هێزی کار بەپێی رەگەز ..... 21

بەشداریکردن لە هێزی کار بە پێی پارێزگا ..... 24

دابەشبوونی هێزی کار ..... 25

پەروەردە ..... 31

پەیوەندیکردنی منداڵان بەخوێندن ..... 31

خوێندەواری ..... 37

نەخوێندەواری ..... 38

هەژاری ..... 39

باری خۆراکی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ ..... 42

رەوشی خێزانەکان لەرووی ئاسایشی خۆراک ..... 46

ئاسایشی خۆراك (Food Security): .......... 46
لاوازی بەرامبەر بە نائاسایشی خۆراک (Vulnerablity to food insecurity): .......... 46
نائاسایشی خۆراک (Food Insecurity): .......... 46
رەوشی ئاسایشی خۆراکی خێزانە ئاوارەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان .......... 48
تەندروستی .......... 50
جۆری کۆمەڵایەتی .......... 57
یەکسانی رەگەزی لە پەروەردە .......... 57
باری هاوسەرگیری ئافرەتان .......... 58
رازیبوون لە ژیان .......... 61
کارکردنی منداڵ .......... 63
دەست گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان ( ئاو و ئاوەرۆ) .......... 66
کشتوکاڵ و ژینگە .......... 71
رووبەر و بەرهەمی گەنم .......... 72
رووبەری چاندراو و بڕشت و بەرهەمی برنج .......... 74
بەرهەمی  هاوینە .......... 75
پرۆژەکانی کێڵگەی پەلەوەر .......... 77
سامانی ئاژەڵ .......... 78
پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ .......... 78
بڕی باران بارین .......... 79
پلەی گەرمی .......... 80
CPIژمارە پێوانەیی بۆ نرخەکانی بەکاربەر .......... 81
گواستنەوە .......... 87
گواستنەوە لە رێی ئاسمانی .......... 87

ئۆتۆمبێلەکانی تۆمارکراو ........ 88
رووداوەکانی هاتووچۆ ........ 89
شەقامی قیرتاوکراو ........ 91
کەرتی گەشتیاری ........ 93
ئاڵوگۆڕی بازرگانی-هاوردەکردن ........ 95
پیشەسازی ........ 98
دامەزراوەی پیشەسازی گەورە و مامناوەند ........ 98
دامەزراوەی بچووك ........ 102
کانگاکان (المقالع) ........ 103
بیناسازی ........ 106
سەرچاوەکان: ........ 112

# لیستی خشتەکان:


خشتەی 1: دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەپێی گروپی تەمەن و رەگەز - 2017 (%) ........................... 16

خشتەی 2: دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێم  بەپێی پارێزگا و گروپەکانی تەمەنی کارکردن و کارنەکردن –2017 (%) ...... 18

خشتەی 3: تێکڕای دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتری ناوەوە و دەرەوەی هێزی کار لە هەرێمی کورستان بەپێی رەگەز بۆ ساڵانی 2014، 2015 و 2017 (%) ........................................................................................ 20

خشتەی 4: بەراوردی نێوان هەرێمی کوردستان و چەند وڵاتێکی تری جیهان بۆ رێژەی بەشداریکردنی ئافرەت لە هێزی کار لە ساڵانی 2014،2015 و2017 (%) ........................................................................................ 23

خشتەی 5: تێکڕای دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتری بەشداربوو لە هێزی کار بەپێی پارێزگا (%) ..................... 24

خشتەی 6: تێکڕای دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر لە هەرێمی کوردستان بەپێی کەرتی کار(%) .......... 26

خشتەی 7: رێژەی بێکاری بۆ دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر (%) ............................................................ 29

خشتەی 8: بەراوردی نێوان هەرێمی کوردستان و چەند وڵاتێکی دەوروبەر بۆ رێژەی بێکاری لە ساڵانی 2014، 2015 و 2017 (%) ........................................................................................ 30

خشتەی 9: بەراوردی نیشاندەری گرنگی بواری پەروەردە لە ساڵانی 2011 و 2018 (%) ........................................ 31

خشتەی 10: بەراوردی رێژەی خوێندەواری بەپێی رەگەز لە هەرێمی کوردستان  بۆ ساڵانی 2016 و 2018 (%) ............ 37

خشتەی 11: رێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان و عیراق بۆ ساڵانی 2014 و 2018 (%) .................................... 39

خشتەی 12: باری خۆراکی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵی لە ساڵانی 2011 و 2018 (%) ........................................ 42

خشتەی 13: باری ئاسایشی خۆراکی خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2016 (%) .................................... 47

خشتەی 14: باری ئاسایشی خۆراکی خێزانە ئاوارەکان  لە هەرێمی کوردستان و عێراق و پارێزگاکانی خواروی عێراق بۆ ساڵی 2016 (%) ........................................................................................ 48

خشتەی 15: بەراوردی نیشاندەری تەندروستی  بۆ ساڵانی 2011 و 2018 (%) ........................................................ 50

خشتەی 16: بەراوردی جۆری کۆمەڵایەتی لە ساڵانی 2011 و 2018 (%) ............................................................ 57

خشتەی 17: دەست گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان بۆ ساڵانی 2011 و 2018 ........................................................ 66

خشتەی 18: نیشاندەرەکانی کشتوکاڵی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ............................................................ 71

خشتەی 19: رووبەری چاندراو و بڕشت و بەرهەمی برنج لەسەر ئاستی پارێزگاکان وهەرێم بۆ ساڵانی (2013،2014،2016،2017) ........................................................................................ 74

خشتەی 20: بەرهەمی  هاوینە بە تۆن بۆ بەروبوومەکانی (تەماتە - خیار – باینجان – کودی – فاسۆلیا – پەتاتە - گەنمە شامی) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان 2017 ........................................................................ 75

خشتەی 21: تێچووی یەك دۆنم (1000) دینار لە بەروبوومەکانی هاوینە لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارە  لە هەرێمی کوردستان 2013 ........................................................................................ 76

خشتەی 22: پرۆژەکانی کێڵگەی پەلەوەر لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2017 ...................................... 77

خشتەی 23: ژمارەی ئاژەڵ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2017 ....................................................... 78

خشتەی 24: پلەی گەرمی مانگەکان لە ساڵی 2018 لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان................................80
خشتەی 25: ژمارەی پێوانەیی و تێکڕای هەڵوسان بۆ هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی بۆ ساڵانی 2015- 2018.........81
خشتەی 26: ئاماری چالاکی گواستنەوەی ئاسمانی لە فڕۆکەخانەکانی هەرێم 2017..................................................87
خشتەی 27: ئاماری ئۆتۆمبێلەکانی تۆمارکراو جگە لەکەرتی میری لەپارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی 2017.......................88
خشتەی 28: ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2017..................................89
خشتەی 29: کۆی درێژی شەقامی قیرتاوکراو لە پارێزگاکانی هەرێم (کم) بۆ ساڵی 2017*.........................................91
خشتەی 30: ژمارەی میوان و شەوانی مانەوەیان بەپێی ڕەگەزنامەو پارێزگا بۆ ساڵی 2013 و 2016.........................94
خشتەی 31: ژمارەی کارکەران و کۆی گشتی خەرجییەکان و داهاتی دەستکەوتوو لە یەکەگەشتیارییەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی 2013 -2016..........................................................................................94
خشتەی 32: ئاڵوگۆری بازرگانی (هاوردە) لە نێوان عیراق، هەرێمی کوردستان و جیهان (بەپێی کیشوەرەکان) بۆ ساڵانی 2016 و2017..............................................................................................................................96
خشتەی 33: ئاڵوگۆڕی بازرگانی (هاوردە) نێوان عیراق، هەرێمی کوردستان و جیهان بەپێی کۆمەڵەی (hs2002=harmonized system) لە نێوان 2014ـ2017 (بەها بە USD 1000)..................................................97
خشتەی 34: نیشاندەرەکانی دامەزراوەی پیشەسازی گەورە و مامناوەند بۆ ساڵی 2013 ..........................................98
خشتەی 35: ژمارەی دامەزراوەی پیشەسازی گەورە و مامناوەندی کارکردوو لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 و 2018...........................................................................................................99
خشتەی 36: ژمارەی کرێکاران لە دامەزراوەی پیشەسازی گەورە و مامناوەندی کارکردوو لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013 و 2018.............................................................................................101
خشتەی 37: نیشاندەرەکانی دامەزراوەی پیشەسازیی بچوکی کارکردوو لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2013)...................................................................................................................................102
خشتەی 38: نیشاندەری کانگاکان (المقالع) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2014 ...................104
خشتەی 39: ژمارەی ڕێپێدانی بیناسازی لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەیگەرمیان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی 2018-2013........................................................................................................................106
خشتەی 40: کۆی گشتی تێچووی خەملێنراو بە(ملیار-د.ع) بۆ کاری بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018 ..................................................................................107
خشتەی 41: کۆی ڕووبەری تەرخانکراو ($م^2$) بۆ کاری بیناسازی لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی 2013-2018...............................................................................108
خشتەی 42: ڕووبەری گشتی بیناکراو ($م^2$) لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی 2013-2018.........................................................................................................109
خشتەی 43: تێکرای تێچووی خەملێنراو بۆ یەك $م^2$ لە کاری بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان (د.ع) بۆ ساڵانی 2013-2018.....................................................................110

# لیستی شێوەکان:

شێوەی 1: هەرەمی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان -2017 ................................................................ 17

شێوەی 2: دابەشبوونی دانیشتوانی ناوەوە و دەرەوەی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان بەپێی رەگەز بۆ سالانی 2014، 2015 و 2017 (%) ................................................................................................ 21

شێوەی 3: بەراوردکردنی رێژەی بەشداریکردنی ئافرەت لە هێزی کار لە ساڵی 2017 لە چەند ولاتێکی جیهان (%)24

شێوەی 4: دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتری بەشداربوو لە هێزی کار بەپێی پارێزگا (%) .................... 25

شێوەی 5: دانیشتوانی کارکەر تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر لە هەرێمی کوردستان بەپێی کەرتی کار(%)............ 27

شێوەی 6: رێژەی بێکاری بۆ کەسانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر بەپێی پارێزگا (%) .................................. 29

شێوەی 7: رێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان و ولاتانی دەوروبەر بۆ سالانی 2014، 2015 و 2017 (%)...... 30

شێوەی 8: رێژەی سافی قوتابیان کە لە تەمەنی قۆناغی سەرەتایین و لە پۆلی یەکەمی سەرەتایین ................ 32

شێوەی 9: رێژەی سافی مندالان کە لە تەمەنی قۆناغی سەرەتایین و پەیوەندییان بە قۆناغی سەرەتایی یان ناوەندی کردووە ................................................................................................................ 33

شێوەی 10: رێژەی سافی مندالان کە لە تەمەنی قۆناغی ناوەندین و پەیوەندیان بە قۆناغی ناوەندی یان بەرزتر کردوو ................................................................................................................ 34

شێوەی 11: رێژەی سافی مندالان کە لە تەمەنی قۆناغی ناوەندین و تا ئێستا لە قۆناغی سەرەتایی ماونەتەوە ... 34

شێوەی 12: رێژەی تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی............................................................................ 35

شێوەی 13: رێژەی تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی ............................................................................ 36

شێوەی 14: رێژەی قوتابیان کە قۆناغی ئامادەییان تەواو کردووە بۆ ساڵی 2018........................................ 36

شێوەی 15: رێژەی خوێندەواری لە گروپی تەمەن 15-24 ساڵی بەپێی رەگەز.............................................. 38

شێوەی 16 : رێژەی نەخوێندەواری لە گروپی تەمەن 15-24 ساڵی بەپێی رەگەز.......................................... 38

شێوەی 17: رێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان وعیراق ................................................................ 40

شێوەی 18: رێژەی هەژاری بەپێی پارێزگاکانی هەرێم و ئاوارەکان لەسەر ئاستی هەرێم................................ 41

شێوەی 19: بەراوردی ڕێژەی کێشسوکی مامناوەندو دژوار لە ساڵانی 2011 و 2018....................................43
شێوەی 20: بەراوردی ڕێژەی دواکەوتنی گەشەی مامناوەند و دژوار لە ساڵانی 2011 و 2018 .......................44
شێوەی 21: بەراوردی ڕێژەی لاوازی مامناوەند و دژوار لە ساڵانی 2011 و 2018........................................45
شێوەی 22: بەراوردی ڕێژەی قەڵەوی مامناوەند لە ساڵانی 2011 و 2018 ................................................45
شێوەی 23: باری ئاسایشی خۆراکی خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2016...................................48
شێوەی 24: باری ئاسایشی خۆراکی خێزانە ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2016...........................49
شێوەی 25: ڕێژەی مردنی منداڵی ساوا منداڵی خوار تەمەن پێنج ساڵی ....................................................51
شێوەی 26: ڕێژەی ئافرەتان کە بە نەشتەرگەری منداڵیان بووە ...............................................................52
شێوەی 27: ڕێژەی ئافرەتان تەمەن 15-49 ساڵی کە بە نەشتەرگەری قەیصەری منداڵیان بووە بۆ ساڵی 2018 .53
شێوەی 28: منداڵبوون لە دامەزراوە تەندروستییەکان بەپێی کەرت(حکومی و تایبەت)..................................53
شێوەی 29: منداڵبوون لە دامەزراوە تەندروستییەکان (حکومی، تایبەت)....................................................54
شێوەی 30: ڕێژەی خەتەنەکردنی مێینە لە تەمەنی 15- 49 ساڵی ...........................................................55
شێوەی 31: هەبوونی زانیاری وورد لەسەر نەخۆشیە گوازراوەکان ئایدز (HIV) لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15-49
بۆ ساڵانی 2011 و 2018......................................................................................................56
شێوەی 32: نیشاندەری یەکسانی ڕەگەزی لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی..................................................58
شێوەی 33: ئافرەتانی لاو لە تەمەنی 20 – 49 ساڵی کە پێش تەمەنی 15 ساڵی هاوسەرگیرییان کردووە.........59
شێوەی 34: ئافرەتانی لاو لە تەمەنی 20–49 ساڵی کە پێش تەمەنی 18 ساڵی هاوسەرگیریان کردووە ...........60
شێوەی 35: ئافرەتانی لاو لە تەمەن 15 - 19 ساڵی کە لە ئێستادا هاوسەردارن ..........................................60
شێوەی 36: فرەژنی لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15 - 49 ساڵی ...............................................................61
شێوەی 37: رازیبوون لە ژیان لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15 - 24 ساڵی بۆ ساڵی 2018 ..............................62
شێوەی 38: رازیبوون لە ژیان لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15 - 49 ساڵی بۆ ساڵی 2018 ..............................62
شێوەی 39: هەست کردن بە ئارامی لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15-49 ساڵی...............................................63
شێوەی 40: کارکردنی منداڵ لە تەمەنی 5 - 14 ساڵی............................................................................64

شێوەی 41: کارکردنی منداڵ لە تەمەنی 5 - 17 ساڵی بۆ ساڵی 2018.......................................................65
شێوەی 42: ڕێژەی سەدی خێزانەکان کە سەرچاوەی چاککراوی ئاو بۆ خواردنەوە بەکاردەهێنن ......................67
شێوەی 43: ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە ئاوی خواردنەوەی بێ کلۆر بەکار دێنن ...................................67
شێوەی 44: ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە لە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیان کلۆر نییە بۆ ساڵی 2018.........68
شێوەی 45:ڕێژەی سەدی خێزانەکان کە لە ئاوی خواردنەوە و سەرچاوەی ئاوی خوادنەوە بەکتریای E- Coli بوونی هەیە...........................................................................................................................69
شێوەی 46: بەکارهێنانی ئاوەڕۆی سەرەکی تەندروست.............................................................................70
شێوەی 47: رووبەر و بەرهەمی گەنم لە 2012 تاکو 2017 لە هەرێمی کوردستان ......................................72
شێوەی 48: تێچووی یەك دۆنم (1000) دینار لە بەروبوومی گەنم لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم لە ساڵی 2016- 2017 ......................................................................................................................73
شێوەی 49: پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2017.............................78
شێوەی 50: بڕی باران بارین لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013 - 2018 .............................79
شێوەی 51: تێکڕای ژمارەی پێوانەیی لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2015-2018 بەبەراورد بە ساڵی بنەڕەت (2012)....................................................................................................................82
شێوەی 52: ژمارە پێوانەیی گشتی بۆ پارێزگاکان و هەرێم بۆ ساڵانی (2015- 2016- 2017- 2018)...........83
شێوەی 53: بەراوردی ڕێژەی گۆڕانی ساڵانە بۆ هەرێم و پارێزگاکان..........................................................84
شێوەی 54: بەراورد لە نێوان ژمارە پێوانەیی بۆ ساڵانی 2016 و 2018 بەپێی بەشە سەرەکییەکان................85
شێوەی 55: بەراوردی ژمارە پێوانەیی بۆ عیراق و هەرێمی کوردستان بەپێی بەشە سەرەکییەکان بۆ مانگی کانونی یەکەم ساڵی 2018........................................................................................................86
شێوەی 56: ژمارە پێوانەیی بۆ هەرێمی کوردستان و عیراق و ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور بۆ ساڵی 2016 .86
شێوەی 57: کۆی گشتی گەشتیارە گوێزراوەکان لە فرۆکەخانەکانی هەرێم بۆ ساڵانی 2014-2017................87
شێوەی 58: ئاماری ئۆتۆمبێلەکانی تۆمارکراو جگە لە کەرتی میری لە پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵانی 2014_2017 89

شێوەی 59: ژمارەی ئەو ڕووداوانەی کە مردن و برینداری لێکەوتۆتەوە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ سالانی 2017-2016 ....................................................................................................................................90

شێوەی 60: کۆی درێژی شەقامی قیرتاوکراو لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە (کم) بۆ سالانی 2014-2017 92

شێوەی 61: ژمارەی یەکەگەشتیارییەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بۆ سالی 2013-2016..................93

شێوەی 62: ژمارەی دامەزراوەی پیشەسازی گەورە و مامناوەندی کارکردوو لەسەر ئاستی پارێزگاکان بۆ سالانی 2013 و 2018.........................................................................................................................99

شێوەی 63: ژمارەی دامەزراوەی گەورە بەگوێرەی کەرت لە هەرێمی کوردستان بۆ سالی 2013.....................100

شێوەی 64: ژمارەی کرێکاران لە دامەزراوەی گەورە و مامناوەندی کارکردوو لەسەر ئاستی پارێزگاکان بۆ سالانی 2013 و 2018.........................................................................................................................101

شێوەی 65: ژمارەی دامەزراوەکان و کرێکاران لە دامەزراوەی پیشەسازی بچووکی کارکردوو لەسەر ئاستی پارێزگاکان بۆ سالی 2013 ........................................................................................................103

شێوەی 66: ژمارەی کانگاکان و کرێکاران لەسەر ئاستی پارێزگاکان بۆ سالی 2014.....................................104

شێوەی 67: ڕووبەری بەکارهێنراو (دۆنم) بۆکانگاکان (المقالع) لەسەر ئاستی پارێزگاکان بۆ سالی 2014 .........105

شێوەی 68: ژمارەی ڕێپێدانی بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی سالانی 2013 - 2018 .....................................................................................................107

شێوەی 69: کۆی گشتی تێچووی خەملێنراو (ملیار-د.ع) بۆ کاری بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ سالانی 2013-2018.......................................................................108

شێوەی 70: بەراوردی ڕووبەری گشتی زەوی تەرخانکراو (م$^2$) بۆ کاری بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ سالانی 2013-2018.......................................................................109

شێوەی 71: بەراوردی ڕووبەری گشتی بیناکراو (م$^2$) لە کاری بیناسازی دا لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان نێوان سالانی 2013-2018 ................................................................110

شێوەی 72: بەراوردی تێکرایی تێچووی خەملێنراو بۆ یەك م$^2$ لە کاری بیناسازیدا لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ سالانی 2013-2018.......................................................................111

# لیستی کورتکراوەکان

| لیستی کورتکراوەکان | | |
|---|---|---|
| SDG | Sustainable Development Goals | ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام |
| MICS4 | Multiple Indicators Cluster survey (MICS) round four | ڕووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر گەری چوارەم |
| MICS6 | Multiple Indicators Cluster survey (MICS) round six | ڕووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر گەری شەشەم |
| SWIFT | Survey of Well-Being via Instant, Frequent Tracking (SWIFT) for monitoring poverty | ڕووپێوی باری گوزەران لە ڕێگای بەدواداچوونی خێرا و دووبارەبۆوە بۆ چاودێریکردنی هەژاری |
| CFSVA | Comprehensive Food Security and Vulnerability Assessment | ڕووپێوی چاودێری ڕەوشی خۆراک |
| CHS | Continues Household Survey | ڕووپێوی باری ئابووری-کۆمەڵایەتی خێزانی بەردەوام |
| IHSES-2 | Household Socio-Economic Survey round tow | ڕووپێوی باری ئابووری-کۆمەڵایەتی خێزان گەری دووەم |
| SD | Standard Deviation | پێوەری لادان |

# دانیشتوان

دوایین سەرژمێریی گشتگیری عێراق لە ساڵی 1987 بوو و سەرژمێرییەکی تریش لە ساڵی 1997 ئەنجامدرا بەڵام پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی لەخۆ نەگرت و هەر بەم هۆیەشەوە بە سەرژمێرییەکی گشتگیر دانانرێت. بەپێی سەرژمێریی ساڵی 1987 ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان 1,910,905 کەس بووە. خاڵێکی سەرنجڕاکێش لە سەرژمێریی ساڵی 1987 ئەوەیە کە 120,199 کەس (70,503 لە رەگەزی نێر و 49,696 لە رەگەزی مێ) لە عێراق شوێنی نیشتەجێبوونیان دیار نەبووە. لە سەرژمێریی ساڵی 1997 ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان 2,861,690 کەس بووە، بەڵام لە سەرژمێریی گشتیی ساڵی 1997، بەهۆی ئەنجامنەدانی سەرژمێرییەکە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ژمارەی دانیشتوانی هەرێم لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی عێراقەوە خەمڵاندنی بۆ کراوە و ژمارەی راستەقینە نییە.

بەپێی ئەنجامەکانی پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانانی ساڵی 2009، (کە قۆناغی ئامادەکاری بوو بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی کە بڕیار بوو لە ساڵی 2010 ئەنجام بدرێت بەڵام بڕیارەکە هەڵوەشایەوە)، ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان 4,662,266 کەس بووە. بە پێی خەمڵاندنەکانی دەستەی ئاماری هەرێم ژمارەی دانیشتوانی هەرێم 6,033,814 کەس دەبێت لە ساڵی 2019 ئەوەش بەبێ ئاوارە و پەنابەرەکان کە دوای رووداوەکانی ساڵی ٢٠١٣ و بەدواوە هاتنە هەرێمی کوردستان.

## دابەشبوونی دانیشتوان

لە ساڵی 2017 رووپێویکی تێروتەسەڵی دیموگرافی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا کە چەند نیشاندەرێکی گرنگی دیموگرافی لە ئەنجامەکانیدا بەدیدەکرێن. یەکێك لەو نیشاندەرانە دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێمە بەپێی بابەتی جۆراوجۆر. لێرەدا ئاماژە بە دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێم بە پێی گرووپی تەمەن لە نێو رەگەز و هەروەها لە نێو رەگەز بە پێی گرووپی تەمەن دەدەین کە لە ئەنجامی رووپێوەکە بۆمان دەرکەوتووە. بەپێی ئەم ئەنجامە، کەسانی تەمەن 15-64 ساڵ (کە تەمەنی کارکردنە) زیاتر لە 61%ی دانیشتوانی هەرێم پێکدەهێنن. ئەم نیشاندەرە، کە نیشاندەرێکی زۆر گرنگە، ئەوە دەردەخات کە هەرێمی کوردستان لەبەردەم پەنجەرەی دیموگرافیدایە کە بە قۆناغی زێڕینی هەر وڵاتێك دادەنرێت لە رووی دیموگرافی و دانیشتوانەوە. ئەمەش

بەهۆی ئەوەی کە رێژەی دانیشتوان لە تەمەنی کارکردن لە بەرزترین ئاستەکانی خۆیدایە و زۆرترین هێز و توانای مرۆڤی لەبەردەستی پلاندارێژەران و سیاسەتدارێژەرانی وڵاتدایە. هەرچەندە زۆر هۆکاری جیاواز کاریگەرییان هەیە لەسەر ماوەی ئەم قۆناغە (بۆ نموونە رێژەی بەپیتی، ئاستی دۆخی تەندروستی، ئاستی کۆچکردن، هتد)، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ماوەکەی لە نێوان 30-40 ساڵدایە و دوای تەواوبوونیشی چەندین سەدەی تر پێویستە بۆ دووبارەبوونەوەی.

خشتەی 1 دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان نیشان دەدات بە پێی رەگەز لە نێو گروپەکانی تەمەن و هەروەها بەپێی گروپی تەمەن لە نێو هەردوو رەگەزەکەدا. شێوەی 1 دەتوانێت هاوکار بێت بۆ بەرچاوروونییەکی زیاتر لەبارەی دابەشبوونی دانیشتوان بەپێی گروپی تەمەن لە نێو هەردوو رەگەزی نێر و مێدا. خشتەی 2 دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێم و پارێزگاکانی دەردەخات بە پێی تەمەنەکانی پشتبەستن و کارکردن.

تەمەنی کارکردن 15 بۆ 64 ساڵ دەگرێتەخۆی و تەمەنی پشتبەستن ئەو تەمەنەیە کە لە دەرەوەی تەمەنی کارکردنە، واتە خوار 15 ساڵ و سەرووی 64 ساڵ.

خشتەی 1: دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەپێی گروپی تەمەن و رەگەز - 2017 (%)

| گروپی تەمەن | دابەشبوون لە نێو رەگەز بەپێی گروپی تەمەن | | | دابەشبوون لە نێو گروپی تەمەن بەپێی رەگەز | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ |
| **0-4** | 12.15 | 12.11 | 12.13 | 50.2 | 49.8 | 100 |
| **5-9** | 11.40 | 10.78 | 11.09 | 52.2 | 47.8 | 100 |
| **10-14** | 11.34 | 10.41 | 10.87 | 51.0 | 49.0 | 100 |
| **15-19** | 11.00 | 10.62 | 10.81 | 51.6 | 48.4 | 100 |
| **20-24** | 9.30 | 8.75 | 9.03 | 51.4 | 48.6 | 100 |
| **25-29** | 8.85 | 8.39 | 8.62 | 49.0 | 51.0 | 100 |
| **30-34** | 7.57 | 7.93 | 7.75 | 47.5 | 52.5 | 100 |
| **35-39** | 6.09 | 6.76 | 6.43 | 47.5 | 52.5 | 100 |
| **40-44** | 5.12 | 5.68 | 5.40 | 51.3 | 48.7 | 100 |
| **45-49** | 4.83 | 4.61 | 4.72 | 51.5 | 48.5 | 100 |
| **50-54** | 3.28 | 3.53 | 3.41 | 48.3 | 51.7 | 100 |

| گرووپی تەمەن | دابەشبوون لە نێو رەگەز بەپێی گرووپی تەمەن | | | دابەشبوون لە نێو گرووپی تەمەن بەپێی رەگەز | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ |
| **55-59** | 1.47 | 2.49 | 1.98 | 37.2 | 62.8 | 100 |
| **60-64** | 2.98 | 3.14 | 3.06 | 48.8 | 51.2 | 100 |
| **65-69** | 1.73 | 1.80 | 1.77 | 49.1 | 50.9 | 100 |
| **70-74** | 1.17 | 1.14 | 1.16 | 50.9 | 49.1 | 100 |
| **75-79** | .71 | .74 | .72 | 49.0 | 51.0 | 100 |
| **80-84** | .57 | .52 | .54 | 52.3 | 47.7 | 100 |
| **85+** | .44 | .59 | .51 | 42.9 | 57.1 | 100 |
| کۆ | 100 | 100 | 100 | 49.9 | 50.1 | 100 |

شێوەی 1: هەرەمی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان -2017



خشتەی 2: دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێم بەپێی پارێزگا و گروپەکانی تەمەنی کارکردن و کارنەکردن –2017 (%)

| پارێزگا | گروپی تەمەن | نێر | مێ | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 0-14 | 35.9 | 33.9 | 34.9 |
| | 15-64 | 60.2 | 61.7 | 60.9 |
| | 65+ | 3.9 | 4.4 | 4.2 |
| سلێمانی | 0-14 | 32.2 | 30.7 | 31.4 |
| | 15-64 | 62.0 | 63.5 | 62.8 |
| | 65+ | 5.8 | 5.8 | 5.8 |
| دهۆك | 0-14 | 37.8 | 36.8 | 37.3 |
| | 15-64 | 58.5 | 59.6 | 59.0 |
| | 65+ | 3.8 | 3.6 | 3.7 |
| هەرێم | 0-14 | 34.9 | 33.3 | 34.1 |
| | 15-64 | 60.5 | 61.9 | 61.2 |
| | 65+ | 4.6 | 4.8 | 4.7 |

## ڕێژەی ڕەگەز

نیشاندەری ڕێژەی ڕەگەز، بۆ دەرخستنی ئاستی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەکاردێت. هەروەك لە خشتەی 1 دەبیندرێت، لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی، لە نیشاندەری ڕێژەی ڕەگەز هاوسەنگی هەیە و نزیکەی نیوە بە نیوەیە بۆ هەردوو ڕەگەز. بەڵام ئەگەر سەیری ئەم نیشاندەرە بکرێت لە نێو گروپەکانی تەمەندا، بەئاسانی ئەوە دەبیندرێت کە ئەم هاوسەنگییە لە نێو گشت گروپەکانی تەمەندا نییە کە بەپێی خەسڵەتی هەندێك لە گروپەکانی تەمەن ئەمە شتێکی ئاساییە. لە گروپی تەمەنی 55-59 ساڵ، داکشانێکی لەناکاو لە ڕێژەی ڕەگەز دەبیندرێت کە ئەم داکشانە لە سەرژمێرییەکانی 1987 (لە گروپی تەمەنی 25-29) و 1977 (گروپی تەمەنی 15-19) ساڵیش دەبیندرێت بەڵام ئەم ناهاوسەنگییە لەم گروپی تەمەنە لە سەرژمێریی ساڵی 1965 نابیندرێت. ئەم کەمبوونەوەیەی ژمارەی پیاوان، بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەرێتەوە بۆ ئەو ڕووداوانەی کە لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و ساڵانی پێشووتر ڕوویانداوە و بوونەتە هۆی شەهید و ئاوارە بوونی ژمارەیەکی زۆری هاونیشتیمانییان.

# هێزی کار

گشت چەمك و پێناسەکانی تایبەت بە هێزی کار کە لە دەستەی ئاماری هەرێم کاریان پێدەکرێت و لە رووپێوی هێزی کاردا بەکارهاتوون، لە ستانداردەکانی رێکخراوی نێودەوڵەتیی کار (International Labor Organization - ILO) وەرگیراون. بەپێی ستانداردی رێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، تەمەنی کارکردن لە نێوان 15-64 ساڵ دیارکراوە، بەڵام بە رەچاوکردنی بارودۆخی کارکەرانی هەرێمی کوردستان کە لە دوای تەمەنی خانەنشینی هێشتا هەر بەردەوامن لە کارکردن و تەنانەت ئەوانەش کە لە کەرتی حکومی خانەنشین دەبن لە دوای ئەوە هەوڵی کارێکی تر دەدەن، بۆیە بۆ کارکەرانی هەرێمی کوردستان تەمەنی کارکردن لە 15 ساڵ و سەرووتر هەژمار کراوە. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت کە ئەم نیشاندەرانەی لەم بەشەدا هاتوون تایبەتن بە نیوەی دووەمی ئەو ساڵانەی کە ئاماژەیان پێکراوە، چونکە گشت ئەو رووپێوانەی ئەم نیشاندەرانەیان لێوەرگیراون لە نیوەی دووەمی ساڵەکان ئەنجامدراون بەڵام بە جیاوازی لە مانگەکاندا.

## دابەشبوونی دانیشتوان لە رووی ئابوورییەوە

**هێزی کار (کەسانی چالاك لەرووی ئابوورییەوە):** بەشداربووان لە هێزی کار گشت ئەو کەسانەن کە **لە تەمەنی کارکردندان** (واتە 15 ساڵ و سەرووترن)، **کارکەرن یان بێکارن و پێناسەی بێکاری دەیانگرێتەوە**. رێژەی دانیشتوانی بەشدار لە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان لە 2014 بریتی بووە لە 39.2% و نزیکەی 39% ی تۆمارکردووە لە ساڵی 2015 دا و لە ساڵی 2017 ئەم رێژەیە نزیکەی 40% بووە. بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە گۆڕانکارییەکی گرنگ و جێی سەرنج لە رێژەی بەشداربووان لە هێزی کاردا رووینەداوە.

**کەسانی دەرەوەی هێزی کار (ناچالاك لەرووی ئابوورییەوە):** گشت ئەو کەسانە دەگرێتە خۆی کە تەمەنییان لە تەمەنی کارکردن بچووکتر بێت واتە کەمتر بێت لە 15 ساڵان، یان لە تەمەنی کارکردندان، واتە 15 ساڵ و سەرووترن، بەڵام هەردوو پێناسەی کارکەر و بێکار نایانگرێتەوە. بە واتایەکی تر، گشت ئەو کەسانەی کە لە هێزی کاردا نین بە کەسانی ناچالاك لە رووی ئابوورییەوە دەناسرێن. کەسانی دەرەوەی هێزی کار ئەمانەن: ئەو کەسانەی تەنها دەخوێنن، تەرخانکراو بۆ کاری ناوماڵ، خەمسارد لە کارکردن، میوان، داماو/ بەساڵاچوو، خاوەن داهات/ خانەنشین.

ڕێژەی دانیشتوانی دەرەوەی هێزی کار (ناچالاك لە ڕووی ئابوورییەوە) لە هەرێمی کوردستان لە 2017 بریتی بووە لە 60.4%، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە ساڵانی 2015 و 2014 بریتی بووە لە 61% و 60.9%، بەریزبەند. لەبەر ئەوەی کەسانی ناچالاك تەواوکەری کەسانی چالاك لە ڕووی ئابوورییەوەن لە کۆی گشتی دانیشتوان و هەروەك لەسەرەوە باس کرا کە هیچ گۆڕانکارییەکی سەرنجڕاکێش لە ڕێژەی هێزی کاردا ڕووی نەداوە، بەم پێیەش دەکرێت هەمان تێگەیشتن بۆ کەسانی دەرەوەی هێزی کاریش دووبارە بکرێتەوە*.

*** بۆ ساڵانی 2014 و 2015 پشت بەستراوە بە ڕووپێوی هێزی کار و بۆ ساڵی 2017 پشت بەستراوە بە ڕووپێوی دیموگرافی**

خشتەی 3 و شێوەی 2 بەشێوەیەکی وردتر و بە پێی ڕەگەزی دانیشتوان ئەم دوو نیشاندەرە ڕوون دەکەنەوە.

خشتەی 3: تێکڕای دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتری ناوەوە و دەرەوەی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان بەپێی ڕەگەز بۆ ساڵانی 2014، 2015 و 2017 (%)

| ڕەگەز | ناچالاك | | | چالاك | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | **2014** | **2015** | **2017** | **2014** | **2015** | **2017** |
| نێر | 34.0 | 35.79 | 33.7 | 66.0 | 64.21 | 66.3 |
| مێ | 86.87 | 85.22 | 86.2 | 13.13 | 14.78 | 13.8 |
| کۆ | 60.82 | 61.02 | 60.4 | 39.18 | 38.98 | 39.60 |

شێوەی 2: دابەشبوونی دانیشتوانی ناوەوە و دەرەوەی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان بەپێی رەگەز بۆ ساڵانی 2014، 2015 و 2017 (%)




## بەشداریکردن لە هێزی کار بەپێی رەگەز

ئەگەر لە رووی رەگەزەوە سەیری رێژەکانی بەشداریکردن لە هێزی کار بکرێت، بەروونی دەردەکەوێت کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان بەشداریکردنی ئافرەتان و پیاوان لە هێزی کار و رێژەکە لەنێو پیاوان لە باشترین حاڵەتی بەشداریکردنی ئافرەت لە هێزی کاریشدا، زۆرتر لە چوار ئەوەندەی ئافرەتانە. لە هەرێمی کوردستان، رێژەی بەشداریکردنی ئافرەت لە هێزی کار یەکێکە لە نزمترین رێژەکانی ئەم نیشاندەرە لە ناوچەکەدا. هەر ئەمەش هاندەرێك بووە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکو بە هاوکاری لەگەڵ بانکی دەولی(World Bank) پرۆژەیەك ئامادە بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریکردنی ئافرەت لە هێزی کاردا و هەوڵ بدرێت بەربەستەکانی بەردەم ئەم بەشداریکردنە نەهێڵدرێن یاخود کەم بکرێنەوە. ئەم پرۆژەیە لە ساڵی 2018 دا بەشێوەیەکی ئەزموونی جێبەجێ کرا و چاوەڕێ دەکرێت دوای هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی قۆناغی ئەزموونیی پرۆژەکە، لە ساڵانی داهاتوو لە ئاستێکی فراوانتر و کاریگەرتر بەردەوامی بە پرۆژەکە بدرێت.

بە پێی ئەو ئەنجامانەی کە لەم قۆناغەی پرۆژەکە بەدەستهاتوون، 28% ئافرەتانی کارکەر لە کەرتی تایبەت کار دەکەن. هەروەها رێژەیەکی نزمی ئافرەتانی کارکەر لە شوێنی کارکردنیاندا خزمەتگوزاریی چاودێریکردنی منداڵ بەردەستە. هەر بەپێی ئەنجامەکان، 54% لەو ئافرەتانەی کارناکەن ئارەزووی کارکردنیان هەیە و 60% پێیان باشترە لە کەرتی حکومی کار بکەن.

خاڵێکی سەرنجڕاکێشی ئەنجامەکان ئەوەیە کە ئاستی خوێندن لەلای ئافرەتانی کارکەر نزیکەی دوو ئەوندەی ئاستی خوێندنی ئەو ئافرەتانەیە کە کار ناکەن.

هەروەك خشتە 3 و شێوەی 2 لە سەرەوە نیشاندەدەن، لە ساڵی 2015 دا گۆڕانکارییەکی هەرچەند کەم دەبیندرێت لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەت لە هێزی کار و ڕێژەکە نزیکەی 1.7 خاڵ بەرز بۆتەوە، بەڵام بۆ ساڵی 2017 ئەم ڕێژەیە دیسان بەرەو نزمبوونەوە ڕۆیشتووە. ئەکرێت یەکێك لە هۆکارەکانی بەرزبوونی ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەت لە هێزی کاردا لە ساڵی 2015 بۆ دەستپێکردنی قەیرانی دارایی لە ساڵی 2014 و راوەستانی پرۆژە ئابووری و ئاوەدانییەکان بگەڕێندرێتەوە و وێنای ئەوە بکرێت کە ئافرەتان هەوڵیانداوە ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە کە لە نێو خێزانەکاندا روویداوە و پیاوەکان بەهۆی قەیرانەکەوە کارەکانیان لەدەستداوە.

بۆ دەوڵەمەندتربوونی بابەتەکە، بەراوردێکی خێرای بەشداریکردنی ئافرەت لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ چەند وڵاتێکی تر دەکەین لە شوێنە جیاوازەکانی جیهان. دەکرێت ئاماژە بەچەند هۆکارێك بکرێت کە دەبنە هۆی بەشداریکردنی کاراتری ئافرەت لە هێزی کار لە هەر وڵاتێکدا، بۆ نموونە پەسەندبوونی کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە لەلایەن کۆمەڵگەوە، پێویستی ئافرەت بۆ پاڵپشتی کردنی خێزان لە رووی داراییەوە، ئارەزووی سەربەخۆبوون لە رووی داراییەوە لەلای ئافرەت، بوونی سیاسەتی یەکسانی کارکردن لەنێوان هەردوو رەگەز، دەستەبەرکردنی ئاسانکاری لەلایەن خاوەنکارانەوە بۆ ئافرەتانی کارکەر، کەمتربوونی ئەرکەکانی ماڵەوە و سووکبوونی ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری نێوماڵ لەلایەن ئافرەتەوە، هتد. بەڵام ئەم هۆکارانە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر ئاستی کاریگەرییان جیاوازە. ئەگەر سەیرێکی خشتەی 4 بکرێت لە خوارەوە بە روونی دەبیندرێت کە هەرچەندە وڵاتێکی وەکو ئیتاڵیا لەرووی گەشەسەندنەوە لە وڵاتە هەرە لەپێشەکانی جیهانە بەڵام ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەت لە هێزی کار لەم وڵاتەدا لە ئاستێکی بەرزدا نییە.

بەپێچەوانەوە، لە وڵاتانێکی وەك کوێت، ڤێتنام، تایلەند و یوگاندا کە بە وڵاتانی ناگەشەسەندوو یان وڵاتانی خەریکی گەشەسەندن ناو دەبردرێن، ڕێژەی بەشداریکردني ئافرەت لە هێزی کار لە ئاستێکی بەرزدایە. هەروەك لە خشتەکەشدا دیارە، ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەت لە کوردستان لە ئاستێکی زۆر نزمدایە و هەروەك لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا ئەم ئاستە نزمەی بەشداریکردن پاڵنەرێك بووە بۆ بانکی دەولی بۆ پاڵپشتی و هاوکاری کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دانان و

پەیڕەوکردنی چەند هەنگاوێك بۆ مەبەستی بەرزکردنی ئەم ڕێژەیە. لەم پێناوەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك سەرەتایەك و بە شێوەی ئەزموونی، پرۆژەیەکی چوار بەشی خستە بواری جێبەجێکردنەوە کە بەشەکانی بریتی بوون لە: 1) هەموارکردنی یاسای کار بەشێوەیەك کە هاوکار بێت بۆ هاندانی ئافرەتان بۆ بەشداریکردنێکی فراوانتر لە هێزی کار بەتایبەت لە کەرتی تایبەتدا، 2) ئەنجامدانی گفتوگۆ لە ڕێگای تەلەفۆنەوە لەگەڵ چەند ئافرەتێك کە بەدوای کاردا دەگەڕێن و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردران، بۆ ئەوەی لە هۆکارەکانی ویستی کارکردنیان و دەستنەکەوتنی کار بکۆڵدرێتەوە، 3) هاندانی کۆمپانیاکان بۆ بەکارخستنی چەند سیاسەتێکی خێزاندۆست بۆ ئەوەی هانی ئافرەتان بدرێت بۆ بەشداریکردنیان لە هێزی کار و، ئاسانکارییان بۆ بکات بە تایبەت بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت، 4) ئەنجامدانی رووپێوێکی مەیدانی ئاماری بۆ دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕێگرن لەبەردەم کارکردنی ئافرەت.

شێوەی 3 بەراوردێکی گرافیکی لە نێوان وڵاتانی نێو خشتەی 4 دا دەکات بۆ ئاستی بەشداریکردنی ئافرەت لە هێزی کار لە ساڵی 2017.

خشتەی 4: بەراوردی نێوان هەرێمی کوردستان و چەند وڵاتێکی تری جیهان بۆ ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەت لە هێزی کار لە ساڵانی 2014،2015 و 2017 (%)

| وولات | 2014 | 2015 | 2017 |
|---|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان | 13.13 | 14.78 | 13.8 |
| عێراق | 18.36 | 18.42 | 18.73 |
| تورکیا | 30,3 | 31,5 | 33,6 |
| ئێران | 13.68 | 15.15 | 16.84 |
| کوێت | 49.02 | 48.85 | 47.4 |
| سوید | 60.34 | 60.62 | 60.76 |
| ئەڵمانیا | 54.51 | 54.6 | 55.03 |
| ئیتالیا | 39.4 | 39.003 | 39.53 |
| ڤێتنام | 73.91 | 73.39 | 73.24 |
| مالیزیا | 49.95 | 50.32 | 50.79 |
| تایلەند | 62.46 | 60.96 | 60.47 |
| میسر | 22.52 | 22.22 | 22.18 |
| لیبیا | 25.87 | 25.77 | 25.81 |
| سودان | 23.48 | 23.62 | 23.63 |
| یوگاندا | 66.39 | 66.42 | 66.58 |

شێوەی 3: بەراوردکردنی ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەت لە هێزی کار لە ساڵی 2017 لە چەند وڵاتێکی جیهان (%)




## بەشداریکردن لە هێزی کار بە پێی پارێزگا

بەراوردی نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ هێزی کار، بوونی جیاوازییەکی سەرنجراکێش لە نێوان پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی لەگەڵ پارێزگای دهۆك دەخاتە ڕوو. ئەم جیاوازییە لە گشت ساڵەکاندا دەبیندرێت. سەرەڕای نەبوونی جیاوازییەکی ئەوتۆ لە ئاستی هەرێم و هەروەها لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی لە نێوان ساڵانی 2014، 2015 و 2017 دا، بەڵام، هەروەك لە خشتەی 5 دەبیندرێت، لە پارێزگای دهۆك ئاستی بەشداربووان لە هێزی کار لە ساڵی 2017 و دوای ڕوودانی قەیرانی دارایی تا ڕادەیەك بەرزبۆتەوە و بە هەڵکشانێکی دوو خاڵی گەیشتۆتە سەرووی 36%، کە ئەمە تەنانەت بەرزترە لە ئاستی ساڵی 2014. جیاوازیی نێوان پارێزگاکان و دووریی ئەم نیشاندەرە لە پارێزگای دهۆك لەگەڵ تێکڕای هەرێم لە شێوەی ژمارە 4 باشتر دەردەکەوێت.

خشتەی 5: تێکڕای دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتری بەشداربوو لە هێزی کار بەپێی پارێزگا (%)

| پارێزگا | 2014 | 2015 | 2017 |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 39.5 | 40. 0 | 39.5 |
| سلێمانی | 40.1 | 41.2 | 41.6 |
| دهۆك | 34.3 | 34.0 | 36.1 |
| هەرێمی کوردستان | 39.18 | 38.98 | 39.60 |

شێوەی 4: دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتری بەشداربوو لە هێزی کار بەپێی پارێزگا (%)




## دابەشبوونی هێزی کار

بەشداربووان لە هێزی کار، بەگشتی، بەسەر دوو گرووپدا دابەش دەبن کە بریتین لە کەسانی کارکەر و کەسانی بێکار بەڵام بە مەرجێك کە پێناسە و چەمکی بێکاری بیانگرێتەوە.

**کارکەر:** ئەو کەسەی تەمەنی 15 ساڵان یان سەرووتر بێت و بەشداریی کرد بێت لە کارێکی دیاریکراودا تەنانەت ئەگەر یەك کاتژمێریش بوو بێت لەو ماوە دیاریکراوەدا کە بە ماوەی پشتبەستن دەناسرێت. ئەم ماوەی پشتبەستنە لە وڵاتان بە پێی هەڵسەنگاندنیان بۆ بارودۆخەکەیان دیاری دەکرێت، بەڵام لە رووی ستانداردەکانی رێکخراوی نێودەوڵەتیی کار ( International Labor Organization - ILO)، یەك هەفتە بۆ ئەم ماوەیە دەستنیشان کراوە و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانیش پەیڕەوی کردووە. ئەم کارە دەکرێت بەپارە بێت، لە بەرامبەر شتێك بێت، بۆ خودی کەسەکە بێت، کارێکی بێپارە (بەخۆڕایی) بێت، کارێك بێت لە کێڵگە یان بەرژەوەندییەکی تری خێزانی، یان بە شێوەیەکی کاتی (بەهۆی نەخۆشی، پشوو، راوەستانی کاتی، یان هەر هۆکارێکی تر) نائامادە بێت لە کارێکدا. لێرەدا بابەتێکی تر دێتە پێش کە ئەویش کەرتی کارە و لە خوارەوە بە کورتی باس کراوە.

**کەرتی کار:** مەبەست خاوەندارێتی ئەو دامەزراوە یان ئەو شوێنەیە کە کەسێك کاری تێدا دەکات. لێرەدا ئاماژە بە دوو جۆر لە کەرتی کار دەدرێت:

1 - حکومی: ئەو دامەزراوە یان ئەو شوێنەی کە حکومەت خاوەنیەتی و ئەگەر یەك کەسیش هەر جۆرە کارێکی (کارگێڕی، ڕێکخستن، خزمەتگوزاری، هتد) تێدا بکات و حکومەت مووچەکەی بدات.

2 - تایبەت: دامەزراوە یان شوێنێکە کە خاوەندارێتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یەك یان چەند لایەن، یاخود کەسێك یان کەسانێك کە خەڵکی وڵاتەکەن یاخود خەڵکانێکی بیانین و نە بەڕێوەبردن و نە سەرمایەی دامەزراوەکە هیچ پەیوەندییەکی بە حکومەتەوە نییە. لەم ڕاپۆرتەدا، بۆ ئاڵۆزنەبوونی بابەتەکان و ئاسان هەزم کردنیان، گشت ئەو ئەرك و کارانەی کە دەکەونە دەرەوەی حکومەت و بە کەرتی حکومی هەژمار ناکرێن بە کەرتی تایبەت هەژمار کراون.

یەکێك لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتەوە بەرزبوونی ئاستی ڕێژەی کەسانی کارکەرە لە کەرتی حکومیدا. ئەم ڕێژە بەرزە لە کەرتی حکومی، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی سەرەکی بۆ نموونە، بوونی ئیمتیازاتی وەك خانەنشینی، بەخشینی زەویی نیشتەجێبوون و کەمبوونی کاتژمێرەکانی کارکردن و، هەروەها نەبوونی ئەو ئاستە بەرز و بەرفراوانەی کەرتی تایبەت کە بتوانێت خەڵکانێکی زۆر لە خۆی بگرێت و هاندەر بێت بۆ ڕوونەکردنی خەڵك لە کەرتی حکومی.

دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە 2014 و کەمبوونی توانای حکومەت بۆ دابینکردنی مووچە بۆ مووچەخۆرەکانی لە کاتی خۆیدا و دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێك و بەردەوامبوونی ڕەوشەکە، لە ساڵی 2017 دا، هەروەك لە خشتەی ژمارە 6 لە خوارەوە دەبیندرێت، ئاستی بەشداربووان لە هێزی کار کە لە کەرتی حکومیدا کار دەکەن بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو بە ڕادەیەکی کەم نزمبۆتەوە و کەرتی تایبەت گەشەیەکی بچووکی بە خۆیەوە بینیوە لە ڕووی ژمارەی ئەو کەسانەی کە تێیدا کار دەکەن

خشتەی 6: تێکڕای دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر لە هەرێمی کوردستان بەپێی کەرتی کار(%)

| کەرتی کار | 2014 | | | 2015 | | | 2017 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ |
| **حکومی** | 45.5 | 79.4 | 50.5 | 45.6 | 75.8 | 50.4 | 44.0 | 74.9 | 48.9 |
| **تایبەت** | 54.5 | 20.6 | 49.5 | 54.4 | 24.2 | 49.7 | 56.0 | 25.1 | 51.1 |

هەروەك لە خشتەی 6 دا دەبینیدرێت، ڕێژەی کارکردنی هێزی کاری هەرێمی کوردستان لە کەرتی حکومی لە ساڵی 2017 نزیکەی 49% بووە و بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی 2014 و 2015 دا کەمێك نزمبۆتەوە. ئەم ڕێژەیە لە ساڵی 2014 بریتی بووە لە 50.50% و هەروەها، بەنزیکەیی هەمان بەها، 50.4% ی تۆمارکردووە لە ساڵی 2015. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لە ساڵی 2017 ڕێژەی کارکردنی ڕەگەزی نێر لە کەرتی حکومی بریتی بووە لە 44% و ئەم نیشاندەرە نزیکەی 50% بووە لە هەردوو ساڵی 2014 و 2015. ئەمەش، بوونی قەیرانی ئابووری وایکردووە لە ساڵی 2017 ڕێژەی کارکردنی ڕەگەزی نێر لەم کەرتەدا بەراورد بە ساڵەکانی پێشووتر نزم ببێتەوە. ئەم ڕێژەیە بۆ ڕەگەزی مێ بەهەمان شێوەی ڕەگەزی نێر رووی لە نزمبوونەوە بووە و ڕێژەی کارکردنی ڕەگەزی مێ لە کەرتی حکومی لە ساڵی 2014 بریتی بووە لە 79.4%، 75.8% و 74.9% ی تۆمارکردووە لە 2015 و 2017 دا، بە ریزبەند.

ڕێژەی کارکردن لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان وردە وردە زیادیکردووە، لە 2014 و 2015 ڕێژەکە کەمترە لە 50% لە کاتێکدا کە 51.1% ی تۆمارکردووە لە 2017. کارکردن لە کەرتی تایبەت لە نێو ڕەگەزی نێر بەرزترە و 56% پێکدێنێت لە 2017 و ئەم ڕێژەیە بەرزترە لەوەی ساڵانی 2014 و 2015. بە هەمان شێوە لە 2015 و 2017 ڕێژەی کارکردنی ڕەگەزی مێ لە کەرتی تایبەت ڕووی لە زیادبوون کردووە کە بریتی بوون لە 24.2% و 25.1% بەریزبەند و ئەمەش بەرزبوونەوەیەکی سەرووی چوار خاڵی نیشان دەدات ئەگەر لەگەڵ ڕێژەکەی ساڵی 2014 بەراورد بکرێت کە بریتی بووە لە 20.6%. بە گشتی،

شێوەی 5: دانیشتوانی کارکەر تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر لە هەرێمی کوردستان بەپێی کەرتی کار(%)



لە کەرتی تایبەت، ڕێژەی کارکردن لە نێو ڕەگەزی نێر سەرووی دوو هێندە بەرزترە لە ڕێژەی کارکردن لە نێو ڕەگەزی مێ.*

**بێکار (بەپێی پێناسەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار):** ئەو کەسەیە کە لە تەمەنی کارکردندایە (15 ساڵ و سەرووتر) و بەهیچ شێوەیەك لەماوەی دیاریکراوی پشت پێبەستن لە هیچ جۆرە کارێکدا تەنانەت بۆ یەک کاتژمێریش کاری نەکردووە، بەڵام لەو ماوەیەدا ئامادەیی هەبووە بۆ کار کردن و بە شێوەیەك لە شێوەکانی وەکو خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، ناونووسین لە نووسینگەکانی بەکارخستن، پرسیار کردن لە خزم و دۆستان یان هەر شێوازێکی تر بەدوای کاردا گەڕاوە.

بێکاری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2015 بریتی بووە لە 13.5%، ئەمەش نزیکەی دوو ئەوەندەی ساڵی پێشووترە کە لەو ساڵەدا ڕێژەکە 7.1% بووە. بەپێی ئەم ئەنجامانە، دەردەکەوێت کە بارودۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی بەر لە 2015 کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر هەبوونی دەرفەتی کار بۆ هاووڵاتیان. بەرزبوونەوەی ئەم ڕێژەیە لە ساڵی 2015 ڕەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستانە لەسەر بازاڕی کار کە لە ساڵی 2014 ەوە لە هەرێمی کوردستان دەستیپێکردووە. دوای سێ ساڵ لە سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2017 دابەزیوە بۆ 10.1% کە ئەمە نیشانەیەکی دڵخۆشکەرە و ئاماژە بەکزبوونی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان و کاڵبوونەوەی کاریگەرییەکانی دەدات.**

ئەگەر لە خشتەی 7 لەسەر ئاستی پارێزگا بڕوانرێتە ڕێژەی ئەم نیشاندەرە، بە ڕوونی دیارە کە پارێزگای دهۆك بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە بەراورد بە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی لەو ساڵانەی کە لە خشتەکەدا هاتوون. بەڵام بابەتی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە سەرەڕای دابەزینی بەهای نیشاندەری بێکاری لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم نیشاندەرە لە پارێزگای دهۆك تەنانەت لە ساڵی 2017 شدا بەردەوامی بەبەرزبوونەوە داوە و ئەمە پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردنە لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

* سەرچاوە: ڕووپێوی هێزی کار، نیوەی دووەمی 2014 و ڕووپێوی هێزی کار نیوەی دووەمی 2015

** ڕووپێوی دیموگرافی 2017

خشتەی 7: ڕێژەی بێکاری بۆ دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر (%)

| پارێزگا | 2014 | 2015 | 2017 |
|---|---|---|---|
| **هەولێر** | 4.6 | 13.5 | 9.1 |
| **سلێمانی** | 7.6 | 13.1 | 9.2 |
| **دهۆك** | 8.0 | 14.4 | 15.7 |
| **هەرێمی کوردستان** | 7.1 | 13.5 | 10.1 |

شێوەی 6: ڕێژەی بێکاری بۆ کەسانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر بەپێی پارێزگا (%)




بۆ ئەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئاستی نیشاندەری بێکارییەوە ڕوونتر بکرێتەوە، ڕەنگە بەراوردێکی نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراق و چەند وڵاتێکی دەوروبەر هاوکار بێت بۆ ئەم مەبەستە. هەروەك لە خشتەی 8 دا دیارە، لە ساڵی 2014 بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە ڕووی نیشاندەری بێکارییەوە لە زۆربەی وڵاتانی دەوروبەری خۆی باشتر بووە و ئەمەش کاریگەریی ئەو هەوڵە ئاوەدانکردنەوەیە نیشان دەدات کە لە ساڵانی بەر لە قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەبووە. ئەوەی لە خشتەکەدا جێگەی سەرنجە ڕێژەی بێکارییە لە عێراق کە ڕێژەکە لە دوای وڵاتانی کوێت و سعودیە بە پلەی سێیەم دێت لە ڕووی نزمییەوە.

لەم خشتەیەدا، ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014 نزمترە لە وڵاتانی تر جگە لە هەردوو وڵاتی سعودیە و کوەیت کە بەریزبەند، 5.4% و 2.9% ڕێژەی بێکارییە لەم وڵاتانەدا. هەروەك لە خشتەکەدا روونە، ڕێژەی بێکاری لە وڵاتانی ئێران، تورکیا و ئوردن بەرزبوونەوەی تۆمار کردووە لە ماوەی ساڵانی 2014، 2015 و 2017 دا، بەڵام لە کوێت، میسر و هەرێمی کوردستان روو لە نزمبوون بووە.

خشتەی 8: بەراوردی نێوان هەرێمی کوردستان و چەند وڵاتێکی دەوروبەر بۆ ڕێژەی بێکاری لە ساڵانی 2014، 2015 و 2017 (%)

| ووڵات | 2014 | 2015 | 2017 |
|---|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان | 7.1 | 13.5 | 10.1 |
| عێراق | 8.2 | 8.1 | 8.2 |
| تورکیا | 9.9 | 10.3 | 10.9 |
| ئوردن | 11.9 | 13.1 | 14.9 |
| ئێران | 10.6 | 11.1 | 12.5 |
| کوێت | 2.9 | 2.2 | 2.1 |
| سعودیە | 5.4 | 5.4 | 5.5 |
| میسر | 13.1 | 13.1 | 12.1 |

شێوەی خوارەوە ئەم گۆڕانکارییانە بە شێوەیەکی ئاسانتر دەخاتە بەرچاو.

شێوەی 7: ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر بۆ ساڵانی 2014، 2015 و 2017 (%)



# پەروەردە

## پەیوەندیکردنی منداڵان بەخوێندن

یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگەکانی ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام SDG بریتییە لە ناردنی منداڵان بۆ خوێندنی سەرەتایی یان بنەرەتی کە یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکانی شیاو بۆ منداڵانی جیهان. فێربوون پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ نەهێشتنی هەژاری، بەهێزکردنی توانای ئافرەت، پاراستنی منداڵ لە کاری مەترسیدار و چەوساندنەوە و گێچەڵی سێکسی، برەودان بە مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری، پاراستنی ژینگە و ڕێکخستنی پلانی خێزانی. بەگشتی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامی نیشاندەرەکانی پەروەردە و فێرکردن دڵخۆشکەرن و داتاکان وا نیشاندەدەن کە خوێندن وەکو مافێکی سەرەتایی منداڵان دابین کراوە. گشت ئەم نیشاندەرانەی کە لەم خشتەی خوارەوە پیشاندراوە یەکێکن لە ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام (SDG).

خشتەی 9: بەراوردی نیشاندەری گرنگی بواری پەروەردە لە ساڵانی 2011 و 2018 (%)

| نیشاندەر | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆک | | هەرێم | | عیراق | | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | |
| ڕێژەی سافی قوتابیان کە لە تەمەنی قۆناغی سەرەتایین و لە پۆلی یەکەمی سەرەتایین | 88.6 | 94.3 | 97.3 | 97.1 | 90.4 | 91.8 | 92.2 | 94.4 | 84.4 | 86.5 | MICS4,MICS6 |
| ڕێژەی سافی منداڵان کە لە تەمەنی قۆناغی سەرەتایین و پەیوەندیان بە قۆناغی سەرەتایی یان ناوەندی کردووە | 94.7 | 95.1 | 98 | 97.9 | 95 | 95.7 | 96 | 96 | 90 | 91.6 | MICS4,MICS6 |
| ڕێژەی سافی منداڵان لە تەمەنی قۆناغی ناوەندین و پەیوەندییان بە قۆناغی ناوەندی یان بەرزتر کردووە | 69 | 66.6 | 79 | 76.4 | 66 | 68.9 | 72 | 70.2 | 49 | 57.4 | MICS4,MICS6 |

| نیشاندەر | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆک | | هەرێم | | عێراق | | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | |
| ڕێژەی سافی منداڵان لە تەمەنی قۆناغی ناوەندین و تا ئێستا لە قۆناغی سەرەتایی ماونەتەوە | 10.5 | 10.4 | 9.5 | 8.6 | 9.7 | 8.3 | 9.9 | 9.4 | 14 | 12 | MICS4,MICS6 |
| ڕێژەی تەواو کردنی قۆناغی سەرەتایی | 69.7 | 91.1 | 62 | 91.3 | 62 | 80.9 | 65 | 89.1 | 44 | 75.7 | MICS4,MICS6 |
| ڕێژەی تەواو کردنی قۆناغی ناوەندی | 89.8 | 62.8 | 77.2 | 72.4 | 82 | 62.6 | 82 | 65.9 | 80 | 46.6 | MICS4,MICS6 |
| ڕێژەی قوتابیان کە قۆناغی ئامادەییان تەواو کردووە | – | 66.8 | – | 65.9 | – | 57.3 | – | 64.5 | – | 44.3 | MICS6 |

**ڕێژەی سافی قوتابیان کە لە تەمەنی قۆناغی سەرەتایین و لە پۆلی یەکەمی سەرەتایین:** بریتییە لە ژمارەی منداڵانی تەمەنی قوتابخانەی سەرەتایی 6 تا 11 ساڵان کە لە ئێستادا دەچن بۆ قوتابخانەی سەرەتایی و لە پۆلی یەکەم دەوام دەکەن لەسەر ژمارەی سەرجەمی منداڵانی رووپێوکراو لە تەمەنی پۆلی یەکەمی قوتابخانەی سەرەتایی. ئەم ڕێژەیە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018 بەراورد بە ساڵی 2011 بەرزبۆتەوە لە 92.2% بۆ 94.4 % و لە هەمان کاتدا هەرێمی کوردستان بەراورد بە عیراق لە ئاستێکی باشی ئەم قۆناغەی خوێندنەدایە، لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمیش لە ساڵی 2018 ڕێژەکە زیادی کردووە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2011. هەروەك لە شێوەی (8) دیارە.

شێوەی 8: ڕێژەی سافی قوتابیان کە لە تەمەنی قۆناغی سەرەتایین و لە پۆلی یەکەمی سەرەتایین



**ڕێژەی سافی منداڵان کە لە تەمەنی قۆناغی سەرەتایین و پەیوەندیان بە قۆناغی سەرەتایی یان ناوەندی کردووە:** بریتییە لە ژمارەی سەرجەم مندالانی تەمەن 6 تا 11 ساڵان کە لە قوتابخانەی سەرتایین یان ناوەندیین لەسەر ژمارەی سەرجەمی منالآنی رووپێوکراو لە تەمەنی خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی. لە هەرێمی کوردستان هەڵێکی باش رەخساوە لە پەیوەندیکردنی منداڵانی ئەو تەمەنە بۆ قوتابخانە بە ڕێژەی 96% لە ساڵی 2018 بەبەراورد لەگەڵ عیراق بە ڕێژەی 91.6%. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ڕێژەکە بەرزە و بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2011 جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدینەکراوە. شێوەی (9) جیاوازییەکان دەخاتە روو.

شێوەی 9: ڕێژەی سافی منداڵان کە لە تەمەنی قۆناغی سەرەتایین و پەیوەندییان بە قۆناغی سەرەتایی یان ناوەندی کردووە




**ڕێژەی سافی منداڵان لە تەمەنی قۆناغی ناوەندین و پەیوەندییان بە قۆناغی ناوەندی یان بەرزتر کردووە:** بریتییە لە ژمارەی سەرجەم منداڵانی تەمەنی قۆناغی ناوەندی 12-14 ساڵان کە تۆمارکراون لە قوتابخانەی ناوەندی یان بەرزتر لەسەر ژمارەی دانیشتوان لە تەمەنی قۆناغی خوێندنی ناوەندی. پەیوەندیکردن بە قوتابخانەی ناوەندی لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2018 ڕێژەکەی 70.2% بووە بۆ منداڵانی تەمەن 12-14 ساڵان کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە بەبەراورد لەگەڵ عیراق کە ڕێژەکەی 57.4% ە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش ، پارێزگای سلێمانی ڕێژەی 76.4 % تۆمارکردووە کە نزمترە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2011 کە 79% بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم لە ساڵی 2018 و ڕێژەکە لە پارێزگای هەولێر بریتییە لە 66.6% و پارێزگای دهۆك 68.9% . هەروەك لە شێوەی (10) هاتووە.

شێوەی 10: ڕێژەی سافی منداڵان کە لە تەمەنی قۆناغی ناوەندین و پەیوەندیان بە قۆناغی ناوەندی یان بەرزتر کردوو




ژمارەی **ڕێژەی سافی منداڵان کە لە تەمەنی قۆناغی ناوەندین و تا ئێستا لە قۆناغی سەرەتایی ماونەتەوە:** بریتییە لە سەرجەم منداڵانی تەمەن 12-14 ساڵی کە لە قۆناغی سەرەتایی ماونەتەوە بە هەرهۆکارێك بێت (مانەوە لە خوێندن، درەنگ پەیوەندی کردن بەخوێندن، لەدەرەوەی خوێندن...) لەسەر ژمارەی منداڵانی رووپێو کراو کە لە تەمەنی خوێندنی قۆناغی ناوەندین لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018 بەبەراورد بە ساڵی 2011 بە ڕێژەی 0.5% کەمیکردووە واتە لە ساڵی 2018 ڕێژەی ئەو منداڵانەی لە تەمەنی خوێندنی قۆناغی ناوەندین و ئێستا لە قۆناغی سەرەتاییدان بریتییە لە 9.4% کە ئەمەش کەمترە لە عیراق کە ڕێژەکەی بریتییە لە 12%. شێوەی (11) تەواوی زانیارییەکان دەخاتە روو.

شێوەی 11: ڕێژەی سافی منداڵان کە لە تەمەنی قۆناغی ناوەندین و تا ئێستا لە قۆناغی سەرەتایی ماونەتەوە



**ڕێژەی تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی:** بریتییە لە ژمارەی سەرجەمی ئەو منداڵانەی کە لە کۆتا پۆلی قۆناغی سەرەتایی دەوام دەکەن (جگە لە دووبارە بووەکان) لە هەرتەمەنێکدا بن لەسەر ژمارەی سەرجەمی منداڵانی رووپێوکراو کە لە تەمەنی تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایین (کۆتا پۆلی سەرەتایی). لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی لە ساڵی 2018 ڕێژەکە بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە بەبەراورد بە ساڵی 2011, تەنانەت بەبەراورد لەگەڵ عیراقیش هەرێمی کوردستان ڕێژەکەی هەر بەرزە، بەشێوەیەک لە نێوان ساڵانی 2011 و 2018 ڕێژەکە بەرزبۆتەوە لە 65% بۆ 89.1% و لە عیراق لە 44% بۆ 74%. بەرزبوونەوەی ڕێژەکە نیشاندەرێکی دڵخۆشکەرە و ئاماژەیە بۆ دابینکردنی زیاتری بواری خوێندن بەبەراورد بە ساڵانی رابردوو هەروەك لە شێوەی (12) نیشاندراوە.

شێوەی 12: ڕێژەی تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی




**ڕێژەی تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی:** بریتییە لە ژمارەی سەرجەمی ئەو منداڵانەی کە لە کۆتا پۆلی قۆناغی ناوەندی دەوام دەکەن (جگە لە دووبارە بووەکان) لە هەرتەمەنێکدا بن لەسەر ژمارەی سەرجەمی منداڵانی رووپێوکراو کە لە تەمەنی تەواوکردنی قۆناغی ناوەندین (کۆتا پۆلی ناوەندی). لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی و عیراق بەگشتی بەبەراورد بە ساڵانی رابردوو ڕێژەکە دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. لە نێوان ساڵانی 2011 و 2018 لە هەرێمی کوردستان ڕێژەکە لە 82% بۆ 65.9% و لە عیراق ڕێژەکە لە 80% بۆ 46.6% دابەزیوە. شێوەی (13) بەروادری ڕێژەی تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی لە هەرێم و پارێزگاکانی لەگەڵ عیراق پیشاندەدات.

شێوەی 13: ڕێژەی تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی




**ڕێژەی قوتابیان کە قۆناغی ئامادەییان تەواو کردووە:** بریتییە لە ژمارەی سەرجەم ئەو قوتابییانەی کە لە کۆتا پۆلی قۆناغی ئامادەیی دەوام دەکەن (جگە لە دووبارە بووەکان) لە هەرتەمەنێکدا بن لەسەر ژمارەی سەرجەمی قوتابیانی رووپێوکراو کە لە تەمەنی تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی (کۆتا پۆلی ئامادەیی). ئەم نیشاندەرە تازەیە و لە گەڕی پێشوی رووپێوی هێشویی فرەنیشاندەر کە لە ساڵی 2011 ئەنجامدرا نەبوو، بەڵام بەمەبەستی بەردەستکردنی زانیاری زیاتر بۆ ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام SDG بواری ئەوە ڕەخسا لە ساڵی 2018 لە خولی شەشەمی رووپێوەکە ئەم نیشاندەرە بە دەستبهێنین. لە هەرێمی کوردستان بەرێژەی 64.5% قوتابیان قۆناغی ئامادەییان تەواو کردووە و لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم, پارێزگای هەولێر بەرێژەی 66.8% بەپلەی یەکەم دێت و دواتر پارێزگای سلێمانی 65.9% بە پلەی دووەم و پارێزگای دهۆك رێژەکەی نزمترە لە هەردوو پارێزگاکەی تر بریتییە لە 57.3%. لە عیراق بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان رێژەکەی کەمترە بریتییە لە 44.3%. هەروەك لە شێوەی (14) خوارەوە هاتووە.

شێوەی 14: ڕێژەی قوتابیان کە قۆناغی ئامادەییان تەواو کردووە بۆ ساڵی 2018



خشتەی 10: بەراوردی ڕێژەی خوێندەواری بەپێی ڕەگەز لە هەرێمی کوردستان  بۆ ساڵانی 2016 و 2018 (%)

| نیشاندەر | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆک | | هەرێم | | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2016 | 2018 | 2016 | 2018 | 2016 | 2018 | 2016 | 2018 | |
| خوێندەواری: نێر تەمەن 15-24 | 95.9 | 97.8 | 95.5 | 96.8 | 92.7 | 93.6 | 94.9 | 96.3 | SWIFT,CFSVA |
| خوێندەواری: مێ تەمەن 15-24 | 92.1 | 96.1 | 94.8 | 98.5 | 90.7 | 92.6 | 92.9 | 96.2 | SWIFT,CFSVA |
| نەخوێندەواری:نێر تەمەن 15-24 | 4.1 | 2.2 | 4.5 | 3.2 | 7.3 | 6.4 | 5.1 | 3.7 | SWIFT,CFSVA |
| نەخوێندەواری:مێ تەمەن 15-24 | 7.9 | 3.9 | 5.2 | 3.9 | 9.3 | 7.4 | 7.1 | 3.8 | SWIFT,CFSVA |

**خوێندەواری** : پێوەرێکی بنەڕەتییە بۆ زانینی ئاستی ئامادەباشی کۆمەڵگا بۆ ژیانێکی سەرکەوتوو و دۆزینەوەی کار. بەگشتی لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی خوێندەواری بۆ هەردوو ڕەگەز لە گروپی تەمەن 15-24 ساڵی لە ئاستێکی بەرزدایە  لە ساڵی 2016 ڕێژەی خوێندەواری ڕەگەزی نێر لە گروپی تەمەن 15-24 ساڵی 94.9% و ڕێژەی خوێندەواری ڕەگەزی مێ لە گروپی تەمەن 15-24  ساڵی  92.9%ە. بەراورد بە ساڵی  2018، ئەم ڕێژانە بەرزبۆتەوە بەشێوەیەک کە  ڕێژەی خوێندەواری ڕەگەزی نێر لە گروپی تەمەن 15-24 ساڵی بووەتە 96.3% و ڕێژەی خوێندەواری ڕەگەزی مێ لە هەمان گروپی تەمەن گەیشتووە 96.2% .لەسەر ئاستی پارێزگاکان ڕێژەکان بەرزن و جیاوازییەکی کەم بەدیکراوە، بۆ بینینی جیاوازی  نێوان ساڵانی 2011 و 2018 لە پارێزگاکان و هەرێم سەیری شێوەی (15) بکە.

شێوەی 15: ڕێژەی خوێندەواری لە گروپی تەمەن 24-15 ساڵی بەپێی ڕەگەز




**نەخوێندەواری** : بەگشتی لە هەرێمی کوردستان، ڕێژەی نەخوێندەواری بۆ هەردوو ڕەگەز لە گروپی تەمەن 24-15 ساڵی لەئاستێکی نزم دایە کە لە ساڵی 2016 ڕێژەی نەخوێندەواری ڕەگەزی نێر لە گروپی تەمەن 24-15 ساڵی 5.1% و ڕێژەی نەخوێندەواری ڕەگەزی مێ لە گروپی تەمەن 24-15 ساڵی 7.1%ە. بەراورد بە ساڵی 2018 ئەم ڕێژانە نزمبوونەوەی زیاتری بەخۆوە بینیوە کە ڕێژەی نەخوێندەواری ڕەگەزی نێر لە گروپی تەمەن 24-15 ساڵی بووەتە 3.7% و ڕێژەی نەخوێندەواری ڕەگەزی مێ لەهەمان گروپی تەمەن 3.8% یە. لەسەر ئاستی پارێزگاکان ، بۆ بینینی جیاوازی ڕێژەی نەخوێندەواری بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە نێوان سالانی 2016 و 2018 سەیری شێوەی (16) بکە.

شێوەی 16 : ڕێژەی نەخوێندەواری لە گروپی تەمەن 24-15 ساڵی بەپێی ڕەگەز



## هەژاری

خشتەی 11: ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان و عیراق بۆ ساڵانی 2014 و 2018 (%)

| نیشاندەر | SDG/CI | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | هەرێم | عیراق | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی هەژاری لە ساڵی 2014 بە گشتی (خۆجێی+ ئاوارە+ پەنابەرە) | SDG | - | - | - | 12.5 | 22.5 | CHS 2014 |
| ڕێژەی هەژاری لە ساڵی 2014 تەنها بۆ دانیشتوانی خۆجێی | SDG | 1.5 | 1.2 | 12.4 | 4.7 | - | CHS 2014 |
| ڕێژەی هەژاری لە ساڵی 2018 بە گشتی (خۆجێی+ ئاوارە+ پەنابەرە) | SDG | - | - | - | 5.5 | 18 | SWIFT-2018 |
| ڕێژەی هەژاری لە ساڵی 2018 تەنها بۆ دانیشتوانی خۆجێی | SDG | - | - | - | 4.5 | - | SWIFT-2018 |
| ناوەندی داهاتی مانگانەی وەرگیراو هەر تاکێک لە ساڵی 2014 (هەزار دینار) | - | 306.6 | 434.5 | 276.6 | 344 | 261* | CHS-2014 |
| ناوەندی خەرجی مانگانەی هەر تاکێک لە ساڵی 2014(هەزار دینار) بە پێی نرخی کرین | | 497.3 | 674.1 | 429.1 | 471.3 | - | CHS-2014 |

*تێکڕای داهاتی تاک تەنها لە ١٣ پارێزگا لە عیراق

نیشاندەرەکانی هەژاری چەند پێوەرێکی دارایی لەخۆدەگرێت بۆ هەژاری و نایەکسانی. ئەم نیشاندەرانە پشت دەبەستن بە داتای ڕووپێوی خێزان بۆ دەرهێنانی پێوەری خەرجییەکانی خێزان، کە ئاماژەیە بۆ داهاتی خێزان. بۆ مەبەستی نوێکردنەوەی ڕێژەی هەژاری لە عیراق و هەرێم کوردستان، ڕووپێوی کۆمەڵایەتی-ئابووری خێزانی بەردەوام لە عیراق 2014 ( Continues Household Survey) ئەنجامدرا بۆ ماوەی یەک ساڵی تەواو. چونکە ژمارەی خێزانەکانی ئەم ڕووپێوە بە شێوەی سامپلی بچووککراو بوو، بۆیە بۆ هەژمارکردنی هێڵی هەژاری پشت بەسترا بە هێڵی هەژاری هەژمارکراو لە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی–ئابووری خێزان لە ساڵی 2012. هێڵی هەژاری لە ساڵی 2012 بە 105500 دیناری عیراقی خەملێنرا بۆ خەرجی هەر تاکێک لە ماوەی مانگێکدا لەسەر ئاستی نیشتمانی لە عیراق. بەپێی ڕێژەی هەڵاوسان لە ساڵی 2018 هێڵی هەژاری بە بڕی 110880 دیناری عیراقی خەملێنرا بۆ خەرجی هەر تاکێک لە ماوەی مانگێکدا. بەپێی ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە، بۆ خێزانەکانی خۆجێیی لە ساڵی 2014 ، ڕێژەی هەژاری بۆ 4.7 % بەرز بووە بەبەراورد بەڕێژەی هەژاری لە ساڵی 2012 کە 3.5 % بوو. لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو هەرێمی کوردستان

تووشی چەندین قەیران بووە لەوانە بڕینی بوودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵی, دابەزینی نرخی نەوت, هاتنە بەر لێشاوی ئاوارەکانی دەرەوەی هەرێم و پەنابەرە سووریيەکان کە کاریگەری راستەخۆی کردۆتە سەر بژێوی ژیانی هاوڵاتیان. لە دەرئەنجامی ئەم قەیرانانەی کە هەرێم دووچاری بوو رێژەی هەژاری لە هەرێم بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بۆوە بۆ 12.5% لە ساڵی 2014.

دوايين مەزندەی رێژەی هەژاری لە رووپێوی خێرای باری گوزەرانی خێزان لە هەرێمی کوردستان کراوە کە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سەپێنراوی داعش و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی خۆیان و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان بوو کە بووە هۆی بوژانەوەی کەرتی ئابووری و دارایی لە هەرێم، کاریگەری راستەوخۆی هەبووە لەسەر رێژەی هەژاری کە بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی بۆ 5.5 % لە ساڵی 2018.

شێوەی 17: رێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان وعیراق




لە شێوەی (17) رێژەی هەژاری لە هەرێم و پارێزگاکانی ناوچەکانی باکوور, ناوەند و باشووری عیراق لە ماوەی ساڵانی 2007 تاکو 2018 پیشان دەدات. لە دوای ساڵی 2014، هەرێمی کوردستان لە رووی دیموگرافی گۆڕانی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە لە ژمارەی دانیشتوان کە باوەشی بۆ زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو ئاوارە و پەنابەر کردۆتەوە. رێژەی هەژاری لە 3.5 % لە ساڵی 2012 بەرزبووە بۆ 12.5% لە ساڵی 2014 و لە هەمان کاتدا رێژەی هەژاری لە ناوچەکانی تری عیراقیش بەرز بووە لە باکوور لە 22.3%بۆ 27.5 % و لە ناوچەکانی ناوەند لە 15.8% بۆ 18.6%، بەڵام لە ناوچەکانی باشوور رێژەی هەژاری کەمی کردبوو بەم شێوەیە لە 33.6% بۆ 31.5 %. بەپێی ئەنجامەکانی رووپێوی بەردەوامی خێزان لە ساڵی 2014 توانرا رێژەی هەژاری لە هەرێم بە ئاوارە و بێ ئاوارەکان هەژمار

بکرێت و هەروەک لە شێوەییەکەدا دەرکەوتووە کە ڕێژەی هەژاری لەناو ئاوارەکاندا زۆر بەرزترە لە دانیشتووانی خۆجێی هەرێم، بۆیە ڕێژەی هەژاری هەرێم بەبێ ئاوارەکان 4.7 %ە بەڵام بە ئاوارەکانەوە بوو بە 12.5%. لە دوایین ڕووپێو کە ڕووپێوی خێرای باری گوزەرانی خێزانە لە ساڵی 2018، خەملاندنی ڕێژەی هەژاری لەسەر ئاستی عیراق بەگشتی و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تری عیراق دیاریکراوە بەهۆی نەبوونی بودجەی پێویست. هەر بەهۆی نەبوونی بوودجە ڕووپێوەکە تەنها بۆ ماوەی یەک مانگ و ژمارەی خێزانەکانی نموونە لە ڕووپێو بچووک کران بۆ دەستکەوتنی زانیاری ورد لە خەرجییەکانی خێزان لە هەر 12 مانگی ساڵدا. لەم ڕووپێوەدا بۆ هەژمارکردنی هێڵی هەژاری وەک ڕووپێوی بەردەوام لە ساڵی 2014 پشت بەسترا بەهەمان هێڵی هەژاری ساڵی 2012 لە ڕووپێوی ئابووری و کۆمەڵایەتی خێزان (IHSES-II) بەگوێرەی ڕێژەی هەڵاوسان لە ساڵی 2018. شێوەی (17) نیشان دەدات کە ڕێژەی هەژاری لە ساڵی 2018 بۆ گشت دانیشتوانی هەرێم بە ئاوارە و پەنابەرەکانە بۆ 5.5% دابەزیوە کە ڕێژەکە تەنها بۆ دانیشتوانی خۆجێی 4.5% ە. ڕێژەی هەژاری لەسەر ئاستی عیراق بەگشتی دابەزیوە بۆ 18% و هەروەها لە ناوچەکانی تری عیراقیش بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە بەشێوەیەک کە ناوچەی پارێزگاکانی ناوەند دابەزیوە بۆ 11.5%, ناوچەی پارێزگاکانی باشوور بۆ 31.1%، بەڵام لە ناوچەی پارێزگاکانی باکوور زیادی کردووە بۆ 27.5% .

ڕێژەی هەژاری لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم لە ساڵی 2014 جیاوازی بەرچاو بەدیدەکرێت لە دابەزینی ڕێژەکە جگە لە پارێزگای دهۆک بە پێچەوانە زیادی کردبوو و زۆرترین ڕێژەی تۆمارکردبوو (12.4%) و بەراورد بە هەولێر (1.4%) و پارێزگای سلێمانیە (1.2%) کە کەمترین ڕێژەی تۆمارکردبوو هەروەک لە شێوەی (18) ڕوونکراوەتەوە

شێوەی 18: ڕێژەی هەژاری بەپێی پارێزگاکانی هەرێم و ئاوارەکان لەسەر ئاستی هەرێم



# باری خۆراکی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ

باری خۆراکی منداڵ وەڵامدانەوەی تەواوی تەندروستی منداڵە. کاتێك منداڵان خۆراکی تەواویان پێدەدرێت دووچاری نەخۆشبوونی دووبارە نابنەوە و باش چاودێری دەکرێن، بەم شێوەیە دەگەن بە هۆکارەکانی گەشە کردن . بەدخۆراکی بەستراوە بە زیاتر لە نیوەی حاڵەتەکانی مردنی منداڵ لە سەرانسەری جیهان. ئەگەری زۆری هەیە ئەو منداڵانەی توشی بەدخۆراکی دەبن بمرن بەهۆی نەخۆشییە باوەکانی منداڵان و ئەوانەی کە دەژین بەردەوام توشی نەخۆشی دەبن و گەشەکردنیان ناهەموار دەبێت. سێ چارەگی منداڵان کە بەهۆکاری پەیوەست بە بەدخۆراکی دەمرن تەنها بە رادەیەکی کەم یان مامناوەند بەدخۆراکیان هەبووە - هیچ هێمایەکی دیار لە بوونی مەترسی لەسەر ژیانیان نەدراوە. یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام کەمکردنەوەی رێژەی ئەو خەڵکانەیە کە بەدەست برسێتیەوە دەناڵێنن لە نێوان 2015 و 2030 بۆ نیوە. کەمکردنەوەی بەربڵاوی بەدخۆراکی یارمەتیدەر دەبێت لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی کەمکردنەوەی مردنی منداڵ. لە خشتەی (12) هەندێك نیشاندەری گرنگی رەوشی خۆراك لە نێوان ساڵانی 2011 و 2018 پیشاندراون کە لە نیشاندەرە گرنگەکانی ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام (SDG) ئەژمار دەکرێن.

خشتەی 12: باری خۆراکی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵی لە ساڵانی 2011 و 2018 (%)

| نیشاندەر | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆک | | هەرێم | | عیراق | | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | |
| کێشسووکی مامناوەند | 9.7 | 1.3 | 4.1 | 2.4 | 5.9 | 3.5 | 6.7 | 2.1 | 8.5 | 2.9 | MICS4,MICS6 |
| کێشسووکی دژوار | 6.4 | 0.3 | 1.8 | 1.0 | 3.3 | 0.8 | 3.9 | 0.6 | 3.7 | 0.8 | MICS4,MICS6 |
| دواکەوتنی گەشە (مامناوەند) | 17.5 | 4.4 | 10 | 5.0 | 19 | 6.1 | 15.4 | 4.9 | 22.6 | 9.9 | MICS4,MICS6 |
| دواکەوتنی گەشە دژوار | 7.7 | 1.5 | 3.6 | 1.0 | 7.1 | 1.5 | 6.1 | 1.3 | 9.9 | 3.2 | MICS4,MICS6 |
| لاوازی مامناوەند | 7.2 | 1.1 | 3.4 | 3.4 | 4 | 1.8 | 5 | 1.8 | 7.4 | 2.5 | MICS4,MICS6 |
| لاوازی دژوار | 4.2 | 0.0 | 1.6 | 1.1 | 2 | 0.2 | 2.6 | 0.4 | 3.6 | 0.8 | MICS4,MICS6 |
| قەڵەوی مامناوەند | 10.2 | 5.7 | 10.9 | 4.0 | 12.5 | 5.1 | 11.1 | 5.1 | 11.8 | 6.6 | MICS4,MICS6 |

**کێششووکی مامناوەند و دژوار**: کێششووکی مامناوەند بریتییە لە رێژەی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ کە کێشیان دوو پێوەری لادان (SD) کەمترە لە تێکڕای کێشی کۆمەڵەی سەرچاوەی هاوتەمەن. **کێشسوکی دژوار** بریتییە لە رێژەی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ کە کێشیان سێ پێوەری لادان (SD) کەمترە لە تێکڕای کێشی کۆمەڵەی سەرچاوەی هاوتەمەن. لە هەرێمی کوردستان2.1%ی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ کێششووکی مامناوەندییان هەیە و 0.6% کێششووکی دژواریان هەیە. ئەمە بەشێوەیەکی بەرچاو نزمترە لە رێژەی عیراق بەگشتی کە رێژەی کێششووکی مامناوەند 2.9% و کێششووکی دژواردا 0.8% ە. ئەم رێژانە لە ساڵی 2018 نزمبوونەوەیەکی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیوە بەراورد بە ساڵی 2011 لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عیراق بەگشتی هەروەك لە شێوەی (19) پیشاندراوە.

شێوەی 19: بەراوردی رێژەی کێشسوکی مامناوەندو دژوار لە ساڵانی 2011 و 2018




**دواکەوتنی گەشەی مامناوەند و دژوار**: دواکەوتنی گەشە ئەنجامی بەدخۆراکی درێژخایەنە. هۆکارە سەرەکییەکەی وەرنەگرتنی خۆراکی گونجاوە بۆ ماوەیەکی زۆر یان نەخۆشی دووبارەبووەکان یان درێژخایەن. **دواکەوتنی گەشەی مامناوەند** بریتییە لە رێژەی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ کە باڵایان دوو پێوەری لادان (SD) کورتترە لە تێکڕایی باڵای کۆمەڵەی سەرچاوەی هاوتەمەن. **دواکەوتنی گەشەی دژوار** بریتییە لە رێژەی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ کە باڵایان زیاتر لە سێ پێوەری لادان (SD) کورتترە لە تێکڕایی باڵای کۆمەڵەی سەرچاوەی هاوتەمەن. لە هەرێمی کوردستان 4.9%ی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ دواکەوتنی گەشەی مامناوەندییان هەیە و 1.3% دواکەوتنی گەشەی دژواریان هەیە. ئەم رێژانە زۆر کەمترن لە تێکڕای

عیراق کە بەرێژەی 9.9% دواکەوتنی گەشەی مامناوەند و 3.2% دواکەوتنی گەشەی دژواریان هەیە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان  لە ساڵی 2018 بەراورد بە ساڵی 2011، ڕێژەکان زۆر دابەزیون تەنانەت لەسەر ئاستی عیراقیش بەگشتی هەروەك لە شێوەی (20) پیشاندراوە.

شێوەی 20: بەراوردی ڕێژەی دواکەوتنی گەشەی مامناوەند و دژوار لە ساڵانی 2011 و 2018




**لاوازی مامناوەند و دژوار: لاوازی مامناوەند** بریتییە لە ڕێژەی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ کە کێشیان بەپێی باڵایان زیاتر لە دوو پێوەری لادان (SD) لە خوارووی ناوەندی کێشی  کۆمەڵەی سەرچاوەی هاوتەمەنە. **لاوازی دژوار** بریتییە لە ڕێژەی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ کە کێشیان بەپێی باڵایان زیاتر لە سێ پێوەری لادان (SD) لە خوارووی ناوەندی کێشی کۆمەڵەی سەرچاوەی هاوتەمەن. لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی 1.8%ی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵ لاوازیان هەیە لە کێش بە ڕادەیەکی مامناوەند و 0.4 % لاوازیان هەیە لە کێش بەرادەیەکی دژوار. ئەم ڕێژانە زۆر کەمترن لە تێکڕای ڕێژەکە لە عیراق کە بەرێژەی 2.5% لاوازی مامناوەند و 0.8% لاوازی دژواریان هەیە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018 بەراورد بە ساڵی 2011، ڕێژەکان زۆر دابەزیون تەنانەت لەسەر ئاستی عیراقیش بەگشتی هەروەك لە شێوەی (21) پیشاندراوە.

شێوەی 21: بەراوردی ڕێژەی لاوازی مامناوەند و دژوار لە ساڵانی 2011 و 2018




**قەڵەوی (کێش زۆری):** بریتییە لە ڕێژەی سەدی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵی کە کێشیان دوو پێوەری لادان (SD) زۆرترە لە تێکڕایی کێشی کۆمەڵەی سەرچاوەی هاوتەمەن، واتە کێشیان زیاترە لە منداڵانی هاوشێوەی خۆیان لەهەمان تەمەندا کە ئەمەش منداڵان تووشی چەندین کێشەو ئاستەنگ دەکاتەوە لە ڕووی تەندروستییەوە. لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 5.1% منداڵان قەڵەوی مامناوەندییان هەیە و ئەم ڕێژەیە کەمترە لە عێراق بەگشتی کە بریتییە لە 6.6% . لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێم و عێراق بەگشتی بۆ ساڵی 2018 بەراورد بە ساڵی 2011 ڕێژەکان زۆر دابەزیون هەروەك لە شێوەی (22) پیشاندراوە.

شێوەی 22: بەراوردی ڕێژەی قەڵەوی مامناوەند لە ساڵانی 2011 و 2018



## ڕەوشی خێزانەکان لەڕووی ئاسایشی خۆراک

یەکێک لە پێوەرە هەرەگرنگەکانی گوزەرانی خێزان بریتییە لە ڕەوشی خۆراک کە بە هەبوونی خۆراك و دەستگەیشتن پێی پێناسەکراوە. خێزانێك ئەوکاتە لەباری ئاسایشی خۆراکیدایە کە ئەندامانی لە برسێتیدا نەژین و ترسیان لە برسی بوون نەبێت. بەپێی شیکردنەوەی ستانداردی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی ڕەوشی خێزانەکان بەسەر سێ گروپی سەرەکی پۆلین کراون (ئاسایشی خۆراك ، لاوازی بەرامبەر نائاسایشی خۆراك و نائاسایشی خۆراك). ئەم سێ نیشاندەرەی خوارەوە بە گرنگترین نیشاندەرەکانی باری گوزەران دادەنرێت لە ڕووی ئاسایشی خۆراکی خێزانەکان. ئەم نیشاندەرانە لە ڕووپێوی چاودێری ڕەوشی خۆراک (CFSVA ) بەدەستهاتوون.

**ئاسایشی خۆراك (Food Security):** هەلی ڕەخساو بۆ هەر مرۆڤێک لەهەموو کاتێک لەسەرچاوەی ماددی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ دابین کردنی خۆراکی تەواو و تەندروست کە گونجاو بێت لەگەڵ پێویستی و ئارەزوویان بۆ بەردەوام بوونی ژیانێکی چالاک و تەندروست.

**لاوازی بەرامبەر بە نائاسایشی خۆراك ( Vulnerablity to food insecurity):** بەکاربردنی کەمترین خۆراکی پێویست بەبێ پەنابردن بۆ ستراتیجی چارەسەرکردنی ئاستەنگەکان ; نەبوونی توانای تەواو بۆ کڕینی هەندێک لە کەل و پەلە ناخۆراکییەکان.

**نائاسایشی خۆراك (Food Insecurity):** نەبوونی توانا بۆ بەکاربردنی خۆراک و هەروەها لەدەستدانی سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی بژێوی ژیان لە ڕووی کارکردن و خاوەندارییەتی.

**ئاسایشی خۆراك (Food security ):** لە هەرێمی کوردستان بەرێژەی 38.5% خێزانەکان لە ئاسایشی خۆراکن لە ڕووی بەدەست گەیشتن و بەکارهێنانی خۆراک و پێداویستییە خۆراکیەکانیان ( Food Secure ) بەبەراورد لەگەڵ عیراق بەرێژەی 44.3% . ڕێژەی نزمی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ بوونی قەیرانی دارایی کە لە سەرەتای ساڵی 2014 لە هەرێمی کوردستان و شەری نەخوازراوی داعش و هاتنی زۆری ئاوارەکانی پارێزگاکانی

تری عیراق بۆ هەرێمی کوردستان و دابەزینی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان و بڕینی بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە. ئەمانە هەمووی هۆکار بوون کە هەرێمی کوردستان رووبەڕووی ئەو ئاستەنگانە بێتەوە لەرووی بەدەستهێنانی خۆراک. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، لە پارێزگای هەولێر بە رێژەی 47.6% خێزانەکان لە ئاسایشی خۆراکدان بەرامبەر بە پارێزگای دهۆک بەرێژەی 35.2% و پارێزگای سلێمانی بەرێژەی 32.9%.

**لاوازی بەرامبەر نائاسایشی خۆراک (Vulnerablity to food insecurity):** ئەم نیشاندەرە رەوشی خێزانەکان لەرووی دەست گەیشتن بە خۆراکەوە نیشان دەدات کە کاریگەری زیاتری هەبووە لەسەریان بەجۆرێک کە خێزانەکانی ئەم گروپە توانای بەرگریکردنیان نەماوە و ئەگەر تووشی شۆک یان هەر ئاستەنگێکی تر ببنەوە لە رووی دەستگەیشتنیان بە پێداویستییە خۆراکیەکانیان راستەوخۆ دەگوازرێنەوە بۆ گروپی نائاسایشی خۆراک. لە هەرێمی کوردستان بەرێژەی 59.4% خێزانەکان لاوازن بەرامبەر بە نائاسایشی خۆراک بەراورد بە عیراق بەرێژەی 53.2%. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، پارێزگای سلێمانی بە پلەی یەکەم دێ بەرێژەی 65.2% و پارێزگای دهۆک بەرێژەی 62.3% و دواتر پارێزگای هەولێر بەرێژەی 50.3%.

**نائاسایشی خۆراک (Food insecurity ):** نیشاندەرێکی گرنگە کە خێزانەکان دەستگەیشتنیان بە خۆراکی پێویستی رۆژانەیان ئەستەمە. لە هەرێمی کوردستان بەرێژەی 2.1% خێزانەکان لە نائاسایشی خۆراکدان بەبەراورد لەگەڵ عیراق کە رێژەکەی 2.5% و لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، پارێزگای دهۆک بەرزترین رێژەی هەیە کە 2.5%ی خێزانەکان لە نائاسایشی خۆراکدان و دواتر پارێزگای هەولێر بەرێژەی 2.2% و پارێزگای سلێمانی کەمترین رێژەی تۆمارکردووە کە دەکاتە 1.9%.

خشتەی 13: باری ئاسایشی خۆراکی خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2016 (%)

| نیشاندەر | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | هەرێم | عیراق | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاسایشی خۆراک | 47.6 | 32.9 | 35.2 | 38.5 | 44.3 | CFSVA 2016 |
| لاوازی بەرامبەر نائاسایشی خۆراک | 50.3 | 65.2 | 62.3 | 59.4 | 53.2 | CFSVA 2016 |
| نائاسایشی خۆراک | 2.2 | 1.9 | 2.5 | 2.1 | 2.5 | CFSVA 2016 |

شێوەی 23: باری ئاسایشی خۆراکی خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2016




## ڕەوشی ئاسایشی خۆراکی خێزانە ئاوارەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان

خشتەی 14: باری ئاسایشی خۆراکی خێزانە ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق و پارێزگاکانی خواروی عێراق بۆ ساڵی 2016 (%)

| نیشاندەرەکان | هەرێم | بەغدا | پارێزگاکانی خواروو | کۆی گشتی | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاسایشی خۆراك | 41.3 | 25.1 | 25.5 | 28.9 | CFSVA 2016 |
| لاوازی بەرامبەر نائاسایشی خۆراك | 54.4 | 67.7 | 68.7 | 65.5 | CFSVA 2016 |
| نا ئاسایشی خۆراك | 4.3 | 7.2 | 5.8 | 5.6 | CFSVA 2016 |

لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2016 بەرێژەی 41.3% خێزانە ئاوارەکان کە نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن لە ئاسایشی خۆراکن ، ئەم رێژەیە بەرزە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی تری عێراق و بەغدا سەرباری بوونی کێشە دارایی و قەیرانەکان لە هەرێمی کوردستان لەم ساڵەدا. ئاوارەکانی دانیشتووی بەغدا بەرێژەی 25.1% لە ئاسایشی خۆراکن و لە پارێزگاکانی تری عیراق 25.5% و لەسەر ئاستی عێراق بەگشتی 28.9% لە ئاسایشی خۆراکن. ئاوارەکانی دانیشتوی هەرێمی کوردستان بەرێژەی 54.4% لاوازن بەرامبەر بە ئاسایشی خۆراك بەراورد

بە ئاوارەکانی دانیشتوی بەغدا ڕێژەکەیان بەرزترە بریتییە لە %67.7 و ئاوارەکانی دانیشتوی پارێزگاکانی تری عێراق ڕێژەکەیان بریتییە لە %68.7 کە بەرزترین ڕێژەیان تۆمارکردووە لە ڕووی دروست بوونی ئاستەنگی بۆ بەکارهێنان و دەست گەیشتن بەخۆراکەوە. بەرێژەی %4.3 ی خێزانە ئاوارەکانی دانیشتوی هەرێمی کوردستان نائاسایشن لە ڕووی خۆراکەوە ، خێزانە ئاوارەکانی دانیشتووی بەغدا بەراورد بە هەرێمی کوردستان زیاتر نائاسایشن لە ڕووی خۆراکەوە کە ڕێژەکەیان بریتییە لە %7.2 کە بەرزترین ڕێژەیان تۆمارکردووە لەسەر ئاستی عێراق و خێزانە ئاوارەکانی دانیشتووی پارێزگاکانی تری عێراق ڕێژەکەیان کەمترە بریتییە لە %5.8 و بەگشتی لە عێراق بەرێژەی %5.6ی خێزانە ئاوارەکان نائاسایشن لە ڕووی خۆراکەوە.

شێوەی 24: باری ئاسایشی خۆراکی خێزانە ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2016



# تەندروستی

بەدەستهاتوون لە ماوەی سالآنی بەشی تەندروستی کۆمەڵێك نیشاندەری گرنگ لەخۆوە دەگرێت کە لە رووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر خوارووی تەمەن 5 سالّی، رێژەی ئافرەتانی تەمەن 15-49 (MICS ) 2011 و 2018 وەکو مردنی منداڵی ساوا، مردنی منداڵانی سالّی کە بەنەشتەرگەری منداڵیان بووە، منداڵبوون لە دامەزاروەی تەندروستی و خەتەنەکردنی مێینەکان و هەبوونی زانیاری وورد لەسەر نەخۆشی ئایدز لەلایەن ئافرەتانی تەمەن 15- 49 سالّی هەروەك لە خشتەی (15) هاتووە.

خشتەی 15: بەراوردی نیشاندەری تەندروستی بۆ سالآنی 2011 و 2018 (%)

| نیشاندەر | SDG | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆک | | هەرێم | | عیراق | | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | |
| رێژەی مردنی منداڵی ساوا بۆ هەر 1000 لە دایکبوویەکی زیندوو | SDG | 27 | 15 | 24 | 8 | 33 | 22 | 28 | 15 | 32 | 23 | MICS4,MICS6 |
| رێژەی مردنی منداڵی خوار پێنج سالّ بۆ هەر1000 لە دایکبوویەکی زیندوو | SDG | 34 | 18 | 25 | 8 | 37 | 26 | 32 | 17 | 37 | 26 | MICS4,MICS6 |
| رێژەی ئافرەتانی تەمەن 15-49 سالّی کە بەنەشتەرگەری قەیصەری منداڵیان بووە | - | 28 | 49.1 | 36.5 | 46 | 20.5 | 34.5 | 28.4 | 45 | 22.2 | 33.3 | MICS4,MICS6 |
| رێژەی ئافرەتانی تەمەن 15-49 سالّی کە بە نەشتەرگەری قەیصەری منداڵیان بووە و پێش ژانی منداڵبوون بریار لەسەر نەشتەرگەرییەکە دراوە | - | | 33 | | 32.8 | | 16.3 | | 29.2 | | 22.6 | MICS4,MICS6 |
| رێژەی ئافرەتانی تەمەن 15-49 سالّی کە بەنەشتەرگەری قەیصەری منداڵیان بووە لە کاتی ژانی منداڵبوون بریار لەسەر نەشتەرگەرییەکە دراوە | _ | | 16.1 | | 13.2 | | 18.2 | | 15.8 | | 10.5 | MICS4,MICS6 |
| منداڵبوون لە دامەزاروەی تەندروستی (حکومی ) | _ | 68.7 | 57.2 | 71.3 | 68.6 | 89.9 | 90.4 | 75.8 | 67.7 | 67.9 | 74.4 | MICS4,MICS6 |
| منداڵبوون لە دامەزاروەی تەندروستی (تایبەت) | _ | 6.8 | 28.8 | 18 | 26 | 2.2 | 7.7 | 9 | 23.3 | 8.6 | 12.2 | MICS4,MICS6 |
| منداڵبوون لە دامەزاروەی تەندروستی (حکومی ، تایبەت) | _ | 75.5 | 86 | 89.3 | 94.6 | 92 | 98.1 | 84.9 | 91 | 76.6 | 86.6 | MICS4,MICS6 |
| رێژەی خەتەنەکردنی ئافرەتان لەتەمەنی 15-49 سالّی | SDG | 57.5 | 46.6 | 54.3 | 46.5 | 1.7 | 1.5 | 42.8 | 37.5 | 8.1 | 7.4 | MICS4,MICS6 |
| زانیاری ورد لەسەر(HIV) تەمەنی 15-49 سالّ | SDG | 2.3 | 3.9 | 4.5 | 6.4 | 2.2 | 7.7 | 3.2 | 5.4 | 3.5 | 4.9 | MICS4,MICS6 |

**ڕێژەی مردنی منداڵانی ساوا** : سەبارەت بەم نیشاندەرە کۆمەڵێک نیشاندەری تەندروستی بەردەستن کە لە ڕێگای ڕووپێوی هێشویی فرەنیشاندەر (MICS) لە ماوەی ساڵانی 2011 و 2018 بەدەستهاتوون. بۆ دەستهێنانی زانیاری لەسەر ئەم نیشاندەرانە پرسیار لە ئافرەتانی تەمەن 15-49 ساڵی کراوە ئەوانەی منداڵی زیندوویان بووە لە ماوەی پێنج ساڵ پێش ئەنجامدانی ڕووپێوەکە. ڕێژەی مردنی منداڵی ساوا پێوانەی ئەگەری مردن دەکات لە کاتی لەدایکبوون و تا تەمەنی یەك ساڵی و بەشێوەی ژمارەی مردن لە هەر 1000 لەدایکبوونێک بەزیندوویی. ڕێژەی مردنی منداڵی ساوا لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە 15 لە هەر 1000 لەدایکبوونێک بەزیندوویی.

**مردنی منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵی** : بریتییە لە ئەگەری مردنی منداڵ لە کاتی لەدایکبوون تا تەمەن 5 ساڵی. لە هەرێمی کوردستان ئەم ڕێژەیە بریتییە لە 17 بۆ هەر 1000 لەدایکبونێك بەزیندویی. ئەم ڕێژانە کەمترە بەبەراورد لەگەڵ عیراق لە ساڵی 2018 کە بۆ مردنی منداڵانی ساوا بریتییە لە 23 و بۆ مردنی منداڵانی خوار تەمەن 5 ساڵی بریتییە لە 26 بۆ هەر 1000 لە دایکبونێکی زیندوو. ئەگەر بەراوردی ئەم ڕێژانە بکەین لەگەڵ ساڵی 2011 لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و عیراق بەگشتی، ڕێژەکان نزمبوونەوەیەکی بەرچاویان پێوە دیارە کە ئەنجامی ئەم نیشاندەرە دڵخۆشکەرە و ئاماژەیە کە مردنی منداڵان لەکەمبوونەوە دایە و ئەمەش یەکێکە لە ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام (SDG). شێوەی (25) بەراوردی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستانە لەگەڵ عیراق بەگشتی لەماوەی ساڵانی 2011 و 2018 پیشاندەدات.

شێوەی 25: ڕێژەی مردنی منداڵی ساوا منداڵی خوار تەمەن پێنج ساڵی



**ڕێژەی ئافرەتان کە بە نەشتەرگەری (قیصري) منداڵیان بووە:** ئەم نیشاندەرە گرنگە لە ڕووی تەندروستییەوە بۆ ئافرەتانی تەمەن 15 – 49 ساڵی کە بەنەشتەرگەری منداڵیان بووە. لە ماوەی دوو ساڵی پێش ئەنجامدانی ڕووپێوی هێشویی فرەنیشاندەر کە لە ساڵی 2018 ئەنجامدراوە، لە هەرێمی کوردستان ڕێژەیەکی زۆر بەرزی تۆمارکردووە کە دەکاتە 45% بە بەراورد بە 28.4% بۆ هەمان ماوە لە ساڵی 2011 کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر تەندروستی ئافرەتان و پێویستە ئەم حاڵەتە کۆنترۆڵ بکرێت. لە عیراق بەگشتی، بەهەمان شێوە ڕێژەکە بەرزبۆتەوە لە 22.2% بۆ 33.3%. لەسەر ئاستی پارێزگاکان، ڕێژەکان بەرزی بەخۆیەوە بینیوە هەروەك لە شێوەیەی (26) ئاماژەی پێدراوە.

شێوەی 26: ڕێژەی ئافرەتان کە بە نەشتەرگەری منداڵیان بووە




لە بەشێکی تری ئەم نیشاندەرە لە ساڵی 2018 ئاماژە دراوە کە لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە پێش ژانی منداڵبوون نەشتەرگەرییان بۆ کراوە بە هەر هۆکارێك بریتییە لە 29.2%. ئەم ڕێژەیە ر بەرزترە لە ڕێژەی 22.6% کە لە عیراق تۆمارکراوە بە گشتی. لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی پاش ژانی منداڵبوون یان لەکاتی هەبوونی ژانی منداڵبوون نەشتەرگەرییان بۆ کراوە بریتییە لە 15.8% بەبەراورد بەڕێژەی 10.5% کە لە عیراق تۆمارکراوە. بۆ زانینی ئەم ڕێژانە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم و عیراق سەرەنجی شێوەیەی (27) بدە.

شێوەی 27: ڕێژەی ئافرەتان تەمەن 15-49 ساڵی کە بە نەشتەرگەری قەیصەری منداڵیان بووە بۆ ساڵی 2018




**منداڵبوون لە دامەزراوە تەندروستییەکان:** بەرزکردنەوەی ڕێژەی منداڵبوون لە دامەزراوە تەندروستییەکان فاکتەرێکی گرنگە بۆ کەمکردنەوەی مەترسییە تەندروستییەکان بۆ دایك و منداڵەکە.بوونی هۆشیاری پزیشکی لەکاتی لەدایکبووندا مەترسی لێکەوتەکان (مضاعفات) و نەخۆشی کەمدەکاتەوە کە لەکاتی نەبوونی ڕەنگە ببێتە هۆی نەخۆشبوون و مردنی دایك یان منداڵ. لە هەرێمی کوردستان، ڕێژەی منداڵبوون لە دامەزراوەی تەندروستی (حکومی و تایبەت) بۆ ئەو ئافرەتانەی لە ماوەی دوو ساڵی پێش ئەنجامدانی ڕووپێوەکە منداڵیان بووە گەیشتۆتە 91% بەراورد بە 86.6% لە عێراق بەگشتی. ڕێژەی منداڵبوون لە دامەزراوە تەندروستییەکان بە گشتی لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی 2011 و 2018 بەرزبۆتەوە کە ئەمەش نیشاندەرێکی ئەرێنییە لە ڕووی تەندروستییەوە بۆ دایك و کۆرپەکە و لەسەر ئاستی پارێزگاکان بە هەمان شێوەیە ، سەرنجی شێوەی (28) بدە .

شێوەی 28: منداڵبوون لە دامەزراوە تەندروستییەکان بەپێ کەرت(حکومی و تایبەت)



ئەوەی جێگای ئاماژەیە, **منداڵبوون لە دامەزراوەی تەندروستی حکومی** لە هەرێمی کوردستان، ڕێژەکە دابەزیوە بەبەراورد بە ساڵی 2011 کە ئەمەش پێویستە وەزارەتی تەندروستی بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکات لەبەر ئەوەی داتاکان وا دەردەخەن کە ئافرەتان زیاتر ڕوو دەکەنە **دامەزراوەی تەندروستی کەرتی تایبەت ،** بەڵام هۆکارەکەی نەزانراوە کە ئایا بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری گونجاوە لەکەرتی حکومی یان هۆکارێکی تر. ڕێژەی منداڵبوون لە دامەزراوەی تەندروستی لە **کەرتی حکومی** لە هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵانی 2011 و 2018 لە 75.8% دابەزیوە بۆ 67.7% و بە پێچەوانەوە **لەکەرتی تایبەت** بەرز بۆتەوە لە 9% بۆ 23.3% کە ئەمەش جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان کەرتی حکومی وتایبەت پیشاندەدات. بۆ زانینی ئەم ڕێژانە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم و عیراق سەنجی شێوەی (29) بدە.

شێوەی 29: منداڵبوون لە دامەزراوە تەندروستییەکان (حکومی، تایبەت)




**ڕێژەی خەتەنەکردنی مێینە لە تەمەنی 15- 49 ساڵی:** خەتەنەکردنی مێینە (FGMC) بریتییە لە بڕینی بەشێك یان هەموو بەشی دەرەکی ئەندامی زاوزێی مێینە. ئەم کردارە هەمیشە ئازار بەخشە و ئاڵۆزبوونی دەستبەجێی لەگەڵدا دەبێت لەوانە ئازاری زۆر سەخت، شوکبوون، میزگیران، بریندارbوونی ئەندامەکانی تری زاوزێی و شانە نزیکەکان. ئالۆز بوونی تر بریتییە لە ژەهراوی بوونی خوێن، نەزۆکی، سەختی منداڵبوون، تەنانەت مردنیش. خەتەنەکردنی مێینە پێشێلکردنی بنەڕەتی مافەکانی مرۆڤە. ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگاکەمان لە زووەوە نەریتێکی باو بووە و ژمارەیەکی زۆری ئافرەتان بەدەست ئەم دیاردەیەوە دەناڵێنن. لە هەرێمی کوردستان ئەم دیاردەیە ڕێژەیەکی زۆر بەرزی تۆمارکردووە لە ماوەی ساڵانی 2011 و 2018 بەڵام دوای هۆشیارکردنەوی خەڵک لەم بابەتە و بەرزیوونەوەی ئاستی رۆشنبیری خێزانەکان ڕێژەکە دابەزیوە لە 42.8% بۆ 37.5% و

بەبەراورد لەگەڵ عیراق هەرێمی کوردستان رێژەکەی زۆر بەرزە لەبەر ئەوەی لە ناوچەکانی تر و ناوەڕاستی عیراق ئەو دیاردەیە بوونی نیە یاخود زۆر کەمە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی رێژەکانیان بەرزن و هاوشێوەن کە بریتییە لە نزیکەی 46% و پارێزگای دهۆك کەمترین رێژەی هەیە لەسەر ئاستی هەرێم کە 1.5% کە ئەمەش ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە لە سنووری پارێزگای هەولێرەوە نزیکن کاریگەری هەبووە لەسەریان. بەگشتی رێژەکان لە ساڵی 2018 دابەزیون بەبەراورد ساڵی 2011 هەروەك لە شێوەی (30) ئاماژەی پێدراوە.

شێوەی 30: رێژەی خەتەنەکردنی مێینە لە تەمەنی 15- 49 ساڵی




**هەبوونی زانیاری وورد لەسەر نەخۆشیە گوازراوەکان ئایدز (HIV) لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15-49 ساڵی:** لەگەڵ بەرزبونەوەی ئاستی رۆشنبیری خێزانەکان و بوونی سۆشیال میدیا و وەرگرتنی زانیاری لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و بەکارهێنانی ئەنتەرنێت، ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان زانیاری زیاتریان دەستکەوتووە بەبەراورد بە ساڵانی رابردوو، لە نێوان ساڵانی 2011 و 2018 لە هەرێمی کوردستان هەبوونی زانیاری لەسەر نەخۆشیە گوازراوەکان ئایدز لە نێوان ئافرەتان زیادی کرووە لە 3.2% بۆ 5.4% ئەم رێژەیە بەرزترە لە عیراق بەگشتی لە هەمان ماوەی ئاماژە پێدراودا کە 3.5% بۆ 4.9% بەرزبۆتەوە، لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەم رێژانە بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینیوە هەروەك لە شێوەی (31) هاتووە.

شێوەی 31: هەبوونی زانیاری وورد لەسەر نەخۆشیە گوازراوەکان ئایدز (HIV) لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15-49 بۆ ساڵانی 2011 و 2018



## جۆری کۆمەڵایەتی

خشتەی 16: بەراوردی جۆری کۆمەڵایەتی لە ساڵانی 2011 و 2018 (%)

| نیشاندەر | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆک | | هەرێم | | عیراق | | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | |
| نیشاندەری یەکسانی رەگەزی بۆ قوتابخانەی سەرەتایی | 0.98 | 1 | 0.99 | 1.02 | 0.98 | 1.01 | 0.99 | 1 | 0.94 | 0.97 | MICS4,MICS6 |
| نیشاندەری یەکسانی رەگەزی بۆ قوتابخانەی ناوەندی | 0.96 | 1.22 | 1.04 | 1.04 | 0.9 | 1.14 | 0.98 | 1.12 | 0.85 | 1 | MICS4,MICS6 |
| ئافرەتانی لاو لە تەمەن 20 - 49 ساڵی ئەوانەی پێش تەمەنی 15ساڵی هاوسەرگیریان کردووە | 6.4 | 6.9 | 5 | 3.8 | 6.2 | 5.5 | 5.7 | 5.6 | 5.5 | 6 | MICS4,MICS6 |
| ئافرتانی لاوی تەمەن 20 - 49 ساڵی ئەوانەی پێش تەمەنی 18 ساڵی هاوسەرگیرییان کردووە | 22.1 | 22.1 | 22.4 | 20.8 | 23.1 | 18.3 | 22.4 | 20.9 | 23.4 | 24.8 | MICS4,MICS6 |
| ئافرەتانی لاوی تەمەن 15 - 19 ساڵی کە لە ئێستادا هاوسەردارن | 11.7 | 16.7 | 8.8 | 7.5 | 9.1 | 6.3 | 9.9 | 11.8 | 20.7 | 18.4 | MICS4,MICS6 |
| فرەژنی لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15 - 49 ساڵی | 5.3 | 9.6 | 5.7 | 4.5 | 6.5 | 2.9 | 5.7 | 6.8 | 6.1 | 5.8 | MICS4,MICS6 |
| رازیبوون لە ژیان لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15 - 24 ساڵی | - | 7.8 | - | 7.3 | - | 7.6 | - | 7.6 | - | 6.4 | MICS4,MICS6 |
| رازیبوون لە ژیان لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15 - 49 ساڵی | - | 7.3 | - | 6.9 | - | 7.3 | - | 7.2 | - | 6.1 | MICS4,MICS6 |
| هەست کردن بە ئارامی لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15 - 49 ساڵ | - | 68.7 | - | 91 | - | 75.6 | - | 77 | - | 49 | MICS4,MICS6 |
| کارکردنی مندال لە تەمەنی 5 - 14 ساڵی | 2 | 6.7 | 1.6 | 5.9 | 3.4 | 6.3 | 2.2 | 6.3 | 6.4 | 5 | MICS4,MICS6 |
| کارکردنی مندال لە تەمەنی 5 - 17 ساڵی | - | 13.1 | - | 7.1 | - | 8.6 | - | 10.3 | - | 7.3 | MICS4,MICS6 |

### یەکسانی رەگەزی لە پەروەردە

**نیشاندەری یەکسانی رەگەزی بۆ قوتابخانەی سەرەتایی:** بریتییە لە ئەنجامی دابەشی رێژەی سافی منداڵانی کچ کە لە تەمەنی قۆناغی سەرەتایین و ئێستا لە قۆناغی سەرەتایین لە رێژەی سافی منداڵانی کوڕ کە لە تەمەنی قۆناغی سەرەتایین و ئێستا لە قۆناغی سەرەتایین. لە هەرێمی کوردستان بواری خوێندن بۆ رەگەزی نێر و مێ بە شێوەیەکی یەکسان دابین کراوە. لە ساڵی 2011 یەکسانی رەگەزی 0.99 بوو بەڵام لە ساڵی 2018 بوو بە 1 کەئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بۆ هەر 100 کوڕێك لە قۆناغی سەرەتایی 99 کچ لە هەمان قۆناغی خوێندن بوونە، بەڵام لە ساڵی 2018 لە بەرامبەر هەر 100 کوڕێک 100 کچ لە قۆناغی

سەرەتایی خوێندنان، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو کەلتورە کۆنەی رێگر بوو لە ناردنی منداڵان لە رەگەزی مێ بۆ خوێندن دەتوانین بڵێین بە تەواوەتی نەماوە و منداڵان لە هەردوو رەگەزدا بەیەکسانی دەنێردرێنە خوێندن. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمیش هەمان رێژەی یەکسانی لەنێوان هەردوو رەگەز بەدیکراوە. هەروەها **بۆ قوناغی ناوەندییش** بە هەمان شێوە لە ساڵی 2011 دەبینین 0.98 بەڵام لە ساڵی 2018 بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینیوە بۆ 1.12. شێوەی (32) بەراوردی نیشاندەرەکانی یەکسانی رەگەزی لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی نیشاندەدات.

شێوەی 32: نیشاندەری یەکسانی رەگەزی لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی




## باری هاوسەرگیری ئافرەتان

**ئافرەتانی لاوی تەمەن 20-49 ساڵی ئەوانەی پێش تەمەنی 15 ساڵی هاوسەرگیریان کردووە:** بەپێی ئەنجامەکانی بەدەستهاتوو لە رووپێوی هێشویی فرە نیشاندەر (MICS6) لە ساڵی 2018 دەرکەوتووە ژمارەیەکی بەرچاوی کچان کە لە تەمەنی 20 – 49 ساڵین لە پێش تەمەنی 15 ساڵی هاوسەرگیریان کردووە. هاوسەرگیری منداڵان پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە کە کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی کچان دەبێت و زۆرجار زوو دووگیانبوون و دابڕانی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. زۆر جار لە کۆمەڵگادا دایکان و باوکان هانی شووکردنی کچەکانیان دەدەن لە کاتێکدا هەر منداڵن و بە هیوای ئەوەی ئەم هاوسەرگیرییە سوودیان پێبگەیەنێت لەرووی دارایی و کۆمەڵایەتییەوە. هەروەها مردنی پەیوەست بە دووگیانی ناسراوە بەوەی هۆکارێکی سەرەکی مردنی کچانی شووکردووە لەنێوان تەمەنی 15– 19 ساڵی. لە هەرێمی کوردستان ساڵی 2018 بەرێژەی 5.6% ئەو

ئافرەتانەی لە تەمەنی 20 -49 ساڵین پێش تەمەنی 15 ساڵی هاوسەرگیرییان کردووە کە ئەم رێژەیە لە عیراق لەهەمان ساڵدا هاوشێوەی هەرێمی کوردستانە کە رێژەکەی بریتییە لە 6%. بەراورد بە ساڵی 2011 و لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم و عیراق جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت تەنها لە پارێزگای سلێمانی نەبێت لە ماوەی ساڵانی 2011 و 2018 کە رێژەکەی لە 5% دابەزیوە بۆ 3.8% هەروەك لە شێوەی (33) پیشاندراوە.

شێوەی 33: ئافرەتانی لاو لە تەمەنی 20 – 49 ساڵی کە پێش تەمەنی 15 ساڵی هاوسەرگیرییان کردووە




بە هەمان شێوە **بۆ ئافرتانی لاوی تەمەن 20-49 ساڵی ئەوانەی پێش تەمەنی 18 ساڵی هاوسەرگیرییان کردووە،** لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018 بەرێژەی 20.9% ئەم ئافرەتانە پێش تەمەنی 18 ساڵی هاوسەرگیرییان کردووە. ئەم رێژەیە لە عیراق لەهەمان ساڵدا بەرزترە لە هەرێمی کوردستان کە رێژەکەی بریتییە لە 24.8%. بەراورد بە ساڵی 2011 و لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم و عیراق ئەم رێژانە نزمبوونەوەیان بەخۆیانەوە دیوە بە تایبەت لە پارێزگای دهۆك لە ماوەی ساڵانی 2011 و 2018 رێژەکە لە 23.1% دابەزیوە بۆ 18.3% بەڵام لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی رێژەکە کەمتر دابەزیوە هەروەك لە شێوەی (34) پیشاندراوە.

شێوەی 34: ئافرەتانی لاو لە تەمەنی 20–49 ساڵی کە پێش تەمەنی 18 ساڵی هاوسەرگیریان کردووە




**ئافرەتانی لاو لە تەمەن 15- 19 ساڵی کە لە ئێستادا هاوسەردارن**: ئەم ئافرەتە لاوانە دەگرێتەوە کە لەم گروپەی تەمەنەدان و ئێستا هاوسەردارن. بەپێی ئەنجامەکانی بەدەستهاتووی رووپێوەکە لە ساڵی 2018 دەرکەوتووە لە هەرێمی کوردستان بەرێژەی 11.8% ئافرەتان لەم گروپەی تەمەنەدا لە ئێستادا هاوسەردارن و عیراق رێژەیەکی بەرزتری لە هەمان ساڵدا تۆمارکردووە کە بریتییە لە 18.4%. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عیراق بەراورد بە ساڵی 2011، ئەم رێژانە جیاوازی تێدا بەدیدەکرێت بەتایبەت لە پارێزگای هەولێر لە ماوەی ساڵانی 2011 و 2018 رێژەکە بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لە 11.7% بەرزبۆتەوە بۆ 16.7% و بەپێچەوانەوە لە پارێزگای دهۆك رێژەکە دابەزیوە لە 9.1% بۆ 6.3% و لە پارێزگای سلێمانی بەرێژەیەکی کەم دابەزیووە لە 8.8% بۆ 7.5% . ئەم رێژانە لەسەر ئاستی هەرێم و عیراق لە شێوەی (35) پیشاندراوە.

شێوەی 35: ئافرەتانی لاو لە تەمەن 15 - 19 ساڵی کە لە ئێستادا هاوسەردارن



**باری فرەژنی لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15 - 49 ساڵی:** هەموو ئەو ئافرەتانە دەگرێتەوە لەم گروپی تەمەنە کە ئێستا هاوسەردارن و لەباری فرەژنی دان. فرەژنی داب و نەریتێکی باوی کۆمەلایەتییە لە نێو کۆمەڵگادا و لە رووی ئایینەوەش رێپێدراوە. لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018، رێژەی فرە ژنی لەم گروپە دیاریکراوەی تەمەنەدا بەرێژەی 6.8% لە باری فرەژنی دان و لە هەمان ساڵدا ئەم رێژەیە کەمترە لە عیراق بە گشتی کە بریتیە لە 5.8%. لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عیراق، لە نێوان ساڵانی 2011 و 2018 ،رێژەکان جیاوازییان هەیە بە جۆرێك پارێزگای هەولێر بەرزبوونەویەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە لە 5.3% بەرزبۆتەوە بۆ 9.6% بەپێچەوانەی پارێزگای دهۆك کە رێژەکەی دابەزیوە لە 6.5% بۆ 2.9% و لە پارێزگای سلێمانی لە 5.7% دابەزیوە بۆ 4.5%، هەروەها رێژەکە دابەزیوە لەسەر ئاستی هەرێم و عیراق بەگشتی هەروەك لە شێوەی (36) پیشاندراوە.

شێوەی 36: فرەژنی لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15 - 49 ساڵی




## رازیبوون لە ژیان

**رازیبوون لە ژیان لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15-24 ساڵی:** بەمەبەستی زانیاری زیاتر دەستەبەرکردن لە بواری ئافرەتان وەکو یەکێك لە نیشاندەرەکانی ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام(S DG) لە رووپێوی هێشوویی فرە نیشاندەری ساڵی 2018 ، بەشێك لە پرسیارنامەکانی رووپێوەکە تایبەت بوو بە وەرگرتنی رای کچان و ئافرەتانی لاو لە رووی رازیبوونیان لە ژیان. چۆنیەتی ئەو را وەرگرتنە بەپیشاندانی وێنەی پەیژەیەکی 10 پایە بوو کە پێناسەی ئاستی رازیبون بوو بەشێوەك پایەی 0 خراپترین ئاستی رازیبوون لە ژیانی پیشان دەدا و تا پایەی 10 کە بەرزترین ئاستی رازیبوون بوو لەژیان. تێکرای نمرەی رازیبوون

لە ژیان لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15 – 24 سال 7.6 بوو لە هەرێمی کوردستان و لەسەر ئاستی عیراق تێکڕای نمرەکە کەمترە بریتییە لە 6.4. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان پارێزگاکان نیە و تێکڕای نمرەکان نزیکن لەیەکتر هەروەك لە شێوەی (37) پیشاندراوە.

شێوەی 37: رازیبوون لە ژیان لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15 - 24 ساڵی بۆ ساڵی 2018




بەهەمان شێوە **رازیبوون لە ژیان لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15- 49 ساڵی**، لە هەرێمی کوردستان، تێکڕای نمرەی رازیببون لە ژیان لە بریتییە لە 7.2 بەبەراورد بە تێکرای نمرەی 6.1 لەسەر ئاستی عیراق بەگشتی. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان پارێزگاکان نیە تێکڕای نمرەکان نزیکن لەیەکتر هەروەك لە شێوەیەی (38) پیشاندراوە.

شێوەی 38: رازیبوون لە ژیان لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15 - 49 ساڵی بۆ ساڵی 2018



**هەست کردن بە ئارامی لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15 - 49 ساڵ:** ئەمەش یەکێکە لەو نیشاندەرانەی تایبەت بەرەوشی ئافرەتانی تەمەن 15 – 49 ساڵی کە لە رووپێوی هێشوویی فرە نیشاندەر چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە و پرسیاری ئەوەیان ئاراستە کراوە کە تا چەند هەست بە ئەمن و ئاسایش دەکەن کاتێك لەو شوێنەی لێی دەژی بە تەنیا برۆی لە دوای تاریك داهاتن لە شەودا. لە هەرێمی کوردستان، 77% ی ئافرەتان هەست بە ئەمن و ئاسایش دەکەن لەو شوێنەی لێی دەژین لەکاتی تەنیایی رۆیشتن دوای تاریك داهاتن لە شەودا. سەبارەت بەم نیشادەرە، عیراق بەراورد بە هەرێمی کوردستان رێژەیەکی کەمتری تۆمارکردووە بریتییە لە 49% . لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمیش رێژەکان بەرزن و لە نێویاندا پارێزگای سلێمانی بە پلەی یەکەم دێت کەرێژەکەی بریتییە لە 91% و پارێزگای دهۆك بە پلەی دووەم دێت کەرێژەکەی بریتیە لە 75.6% و پارێزگای هەولێر بە پلەی سێیەم دێت کە رێژەکەی بریتییە لە 68.7% هەروەك لە شێوەی (39) پیشاندراوە.

شێوەی 39: هەست کردن بە ئارامی لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15-49 ساڵی




## کارکردنی منداڵ

**کارکردنی منداڵ لە تەمەنی 5-14 ساڵی:**لە مادەی 32ی (جارنامەی مافەکانی منداڵ) هاتووە:"وڵاتانی ئەندام دان دەنێن بەوەی کە منداڵ مافی پاراستنی هەیە لە بەکارهێنانی بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی ئابووری و پاراستنی لە بەجێهێنانی هەر کارێك کە رِەنگە جێگەی مەترسی بێ یان ببێتە رێگر بۆ تەواوکردنی خوێندن، یان زیان بە تەندروستی منداڵ بگەیەنێت، یانیش کاریگەری خراپی هەبێ لەسەر گەشەکردنی منداڵ لە رووی جەستەیی و هۆشی و گیانی و رەوشتی و کۆمەڵایەتییەوە". هەروەها یەکێك لە نۆ ستراتیژەکانی (جیهانێکی گونجاو بۆ منداڵان) بریتییە لە نەهێشتنی کارکردنی منداڵ و ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوامیش بانگەوازی پاراستنی منداڵان دەکات دژی بەکارهێنانیان. لە رووپێوی هێشوویی فرە

نیشاندەر چەندین پرسیار دانراون بۆ دایکان/ بەخێوکەران لەبارەی هەموو منداڵانی خێزان ئەوانەی تەمەنیان لە 5-14 ساڵیدایە سەبارەت بە جۆری کارکردنی منداڵ و ماوەی کارکردنی بە کاتژمێر. هەروەها سەبارەت بە چالاکییە ئابوورییەکان و کارکردنی نێوماڵیش زانیاری کۆکراوەتەوە. چالاکییە ئابوورییەکان هەموو ئەو کارانە دەگرێتەوە کە بێ بەرامبەر یان بەرامبەر بە پارە ئەنجام دەدرێن بۆ کەسێك کە ئەندام یان ئەندام نەبێ لە خێزان یان کارکردنی لە کێڵگە و کارێکی بازرگانی خێزان. کارکردنی نێوماڵ بریتییە لە سووکە ئیشی نێوماڵ وەك کۆکردنەوەی داری سووتان، ئاوکێشان، چێشتلێنان، خاوێنکردنەوە، چوونە بەر ئاژەڵان/ مانگا و مەروماڵات، یان چاودێریکردنی منداڵان.

لە هەرێمی کوردستان ساڵی 2018 بەرێژەی 6.3% منداڵانی تەمەن 5 - 14 ساڵی کاردەکەن و لە عیراق 5% منداڵان لەم گروپی تەمەنە کاردەکەن. لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێم لە نێوان ساڵانی 2011 و 2018، رێژەکان بەرزبۆتەوە بە شێوەیەك لە پارێزگای هەولێر لە 2% بەرزبۆتەوە بۆ 6.7% و لەپارێزگای سلێمانی لە 1.6% بەرزبۆتەوە بۆ 5.9% و لە پارێزگای دهۆك لە 3.4% بەرزبۆتەوە بۆ 6.3%. لەسەر ئاستی هەرێمیش لە 2.2% بۆ 6.3% بەرزبۆتەوە بەبەراورد بە عیراق کە لە 6.4% ساڵی 2011 دابەزیوە بۆ 5% لە ساڵی هەروەك لە شێوەی (40) پیشاندراوە.

شێوەی 40: کارکردنی منداڵ لە تەمەنی 5 - 14 ساڵی




### کارکردنی منداڵ لە تەمەنی 5-17 ساڵی

لە ساڵی 2018 کارکردنی منداڵان بۆ گروپی تەمەنی 5–17 ساڵان بە جیا هەژمارکراوە کە پێشتر لە خولەکانی تری رووپێوەکە ئەم نیشاندەرە بۆ ئەم گروپەی تەمەن بەردەست نەبوو. لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەم رێژانە بەرزە، بەشێوەیەک کە پارێزگای هەولێر بە پلەی یەکەم دێت کە بەرێژەی 13.1% منداڵان لەم گروپەی تەمەنە کاردەکەن و پارێزگای دهۆك بە پلەی

دووەم دێت بە رێژەی 8.6% و دواتر پارێزگای سلێمانی کە رێژەیەکی کەمتری تۆمارکردووە بریتییە لە 7.1%. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەراورد بە عیراق رێژەکە بەرزە هەروەك لە شێوەی (41) پیشاندراوە.

شێوەی 41: کارکردنی منداڵ لە تەمەنی 5 - 17 ساڵی بۆ ساڵی 2018



# دەست گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان ( ئاو و ئاوەڕۆ)

خشتەی 17: دەست گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان بۆ ساڵانی 2011 و 2018

| | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆک | | هەرێم | | عیراق | | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | 2011 | 2018 | |
| بەکارهێنانی سەرچاوەی چاککراوەکانی ئاو بۆ خواردنەوە | 96.8 | 100 | 95.3 | 98.9 | 98.9 | 99.6 | 96.7 | 99.6 | 91.4 | 99.2 | MICS4,MICS6 |
| نەبوونی کلۆر لە ئاوی خوارنەوە | 43 | 7.3 | 50.4 | 22 | 40.9 | 17.5 | 45.7 | 14.4 | 27.4 | 12.8 | MICS4,MICS6 |
| نەبوونی کلۆر لە سەرچاوەی ئاوی خوارنەوە | - | 7.7 | - | 23.2 | - | 17.1 | - | 14.9 | - | 12.8 | MICS6 |
| هەبوونی بەکتریای *E- Coli* لە ئاوی خواردنەوە | - | 4.9 | - | 16.3 | - | 25 | - | 12.8 | - | 50.7 | MICS6 |
| هەبوونی بەکتریای *E- Coli* لە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە | - | 4.6 | - | 10.5 | - | 20.7 | - | 9.9 | - | 40.4 | MICS6 |
| بەکارهێنانی ئاوەڕۆی سەرەکی تەندروست | 99.5 | 98.8 | 98.9 | 96.9 | 98.7 | 99.2 | 99.1 | 98.3 | 96.8 | 94.8 | MICS4,MICS6 |

**بەکارهێنانی سەرچاوەی چاککراوەکانی ئاو بۆ خواردنەوە:** ئاوی پاکی خواردنەوە سەرەکیترین پێداویستییە بۆ تەندروستی. ئاوی خواردنەوەی ناساز بۆی هەیە ببێتە هەڵگری نەخۆشی وەك كۆلێرا و تیفۆئید و نەخۆشییە سکچووەکانی وەك ئەمیبا و زەحیری. هەندێ جار ئاوی خواردنەوە بە مادده پیسکەرەکان یان کیمیاوییەکان پیس دەبێت کە کاریگەری زۆر خراپیان لەسەر تەندروستی مرۆڤ دەبێت. **سەرچاوە چاککراوەکانی ئاوی خواردنەوە** بریتین لە ئاوی بۆری (لەماڵەوە و کێڵگە و زەوی)، بەلوعەی گشتی، بیری بەبۆڕی گەیەنراو، بیری پارێزراو، کانی پارێزراو ، ئاوی کۆکراوەی باران .هەروەها ئاوی ئامادەکراوی بوتڵ دەکەوێتە نێو سەرچاوە چاککراوەکانی ئاو ئەگەر خێزان سەرچاوەیەکی تری ئاوی چاککراوی هەبێت بۆ مەبەستی تر وەک دەست شوشتن و چێشتلێنان. لە هەرێمی کوردستان ساڵی 2018, بەرێژەی 99.6% خێزانەکان سەرچاوەی چاککراوی ئاوی خواردنەوە بە کاردەهێنن کە رێژەیەکی زۆر بەرزە و لە سەر ئاستی جیهاندا پەسەندە و لە عیراق رێژەکە بە جیاوازیەکی کەم لە پاش هەرێمی کوردستان دایە کە بریتییە لە 99.2%. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، ئەم رێژیە بە بەرزی دەبینرێت و بەرزترینیان لە پارێزگای هەولێرە بە رێژەی 100% و پاشان پارێزگای دهۆك بەرێژەی 99.6% و پارێزگای سلێمانی بەرێژەی 98.9% هەروەك لە شێوەی (42) پیشاندراوە.

شێوەی 42: ڕێژەی سەدی خێزانەکان کە سەرچاوەی چاککراوی ئاو بۆ خواردنەوە بەکاردەهێنن




**نەبوونی کلۆر لە ئاوی خواردنەوە:** نەبوونی کلۆر لە ئاوی خواردنەوەی خێزانەکان یەکێکە لە هۆکارەکانی بوون بە ئاوی ناساز. لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018 تاڕادەیەکی باش ئەم کێشەیە چارەسەر کراوە و 14.4% خێزانەکان کلۆر لەناو ئاوی خواردنەوەیان نیە. عێراق لە رەوشەکی باشتردایە بەبەراورد بە هەرێمی کوردستان لە رووی بوونی کلۆر لە ئاوی خواردنەوە و تەنها 12.8% خێزانەکان کلۆر لەناو ئاوی خواردنەوەیان نیە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم و عیراق لە نێوان ساڵانی 2011 و 2018، ڕێژەکان دابەزینێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە کە ئەمەش بە نیشاندەرێکی باش هەژمار دەکرێت لەرووی چارەسەرکردنی بری کلۆری پێویست بۆ ئاوی خواردنەوە هەروەك لە شێوەی (43) پیشاندراوە.

شێوەی 43: ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە ئاوی خواردنەوەی بێ کلۆر بەکار دێنن



**نەبوونی کلۆر لە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە :** لە رووپێوی هێشویی فرەنیشاندەر لە ساڵی 2018, بۆ دڵنیابوونی زیاتر لە چارەسەرکردنی ئاوی خواردنەوە و بوونی بڕی کلۆری پێویست لە ئاودا, پشکنینی کلۆر ئەنجامدراوە لەو شوێنەی کە خێزانەکان وەکو سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی بەکاردەهێنن. لە هەرێمی کوردستان بەرێژەی  14.9% و لە عیراقیش بەرێژەی 12.8% خێزانەکان کلۆر لە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیان نییە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم, پارێزگای سلێمانی رێژەیەکی بەرزی تۆمارکردووە بریتییە لە 23.2% و لە پارێزگای دهۆك رێژەکە 17.1% بووە و کەمترین رێژە لە پارێزگای هەولێرە بە رێژەی7.7%. شێوەی (44) جیاوازی نێوان پارێزگاکانی هەرێم و عیراق پیشاندەدات.

شێوەی 44: رێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە لە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیان کلۆر نییە بۆ ساڵی 2018




**هەبوونی بەکتریای E-Coli لە ئاوی خواردنەوە:** بە مەبەستی دڵنیابوون لە کوالیتی ئاوی خواردنەوە و دورکەوتنەوە لە نەخۆشییەکان کە بەهۆی پیسی ئاوی خوادنەوە تووشی خێزانەکان و ئەندامانی خێزانەکان دەبن لە کۆمەڵگادا، وەکو یەکێك لە نیشاندەرە داواکراوەکانی ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام (SDG) لە ساڵی 2018 ، هەبوونی کوالیتیەکی باشی  ئاوی خواردنەوەیە. لە دەرەنجامەکانی رووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر، بۆ یەکەم جار لەسەر ئاستی عیراق و هەرێمی کودرستان ئەم نیشاندەرە بەدەستهات. چۆنیەتی پشکنینی ئاوی خواردنەوە لەمیانەی کاری مەیدانی رووپێوەکە بەو شێوازە بووە کە پرسیار لە خێزانەکان کراوە کە لە کوێ و بەچی ئاو دەخۆنەوە و پاشان بڕێکی پێویست لە ئاوی خواردنەوە لە شوێنی ئاو خواردنەوە وەرگیراوە و پشکنینی بۆ کراوە و پاش 24 کاتژمێر ئەنجامەکانی دەرکەوتوون. لە هەرێمی کوردستان، 12.8% خێزانەکان  بەکتریای E-Coli لەناو ئاوی خواردنەوەیان هەبووە بەهۆی پاک نەبوونی  ئەو ئامرازەی ئاوی خواردنەوەی تێدابووە کە بۆتە هۆی دروست بوونی بەکتریای E-Coli. عیراق رێژەکی بەرزتری تۆمارکردووە بریتییە لە 50.7% . لەسەر ئاستی

پارێزگاکانی هەرێم، پارێزگای دهۆك ڕێژەیەکی بەرزی تۆمارکردووە بریتییە لە 25% و پاشان پارێزگای سلێمانی دێت بەڕێژەی 16.3% و پارێزگای هەولێر کەمترین ڕێژەی لەبوونی بەکتریای E-Coli تۆمارکردووە بریتییە لە 4.9%.

**هەبوونی بەکتریای E-Coli لە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە:** بەهەمان شێوە پیشکنینی کوالێتی ئاوی خواردنەوە لەو سەرچاوەیە کراوە کە خێزانەکان ئاوی خواردنەوەی لێ بەدەست دەهێنن ( بیر ، بەلوعەی گشتی ...). هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی باشدایە و ڕێژەی بوونی بەکتریای E-Coli لە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە ڕێژەیەکی کەمی تۆمارکردووە بریتییە لە 9.9% و عیراق ڕێژەکەی زیاترە بریتییە لە 40.4%. ئەم ڕێژانە ئاماژە بەوە دەدەن کە ئاوی خواردنەوە لە کاتی گواستنەوە لەسەرچاوە تا ئەو شوێنەی خێزانەکان ئاوی لێبەدەستدێنن تووشی پیسبوون دەبێت بەهۆی تێکەڵ بوون بە پیسایی و ئاوی زێرابەکان و شکانی بۆری ئاوی گواستنەوەیە . لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، پارێزگای دهۆك ڕێژەیەکی بەرزی تۆمارکردووە بریتییە لە 20.7% و پارێزگای سلێمانی 10.5% و کەمترین ڕێژە لە پارێزگای هەولێرە بریتییە لە 4.6%. بۆ بینینی جیاوازی لە نێوان پارێزگاکانی هەرێم و عیراق سەیری شێوەی (45) خوارەوە بکە.

شێوەی 45:ڕێژەی سەدی خێزانەکان کە لە ئاوی خواردنەوە و سەرچاوەی ئاوی خوادنەوە بەکتریای E- Coli بوونی هەیە




**بەکارهێنانی ئاوەڕۆی سەرەکی تەندروست:** ڕزگاربوونی ناتەندروست لە پاشەڕۆی مرۆڤ پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بەچەندان نەخۆشی، بەتایبەتی نەخۆشییەکانی وەکو سکچوون و ئیفلیجی منداڵان. شێوازە تەندروستییەکانی ئاوەڕۆی چاککراو بریتین لە ئاودەستی بەستراو بە تۆڕی ئاوەڕۆ، تانکی پاککردنەوەی ئاو و ئاوەڕۆ، ئاودەستی بەستراو بە چاڵێکی

هەڵکەندراو، ئاودەستی هەواگۆڕکێی چاککراو، ئاودەستی شێوە چاڵی سەرداپۆشراو. لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018، خێزانەکان بەرێژەی 98.3% ئاوەڕۆی سەرەکی تەندروست بەکاردەهێنن و عیراق رێژەکەی کەمترە بریتییە لە 94.8%. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم و عیراق لە نێوان ساڵانی 2011 و 2018، جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدینەکراوە و رێژەکان بە بەرزی ماونەتەوە هەروەك لە شێوەی (46) پیشاندراوە.

شێوەی 46: بەکارهێنانی ئاوەرۆی سەرەکی تەندروست



# کشتوکاڵ و ژینگە

خشتەی 18: نیشاندەرەکانی کشتوکاڵی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

| نیشاندەرەکان | هەولێر | دهۆك | سلێمانی ، هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان | هەرێمی کوردستان | سەرچاوەی داتا |
|---|---|---|---|---|---|
| زەوی شیاو بۆ کشتوکاڵ(ملیۆن دۆنم) -2017 | 2.14 | 1.11 | 3.18 | 6.43 | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو |
| رووبەری چاندراوی زستانە (ملیۆن دۆنم) - 2017 | 1.17 | 0.95 | 1.78 | 3.05 | دەستەی ئاماری هەرێم |
| رووبەری چاندراوی هاوینە (ملیۆن دۆنم) - 2017 | 0.09 | 0.12 | 0.13 | 0.34 | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو |
| رێژەی سەدی کارکەرانی چالاکی کشتوکاڵی - 2015 | 4.6 | 5.0 | 11.0 | 7.3 | دەستەی ئاماری هەرێم |

هەروەک دەزانین ئەم کەرتە بە یەکێك لە گرینگترین کەرتەکان هەژمار دەکرێت بۆ دابین کردنی ئاسایشی خۆراك و کەرستەی خاو بۆ بەشێک لە پیشەسازی گۆرین. بەپێی داتای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان، 6.4 ملیۆن دۆنم زەوی شیاوی کشتوکاڵی هەیە کە ئەمەش 34% ی کۆی گشتی رووبەری هەرێم پێك دەهێنێت و لە سەر ئاستی پارێزگاکان، 33% لە رووبەری شیاو دەکەوێتە پارێزگای هەولێر و بۆ پارێزگای دهۆك 17% و پارێزگای سلێمانی، پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان بەیەکەوە نزیکەی 50% رووبەری شیاوی کوردستان پێك دەهێنن، هەروەها تێکرای سامانی ساڵانەی ئاو نزیکەی 30 ملیار م$^3$ دەبێت.

زۆرترین رووبەری چاندراو بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بە بەراورد لە گەڵ زەوی شیاوی کشتوکاڵی دەکەوێتە پارێزگای دهۆك کە 96% ی رووبەرەکانی شیاوی کشتوکاڵی خۆی بەکارهێناوە و پارێزگاکانی هەولێر 59% وپارێزگای سلێمانی 60% زەویەکانیان بەکارهێناوە بۆ ساڵی 2017.

کارکەرانی چالاکی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 7% کۆی گشتی کارکەران پێك دەهێنن کە ئەمەش رێژەیەکی نزمە بە بەراورد لەگەڵ کەرتەکانی تر، لە سەر ئاستی پارێزگاکان پارێزگای سلێمانی بەرزترین ئاستی تۆمارکردووە کە رێژەکەی

دەکاتە 11% و نزمترینیان پارێزگای هەولێرە بە ڕێژەی 4.6%.

ڕێژەی ئەو کارکەرانەی کە لەکەرتی کشتوکاڵ کاردەکەن و ڕەگەزیان نێرە بریتییە لە 74.6%، هەروەها ڕەگەزی مێ 25.4% لە کۆی گشتی پێك دەهێنێت.

## ڕووبەر و بەرهەمی گەنم

شێوەی 47: ڕووبەر و بەرهەمی گەنم لە 2012 تاکو 2017 لە هەرێمی کوردستان




تێبینی: 1- داتاکانی (2013-2014، 2014-2015، 2015-2016) لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وەرگیراوە.

2- داتاکانی (2012- 2013، 2016- 2017) لە ڕووپێوەکانی چاندراوی بەروبوومی زستانە لە دەستەی ئاماری هەرێم وەرگیراوە.

ئاستی بەرهەمی گەنم لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2017 زیاترە لە یەك ملیۆن تۆن کە بەپێی خەملاندنی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێم هەر تاکێک ساڵانە پێویستی بە 117.5کگم لە بەروبوومی گەنم هەیە،بە گشتی بۆ پێداویستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ هەمان ساڵ پێویستمان بە 676,217 تۆن هەیە و ئاستی بەرهەم هێنانی گەنم لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە سەرووی ئاستی خۆبژێوی و پێداویستی ناوخۆی پڕکردۆتەوە.

بڕی بەرهەمی گەنم لە ساڵی 2017 بەراوورد بە 2013 بە ڕێژەی 2% زیادی کردووە، بەڵام ڕووبەری چاندراو بەرێژەیەکی زۆر زیاتر زیادی کردووە کە دەکاتە 18% و لێرەدا جیاوازی گەورە بەدی دەکرێت لە زیادبوونی ئاستی ڕووبەری چاندراو بەبەراورد لەگەڵ بەرهەمەکەی کە لە زیادبووندا هاوتەریب نین ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێژەی بارانبارین

لەم ساڵەدا بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2013 بەپێی ئەو داتایەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم وەرگیراوە بەرێژەی 36% کەمی کردووە بۆیە لە بەرهەمی 2017 گۆڕانێکی کەم بەدی دەکرێت.

جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان رووبەری بەراو و دێمی لەبەر ئەوەی رێژەیەکی زۆر کەم لە زەوییەکان سوودمەندن لە پرۆژەی ئاودێری کە رێژەکەی دەگاتە 20% و لە بەرامبەردا نزیکەی 80% ی رووبەرەکان دێمین لە کاتێکدا بڕشتی یەك دۆنم زەوی بەراو لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ بەروبوومی گەنم 732 کگم دەبێت بەڵام لە بەرامبەردا بڕشتی یەك دۆنم زەوی دێمی دەکاتە 344 کگم کە ئەمەش جیاوازیەکی زۆرە و دەکرێت بە دانانی پلانێکی گونجاو بۆ زەویە دێمییەکان ئەم جیاوازییە زۆر کەمتر بکرێتەوە، بۆیە رێژەی باران کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لە سەر زیادبوون و کەمبوونی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان وەکو ئەوەی لە ساڵی 2017 لە نێوان رووبەر و بەرهەمدا دەبیندرێت.

شێوەی 48: تێچووی یەك دۆنم (1000) دینار لە بەروبوومی گەنم لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم لە ساڵی 2016 -2017




تێبینی: تێچووی بەروبوومی گەنم لە رووپێوی چاندراوی زستانە 2016 – 2017 ی دەستەی ئاماری هەرێم وەرگیراوە.

لە شێوەی (48) تێچووی یەك دۆنم لە بەروبوومی گەنم لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم نیشان دراوە تێچووی یەك دۆنم لە بەروبوومی گەنم لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دەکاتە 121 هەزار دینار و کەمترین تێچوو دەکەوێتە ئیدارەی گەرمیان بە بڕی 60 هەزار دینار و زۆرترین تێچوو دەکەوێتە پارێزگای دهۆك بە بڕی 146 هەزار دینار.

## ڕووبەری چاندراو و بڕشت و بەرهەمی برنج

خشتەی 19: ڕووبەری چاندراو و بڕشت و بەرهەمی برنج لەسەر ئاستی پارێزگاکان وهەرێم بۆ ساڵانی (2017،2016،2014،2013)

| ساڵ | هەولێر | | دهۆك | | سلێمانی | | گەرمیان | | هەرێمی کوردستان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر / دۆنم | بەرهەم / تۆن | ڕووبەر / دۆنم | بەرهەم / تۆن | ڕووبەر / دۆنم | بەرهەم / تۆن | ڕووبەر / دۆنم | بەرهەم / تۆن | ڕووبەر / دۆنم | برشت / کگم / دونم | بەرهەم / تۆن |
| 2013 | 99 | 61 | 3,194 | 3,132 | 911 | 736 | 1,209 | 1,347 | 5,413 | 975 | 5,276 |
| 2014 | 147 | 22 | 5,954 | 5,061 | 1,705 | 1,364 | 1,075 | 797 | 8,881 | 816 | 7,244 |
| 2016 | 473 | 118 | 3,917 | 3,134 | 1,709 | 1,367 | 210 | 315 | 6,309 | 782 | 4,934 |
| 2017 | 81 | 28 | 9,764 | 7,811 | 2,095 | 1,876 | 1,783 | 1,159 | 13,723 | 792 | 10,874 |

تێبینی: 1- داتاکان بۆ ساڵەکانی 2014، 2016، 2017 لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وەرگیراوە.

2- داتای ساڵی 2013 لە ڕووپێوی هاوینە لە دەستەی ئاماری هەرێم وەرگیراوە.

برنج وەکو یەکێك لە گرینگترین بەرهەمە کشتوکاڵییەکان هەژمار دەکرێت و لە هەرێمی کوردستانیشدا بە یەکێك لە خۆراکە سەرەکییەکان دادەندرێت و بایەخی تایبەتی هەیە. لە هەرێمی کوردستان، بەرهەمی برنج لە ساڵی 2017 بە بەراورد بە 2013 بەرێژەی 106% زیادی کردووە، ئەمەش لە ڕووبەری چاندراو بەدی دەکرێت کە بەرێژەی 154% بە بەراورد لەگەڵ 2013 زیادی کردووە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، زۆرترین ڕووبەری چاندراو بۆ ساڵی 2017 دەکەوێتە پارێزگای دهۆك بەرێژەی 71%، کەمترین ڕووبەری چاندراویش دەکەوێتە پارێزگای هەولێر بەرێژەی 1% ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار کەمە بەبەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی تر. پێداویستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ هەر تاکێک دەکاتە 38.5 کگم بۆ بەرهەمی برنج لە ساڵی 2017 کە بە گشتی پێویستی ناوخۆ بۆ ئەم بەرهەمە دەکاتە 221,569 تۆن و ئاستی بەرهەمی برنج لە هەرێمی کوردستان بۆ هەمان ساڵ دەکاتە 10,874 تۆن کە بەبەراورد لەگەڵ بەرهەمی ناوخۆی جیاوازییەکی گەورە بەدی دەکرێت و بەرهەمی ناوخۆیی برنج تەنها 5% ی پێداویستی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان پڕدەکاتەوە.

## بەرهەمی هاوینە

خشتەی 20: بەرهەمی هاوینە بە تۆن بۆ بەروبوومەکانی (تەماتە - خیار – باینجان – کودی – فاسۆلیا – پەتاتە - گەنمە شامی) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان 2017

| جۆری بەروبووم | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان | هەڵەبجە | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەماتە | 136,356 | 50,708 | 41,244 | 6,412 | 5,920 | 240,640 |
| خەیار | 82,958 | 31,995 | 22,341 | 3,097 | 1,944 | 142,335 |
| باینجان | 31,993 | 7,260 | 7,844 | 3,218 | 595 | 50,910 |
| کودی | 7,714 | 6,485 | 4,804 | 1,235 | 1,160 | 21,398 |
| فاسۆلیا | 1,175 | 980 | 164 | 264 | 19 | 2,602 |
| پەتاتە | 14,828 | 4,599 | 108,716 | 991 | 792 | 129,926 |
| گەنمە شامی | 35,623 | 271 | 630 | _ | _ | 36,524 |

تێبینی: داتاکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وەرگیراون.

بەرهەمی تەماتە بە یەکێك لە زۆرترین بەرهەمەکان دادەندرێت لە نێوان بەرهەمەکانی تری هاوینە کە بڕەکەی دەکاتە 240,640 تۆن و ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ زۆری بەکارهێنانی ئەم بەرهەمە کە بۆتە هۆکاری ئەوەی جووتیاران بایەخی زیاتری پێ بدەن، دواتر بەرهەمی خەیار دێت و بەرهەمەکانی تریش بەهەمان شێوە بە بڕی جیاواز یەکێکن لەو بەرهەمانەی کە بەشێك لە پێداویستی ناوخۆ پڕدەکەنەوە.

خشتەی 21: تێچووی یەك دۆنم (1000) دینار لە بەروبوومەكانی هاوینە لەسەر ئاستی پارێزگاكان و ئیدارە لە هەرێمی كوردستان 2013

| پارێزگا و ئیدارە | كێڵان و رێكخستن | تۆ و چاندن | ئاودان | بژاركردن | پەیین كردن | قەڵاچۆكردن | دروێنەو رنین | كۆی گشتی تێچووی یەك دۆنم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 61 | 92 | 134 | 46 | 84 | 27 | 157 | 607 |
| دهۆك | 61 | 66 | 124 | 53 | 58 | 18 | 129 | 509 |
| سلێمانی | 82 | 74 | 116 | 55 | 39 | 15 | 164 | 546 |
| ئیدارەی گەرمیان | 99 | 74 | 119 | 56 | 70 | 39 | 144 | 602 |
| تێكرای تێچوو لە هەرێمی كوردستان | 76 | 77 | 123 | 52 | 63 | 25 | 150 | 566 |

تێبینی: داتاكان لە رووپێوی چاندراوی هاوینە 2013 ی دەستەی ئاماری هەرێم وەرگیراوە.

جووتیارەكان لە هەرێمی كوردستان بۆ پێگەیاندنی بەروبوومەكانی هاوینە هەر لە سەرەتای وەرزی چاندن تاوەكو كۆتایی وەرزی كۆكردنەوەی بەرهەم بۆ تەواوی قۆناغەكانی كاركردن رووبەرووی تێچوو دەبنەوە وەكوو كێڵان و رێكخستن بۆ ئامادە كردنی زەوی، ئاودانی بەربوومەكان بۆ گەشەكردن و پێگەیشتنی بەروبوومەكان، بژاركردن بۆ خاوێن كردنەوەی رووەكی سەرەكی لە گژوگیای زیان بەخش كە كاریگەری دەبێت بۆ گەشەنەكردنی رووەك و خراپی چۆنایەتی بەرهەم، پەینكردن بۆ بەهێزكردنی خاك و بەروبوومەكان تاوەكو دەگاتە قۆناغی دروێنە و رنین، هەموویان هۆكاری سەرەكین بۆ بەرهەم هێنانی بەروبوومەكانی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان.

وەك لە خشتەی سەرەودا نیشان دراوە تێچووی بەروبوومەكانی هاوینە بۆ ساڵی 2013 لە سەر رووبەری یەك دۆنم خراوەتەروو، لە سەر ئاستی پارێزگاكان زۆرترین تێچووی یەك دۆنم لە بەرووبوومی هاوینە دەكەوێتە پارێزگای هەولێر بە بڕی 607 هەزار دینار و كەمترین بڕی تێچوو دەكەوێتە پارێزگای دهۆك بە بڕی 509 هەزار دینار، هەروەها بۆ هەر یەكێك لە قۆناغەكانی تێچوو لە سەر رووبەری یەك دۆنم زەوی چاندراو بە بەروبوومەكانی هاوینە قۆناغی دروێنە و رنین زۆرترین تێچوو دەگرێتە خۆی بەرێژەی 27% لە سەر ئاستی هەرێمی كوردستان و بە پلەی دووەم قۆناغی ئاودان دێت بەرێژەی 22% و كەمترین تێچوو قۆناغی قەڵاچۆكردن دەگرێتەوە بەرێژەی 4%.

## پرۆژەکانی کێڵگەی پەلەوەر

خشتەی 22: پرۆژەکانی کێڵگەی پەلەوەر لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2017

| جۆری پرۆژە | هەولێر | دهۆك | سلێمانی | گەرمیان | هەڵەبجە | کۆی گشتی پرۆژە | کۆی گشتی ووزە | یەکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پەلەوەری گۆشت | 467 | 268 | 518 | 110 | 26 | 1,389 | 19,234,195 | جوجکە/وەجبە |
| مریشکی هێلکەی خواردن | 8 | 2 | - | 1 | - | 11 | 1,595,410,000 | هێلکە/ساڵ |
| سەربرخانەی پەلەوەر | 4 | 1 | 2 | - | - | 7 | 27,500 | مریشك/کاتژمێر |

بەپێ داتاکانی رووپێوی کێڵگەکانی پەلەوەر لە ساڵی 2013 کە لە دەستەی ئاماری هەرێم ئەنجام دراوە، لە کۆی 1,179 کێڵگەی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان، 888 کێڵگە کاریان کردووە و بەرهەمەکەیان دەکاتە 99,368 تۆن و 291 کێڵگەی تر لە 2013 بە هۆی گرفتە ئابوورییەکانی( بە بازاڕکردنی بەرهەم، تێچووی زۆری بەخێوکردن ،مردنی مریشك بە هۆی نەخۆشییەکان و رووخاندنی کێڵگەکان بە هۆی فراوان بوونی شارەکان... چەندین هۆکاری تر) کاریان نەکردووە و هەر بۆ هەمان ساڵ بەپێی داتای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، 62,576 تۆن گۆشتی مریشك هاوردەی هەرێم کراوە. ژمارەی کێڵگەکانی پەلەوەر بەپێی داتای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ ساڵی 2017 بەرزبۆتەوە بۆ 1,389 کێڵگە و بەرهەمی گۆشتی مریشك بۆ هەمان ساڵ دەکاتە 108,000 تۆن، بەڵام ژمارەی کێڵگەی کارکردوو لە نێوانیاندا دیاری نەکراوە و داتاکە پشت بەوەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی کارکردن دەبەستێت کە لە لایەن وەزارەتی ناوبراو دەدرێت بە پرۆژەکانی پەلەوەر بۆیە ئەم ژمارەیە بۆ کێڵگەکانی پەلەوەر بۆ ساڵی 2017 ناچێتە چوارچێوەی کێلگەی کارکردوو بەڵکو هەبوونی پرۆژە بۆ ئەم ساڵە دەگرێتەوە.

# سامانی ئاژەڵ

خشتەی 23: ژمارەی ئاژەڵ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2017

| جۆری ئاژەڵ | هەولێر | دهۆک | سلێمانی، هەڵەبجە لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|
| مانگا / سەر | 65,000 | 47,863 | 144,136 | 256,999 |
| مەڕ / سەر | 79,300 | 776,323 | 1,543,553 | 2,399,176 |
| بزن / سەر | 507,000 | 273,223 | 443,726 | 1,223,949 |
| گامێش / سەر | - | - | 3,120 | 3,120 |
| کۆی گشتی | 651,300 | 1,097,409 | 2,134,535 | 3,883,244 |

تێبینی: داتاکانی سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وەرگیراوە

سامانی ئاژەڵ وەکو بەشێکی گرینگی کەرتی کشتوکاڵی بایەخی زۆری هەیە بۆ دابین کردنی گۆشت و شیر و بەرهەمەکانی. لە هەرێمی کوردستانیش بەهۆی بوونی لەوەرگا و پاوانەکان ئەم دەرفەتە رەخساوە بۆ ئەوەی بتواندرێت گەشە بەم کەرتە بدرێت و سوود لە بەرهەمەکانی وەربگیرێت. وەکو ئەوەی لە خشتەی (23) نیشان دراوە، مەڕ و بزن زۆرترین ئاژەڵن لە هەرێمی کوردستان کە ژمارەکانیان دەکاتە 2,399,176 و 1,223,949 سەر و گامێش کەمترین ژمارەی هەیە کە دەکاتە 3,120 سەر.

## پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ

شێوەی 49: پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2017



پرۆژەی مانگای شیر تەنها پرۆژەیە کە لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارەی گەرمیانیش بوونی هەیە، بەڵام بۆ تەواوی پرۆژەکانی تر بەم شێوەیە نیە. زۆرترین پرۆژەی مانگای شیر دەکەوێتە پارێزگای هەولێر  کە ژمارەیان دەکاتە 30 پرۆژە و زۆرترین پرۆژەی بەخێوکردنی مەڕ و بزن دەکەوێتە پارێزگای دهۆك کە ژمارەیان 41 پرۆژە دەبێت. بەگشتی زۆرترین پرۆژەی سامانی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە پارێزگای هەولێر کە ژمارەیان 92 پرۆژەیە و پارێزگای دهۆك 65 پرۆژە و پارێزگای سلێمانی 35 پرۆژە و هەریەك لە پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیانیش 6 پرۆژەیان هەیە.

## بڕی باران بارین

شێوەی 50: بڕی باران بارین لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013 - 2018




تێبینی: داتاکان بۆ بڕی باران بارین و پلەکانی گەرما لە بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە.

زۆرترین بڕی باران بارین لە هەرێمی کوردستان لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێم لە ساڵی 2018 تۆمارکردووە هەروەها کەمترین بڕی باران بارین لە ساڵی 2017 تۆمارکراوە، وەکو دیارە لە ساڵی 2018 پارێزگای سلێمانی زۆرترین باران باریوە کە بڕەکەی 1235 ملم دەبێت و پارێزگای دهۆك بە بڕی 953 ملم و پارێزگای هەولێر 734 ملم و پارێزگای هەڵەبجە بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی تری هەرێم کەمترین بڕی باران باریوە کە دەکاتە 653 ملم.

## پلەی گەرمی

خشتەی 24: پلەی گەرمی مانگەکان لە ساڵی 2018 لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

| پارێزگا | مانگەکان | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کانونی یەکەم | کانونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | ئایار | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم |
| هەولێر | بەرزترین | 6.6 | 8.1 | 13.5 | 15.7 | 20.6 | 25.7 | 28.9 | 27.6 | 25.4 | 20.9 | 12.2 | 8.6 |
| | نزمترین | 14.7 | 16.7 | 23.2 | 26.7 | 31.0 | 37.9 | 42.0 | 41.5 | 38.3 | 30.5 | 19.7 | 82.1 |
| | تێکرا | 10.7 | 12.4 | 18.4 | 21.2 | 25.8 | 31.8 | 35.5 | 34.6 | 31.9 | 25.7 | 16.0 | 45.4 |
| دهۆك | بەرزترین | 4.8 | 6.6 | 10.9 | 13.3 | 17.5 | 22.3 | 25.5 | 25.1 | 22.3 | 17.9 | 10.1 | 7.1 |
| | نزمترین | 13.2 | 15.0 | 21.8 | 25.2 | 29.3 | 36.3 | 40.9 | 40.2 | 36.9 | 29.1 | 18.3 | 13.1 |
| | تێکرا | 9.0 | 10.8 | 16.4 | 19.3 | 23.4 | 29.3 | 33.2 | 32.7 | 29.6 | 23.5 | 14.2 | 10.1 |
| سلێمانی | بەرزترین | 3.2 | 5.9 | 10.7 | 12.7 | 17.1 | 23.3 | 26.5 | 25.9 | 22.3 | 17.3 | 9.8 | 5.6 |
| | نزمترین | 12.7 | 14.6 | 21.3 | 23.8 | 28.1 | 36.3 | 40.9 | 40.2 | 36.7 | 27.7 | 17.5 | 12.5 |
| | تێکرا | 8.0 | 10.3 | 16.0 | 18.3 | 22.6 | 29.8 | 33.7 | 33.1 | 29.5 | 22.5 | 13.7 | 9.1 |
| هەڵەبجە | بەرزترین | 4.0 | 6.6 | 10.1 | 14.1 | 14.3 | - | 31.9 | 31.6 | - | 14.6 | 8.5 | - |
| | نزمترین | 13.1 | 14.8 | 24.0 | 23.5 | 30.7 | - | 40.5 | 36.6 | - | 30.0 | 19.9 | - |
| | تێکرا | 8.5 | 10.7 | 17.1 | 18.8 | 22.5 | - | 36.2 | 34.1 | - | 22.3 | 14.2 | - |

## ژمارە پێوانەیی بۆ نرخەکانی بەکاربەرCPI

ژمارەی پێوانەیی بۆ نرخی بەکاربەر یەکێکە لەو نیشاندەرانەی کە بەکاردێت لە توێژینەوەکانی ئابووری و پلانی گەشەکردن, چونکە رەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لەسەر کەرتەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردن لە کۆمەڵگادا روودەدەن. ژمارەی پێوانەیی لە ئاستێکی بەرفراوان بەکاردێت وەکو نێشاندەرێك بۆ هەژمارکردنی هەڵاوسان و داکشانی ئابووری. هەروەها وەکو پێوەرێك بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر هێزی کڕینی دراوی نیشتمانی دادێت و پێوانەکردنی ژمێریاری نەتەوەیی بۆ خەملاندنی زۆربەی چالاکییەکان وخەرجیەکانی تایبەت بەکاردێت کە پەیوەندی بەنرخی نەگۆر هەیە. بۆ دابین کردنی چوارچێوەی گونجاو بۆ کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکان پشت بەستراوە بە ئەنجامەکانی گەری دووەمی رووپێوی کۆمەڵایەتی و ئابووری خێزانی (IHSES2) لە ساڵی 2012.

ژمارە پێوانەیی بۆ ساڵی بنەڕەت 2012 یەکسانە بە 100 و بۆ ساڵانی بەراوورد لە 2015-2018 بەکارهاتووە کە ساڵی 2012 پێی دەوترێت ساڵی نەگۆری بنەرەت و لەگەڵ بەراوردی ساڵانی پێشووتر کە پێی دەوترێت ساڵی گۆراو.

خشتەی 25: ژمارەی پێوانەیی و تێکرای هەڵاوسان بۆ هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی بۆ ساڵانی 2015- 2018

| | ساڵ | ژمارەی پێوانەیی | رێژەی هەڵاوسان بەپێی ساڵی پایە 2012 | رێژەی هەڵاوسان بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشووتر وەک ساڵی پایە |
|---|---|---|---|---|
| هەرێم | 2015 | 102 | 2 | / |
| | 2016 | 96.8 | -3.2 | -5.1 |
| | 2017 | 94 | -6 | -2.8 |
| | 2018 | 94.9 | -5.1 | 0.9 |
| هەولێر | 2015 | 102.6 | 2.6 | |
| | 2016 | 94.2 | -5.8 | -8.2 |
| | 2017 | 93.8 | -6.2 | -0.5 |
| | 2018 | 96 | -4 | 2.4 |
| سلێمانی | 2015 | 100.9 | 0.9 | |
| | 2016 | 97.4 | -2.6 | -3.5 |
| | 2017 | 92.2 | -7.8 | -5.3 |
| | 2018 | 92.6 | -7.4 | 0.4 |
| دهۆک | 2015 | 105 | 5 | |
| | 2016 | 99.7 | -0.3 | -5 |
| | 2017 | 98.1 | -1.9 | -1.7 |
| | 2018 | 97.7 | -2.3 | -0.4 |

لە خشتەی (25) تێبینی دەکەین کە ژمارەی پێوانەیی لە ساڵانی 2015 - 2017 بەردەوام بووە لە داکشان. ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ بڕینی بوودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدرالی لەو ساڵانەدا و ئەو قەیرانەی تووشی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتوون کە بوونە هۆی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم. ئەم هۆیانە کاریگەری راستەوخۆی نەرێنییان هەبوو لەسەر توانای کڕینی بەکاربەران لە هەرێم بەتایبەتی کە زیاتر لە 50%ی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەنجامەکانی رووپێوی ئاسایشی خۆراک بۆ ساڵی 2016 بۆ بژێوی ژیانیان پشت بەو مووچەیە دەبەستن کە لەلایەن حکومەتەوە دابیندەکرێت.

شێوەی 51: تێکرای ژمارەی پێوانەیی لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2015-2018 بەبەراورد بە ساڵی بنەڕەت (2012)




لە شێوەی (51) دەرکەوتووە کە ژمارەی پێوانەیی بۆ ساڵی 2015 گەیشتووە بە 102% بەبەراورد بە ساڵی بنەڕەت کە قەیرانی دارایی لە سەرەتادا بوو. لە دوایی ساڵی 2016 ژمارەی پێوانەیی داکشا بۆ 96.8% بە هۆی کاریگەری پاشەکەوتی مووچە کە توانای کڕینی بەکاربەر نزم بووەوە و تارادەیەک بەکاربەر سەرنجی خستە سەر کڕینی خۆراك وەک پێداویستیەکی گرنگی ژیان، لەهەمان کاتدا ژمارەی پێوانەیی بۆ کەلوپەلە ناخۆراکییەکان نزمبووەوە بۆ کەمتر لە نیوە. لە ساڵی 2017 دا ژمارە پێوانەیی داکشا بۆ 94%. لەم ساڵەدا تێبینی دەکەین نزم بوونەوەیەکی گەورە روویداوە لە ژمارە پێوانەیی کە دڵنیای دەکاتەوە کە بارودۆخ هێشتا وەکو خۆیەتی کە کاریگەری کردە سەر بازاڕ بەشێوەیەکی گەورە کە تەنیا هاوڵاتیان پێی کاریگەر نەبوون بەڵکو لە هەموو

لایەک کاریگەری کردە سەر جوڵەی بازاڕ وەک کڕین و فرۆشتنی یەکەی نیشتەجێبوون و نرخی کرێیەکان بەشێوەیەکی زۆر نائاسایی دابەزی. لە ساڵی 2018 ژمارە پێوانەیی گەیشتە 94.9% و لەم ساڵە تێبینی دەکەین کە بەرزبوونەوە روویداوە ئەویش بەهۆی کەمکردنەوەی رێژەی پاشەکەوتی مووچە بەشێوەیەکی بەرچاو و وەرگرتنی مووچەی مانگانە لە کاتی دیاریکراودا کە بووە هۆی بەرزبوونەوەی لایەنی دەروونی هاوڵاتیان بەمجۆرە متمانەیەکی گەورە بۆیان دروست بوو لە وەرگرتنی مووچەی مانگانە بەشێوەیەکی بەردەوام بەبێ وەستان کە بۆتە هۆی جوڵەی بازاڕ و لەلایەکی ترەوە نەمانی جەنگی رێکخراوی تیرۆرستی داعش کە هەڕەشە بوو لەسەر بارودۆخی هاوڵاتیانی هەرێم.

شێوەی 52: ژمارە پێوانەیی گشتی بۆ پارێزگاکان و هەرێم بۆ ساڵانی (2015- 2016- 2017- 2018)




لە شێوەی (52) بۆمان دەردەکەوێ کە ژمارەی پێوانەیی لەسەر ئاستی هەرێم لە ساڵی 2015-2017 نزمبۆتەوە، بەڵام لە ساڵی 2018 بەرزبۆتەوە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش، جگە لە پارێزگای دهۆك کە لەساڵی 2015-2018 بەرەو نزمبوونەوە رۆیشتووە بەپێچەوانەی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی کە لە ساڵی 2018 بەرزبوونەوە پیشان دەدەن، بەڵام لەهەمان کاتدا پارێزگای دهۆک بەرزترین ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە بەراورد بە پارێزگاکانی تر.

شێوەی 53: بەراوردی ڕێژەی گۆڕانی ساڵانە بۆ هەرێم و پارێزگاکان




لە شێوەی 53 دەرکەوتووە کە ڕێژەی گۆڕانی ساڵانە لە نێوان ساڵانی 2015 و 2016 نزم بوونەوە هەیە لە هەرێم بە ڕێژەی 5.3% ، 8.2% لە پارێزگای هەولێر ، 3.5% لە پارێزگای سلێمانی و 5.0% لە پارێزگای دهۆك. هەروەها لە نێوان ساڵانی 2016 و2017 بەهەمان شێوە ڕێژەی گۆڕانی ساڵانە نزم بووەوە لە هەرێم بە ڕێژەی 2.8%، لە پارێزگای هەولێر 0.5% ، لە پارێزگای سلێمانی 5.3% و لە پارێزگای دهۆك 5.0% ، بەڵام ڕێژەی گۆڕانی ساڵانە بەرز بووەوە بەهۆی ڕوودانی هەڵاوسانی ئابووری لە نێوان ساڵانی 2017 و 2018 لە هەرێم بە ڕێژەی 0.9% ، لە پارێزگای هەولێر 2.4%، لە پارێزگای سلێمانی 0.4%، بەڵام لە پارێزگای دهۆك بە پێچەوانەی پارێزگاکانی تر نزمبووەوە بە ڕێژەی 0.4%.

شێوەی 54: بەراورد لە نێوان ژمارە پێوانەیی بۆ ساڵانی 2016 و 2018 بەپێی بەشە سەرەکییەکان




لە شێوەکەی (54) جیاوازی لە تێکرای ژمارە پێوانەیی بۆ ساڵانی 2016 و 2018 بەپێی بەشە سەرەکیەکان بۆ سەبەتەی کەل وپەل نیشان دەدات. هەرێمی کوردستان لە هەندێك بەشدا بەرزبووەنەی بەخۆوە دیوە و لە هەندێك بەشیشدا نزمبوونەوە بەدی دەکرێت. یەکێک لەو بەشە گرینگانەی کە نزمبۆتەوە بەشی خانووبەرەیە لە ساڵی 2018 بەهۆی ئەو قەیرانانەی تووشی هەرێم بوو لە ساڵی 2014 کە کاریگەری هەبوو لەسەر نزمبوونەوەی کرێی خانوو و شووقەی نیشتەجێ بوون. هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2010 و بەسەرەوە ئاستی بژێوی ژیانیان باشتر بوو و توانای کڕینی یەکەی نیشتەجێبون بەرەو بەرزبونەوە دەڕۆیشت، بەڵام لە ناوەراستی ساڵی 2014 و دواتر ئەو ئاستە بەرەو لاوازی رۆیشت بەهۆی قەیرانەکان و تا کۆتایی ساڵی 2018 بەردەوام بوو. ئەو قەیرانانە وایکرد کە کرێی نیشتەجێبوون بەرێژەیەکی بەرچاو دابەزێت و نرخی کڕین و فرۆشتنی یەکەی نیشتەجێبوون بەهەمان شێوە دابەزێت.

شێوەی 55: بەراوردی ژمارە پێوانەیی بۆ عیراق و هەرێمی کوردستان بەپێی بەشە سەرەکییەکان بۆ مانگی کانونی یەکەم ساڵی 2018




له شێوەی (55) بەراوردی ژمارەی پێوانەیی بۆ 12 بەشی سەرەکی لەگەڵ تێکرای گشتی بۆ هەر ناوچەیەک (کوردستان-ناوەڕاست-باشوور) لەگەڵ عیراق پیشان دەدات و تێبینی دەکەین کە رادەی داکشان لە هەرێمی کوردستان زیاترە لە ناوچەکانی تری عیراق.

شێوەی 56: ژمارە پێوانەیی بۆ هەرێمی کوردستان و عیراق و ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور بۆ ساڵی 2016




له شێوەی (56) جیاوازی روون دەبینین لە ژمارەی پێوانەیی نێوان ناوچەکان بۆ ساڵی 2016، بەشێوەیەک لە ناوچەی ناوەڕاست ژمارەی پێوانەیی بەرزە، دواتر عیراق و باشوور دێ کە ژمارەی پێوانەییان نزمترە، بەڵام تێبینی ئەوە دەکەین کەهەرێمی کوردستان زۆرترین نزمبوونەوەی بەخۆوە دیوە لەهەمان ساڵدا.

# گواستنەوە

## گواستنەوە لە ڕێی ئاسمانی

خشتەی 26: ئاماری چالاکی گواستنەوەی ئاسمانی لە فڕۆکەخانەکانی هەرێم 2017

| نیشاندەر | کۆی گشتی | هەولێر | سلێمانی | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی گەشتیارە گوێزراوەکان | 2,091,687 | 1,606,531 | 485,156 | فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەولەتی/ فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەولەتی |
| ژمارەی گەشتیاری ناوخۆیی | 739,727 | 583,503 | 156,224 | |
| ژمارەی گەشتیاری نێودەولەتی | 1,351,960 | 1,023,028 | 328,932 | |
| ژمارەی گەشتە ئاسمانیەکان (هاتوو، ڕۆیشتوو) | 22,844 | 15,294 | 7,550 | |
| ژمارەی گەشتی ناوخۆیی | 8,449 | 5,755 | 2,694 | |
| ژمارەی گەشتی نێودەولەتی | 14,395 | 9,539 | 4,856 | |

کەرتی گواستنەوە بەیەکێک لە کەرتە گرنگەکان دادەنرێت بۆ خزمەتکردنی هاونیشتیمانیان و گەشتیاران و بوژانەوەی ئەم کەرتە کاریگەری بەرچاوی هەیە لە بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری وڵات. ئەمڕۆ گرنگترین و سەلامەتترین ئامرازی گواستنەوە، گواستنەوەی ئاسمانییە بەهۆی گەیشتن بۆ شوێنی مەبەست بەکورترین ماوە بەبەراورد بە ئامرازەکانی تری گواستنەوە. کەرتی گواستنەوەی ئاسمانی ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە کۆی بەرهەمی هەرێمی ناوخۆیی لەرووی داهات لە هێزی کار و خزمەتگوزاری فڕۆکەخانەکان.

شێوەی 57: کۆی گشتی گەشتیارە گوێزراوەکان لە فڕۆکەخانەکانی هەرێم بۆ ساڵانی 2017-2014



لە شێوەی (57) دەرکەوتووە کە کۆی گشتی ژمارەی تۆمارکراوی گەشتیاران لە فرِۆکەخانەکانی هەرێم 2,091,687 گەشتیار بوون لەساڵی 2017 لەوانە، 1,606,531 گەشتیار لە فرِۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی و هەروەها لە فرِۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتی 485,156 گەشتیار بوو، لە ساڵی 2016 ژمارەی گەشتیاران لە فرِۆکەخانەکانی هەرێم 2,340,265 گەشتیار بوون لەوانە 1,814,272 گەشتیار لە فرِۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی و 525,993 گەشتیار لە فرِۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتی، ژمارەی گەشتیاران لەساڵی 2017 کەمی کردووە بەبەراوورد بە ساڵی 2016 بەرێژەی 10.6%، بەهۆی راگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەکان بۆ فرۆکەخانەکانی هەرێم.

## ئۆتۆمبێلەکانی تۆمارکراو

خشتەی 27: ئاماری ئۆتۆمبێلەکانی تۆمارکراو جگە لەکەرتی میری لەپارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی 2017

| نیشاندەر | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | هەرێم | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی ئۆتۆمبێلەکانی تۆمارکراو لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگاکان | 44,442 | 25,056 | 10,766 | 80,264 | بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) |
| ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکانی نەفەرهەڵگر/ تایبەت | 35,133 | 20,467 | 8,919 | 64,519 | |
| ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکانی نەفەرهەڵگر/ کرێ | 816 | 953 | 62 | 1,831 | |
| ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکانی بارهەڵگر | 8,493 | 3,636 | 1,785 | 13,914 | |

لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان ئۆتۆمبێل بە هەموو جۆر و قەبارەکانیەوە بەربڵاوترین ئامرازی گواستنەوەیە کە کاریگەری هەیە لەبەرەو پێشوەچوونی بواری ئابووری و رەنگدانەوەی ئەرێنی هەیە لەسەر جوڵەی بازرگانی ناوخۆی و دەرەکی سەرەرِای ئەمانەش بەدوور نیە لەزیانی گیانی و تەندروستی هەروەها هۆکارە بۆ پیس بوونی ژینگە بە تایبەت لە شارە گەورەکان کە جەنجاڵی زۆری دروست کردووە بەهۆی زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و بەپێی توێژینەوەیەك کە لە سایتی ووشە بڵاوکراوەتەوە سەرجەم پێوانەکان لە هەرێمی کوردستان شکێنراون و ستاندارد بۆ رێگای 25 مەتر پانی و 150 کیلۆمەتر پێویستە 10 هەزار ئۆتۆمبێل هەبێت، لەکاتێکدا لە سنووری هەولێر بۆ بێخاڵ 160 کیلۆمەتر درێژە و 18 مەتر پانی بەڵام 37 هەزار ئۆتۆمبیلی بەردەکەوێت.

شێوەی 58: ئاماری ئۆتۆمبێڵەکانی تۆمارکراو جگە لە کەرتی میری لە پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵانی 2014_2017




بەپێی شێوەی (58) دەردەکەوێت کە ژمارەی ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو لە پارێزگاکانی هەرێم لە ساڵی 2017 دەکاتە 80,264 ئۆتۆمبێل، لە ساڵی 2016 ژمارەیان 44,748 ئۆتۆمبێل بوو، ساڵی 2017 بەراورد بە ساڵی 2016 بەرێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە کە دەکاتە 44.2%، کە رەنگە لەبەر باشتربوونی بارودۆخی ئابووری لە هەرێمی کوردستان ئەم گۆرانکارییە روویدا. لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش بۆ ساڵی 2017 بەرزترین ژمارە لە پارێزگای هەولێر (44442) و نزمترین ژمارە لە پارێزگای دهۆک (10766) تۆمارکراوە.

## رووداوەکانی هاتووچۆ

خشتەی 28: ئاماری رووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2017

| نیشاندەر | هەرێم | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆی ژمارەی رووداوەکانی هاتووچۆ لەپارێزگاکانی هەرێم | 3,958 | 1,354 | 1,184 | 1,152 | 268 | بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێم، بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی سلێمانی، دهۆك و ئیدارەی گەرمیان |
| ژمارەی مردووان | 630 | 219 | 218 | 145 | 48 | |
| ژمارەی بریندداربووان | 6,660 | 1,437 | 3,193 | 1,658 | 372 | |
| ژمارەی رووداوەکانی مردووان | 483 | 189 | 134 | 112 | 48 | |
| ژمارەی رووداوەکانی بریندداربووان | 3,475 | 1,165 | 1,050 | 1,040 | 220 | |

رووداوی هاتووچۆ رووداوێکە بەبێ پلانی پێشوەختە لە ئەنجامی تیژی لێخوڕین یان تووشبوونی ئامرازێکی گواستنەوەی جووڵاو یان زیاتر لەگەڵ چەند ئامرازێکی تری گواستنەوە یان لەگەڵ پیادە یان ئاژەڵ یان لەگەڵ تەن لەسەر رێگای گشتی و تایبەت بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە قوربانیانی لێ دەکەوێتەوە لە نێوانیشیاندا مردووان و بریندااران، سەرەڕای ئەمانەش زیانی ماددی لە ئەنجامی کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی یاسا و بنەماکانی هاتووچۆ لەلایەن شوفێرانەوە و فەرامۆش کردنی هێماکانی هاتووچۆ و خراپی رێگاوبان و زیادبوونی ئۆتۆمبێل بەرێژەیەکی بەرچاو.

شێوەی 59: ژمارەی ئەو رووداوانەی کە مردن و برینداری لێکەوتۆتەوە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2016-2017




لە کۆی رووداوەکانی هاتووچۆ بۆ ساڵی 2017 (3,958)، لەوانە 483 رووداوی مردن و 3,475 رووداوە بەبێ زیانی گیانی بووە، ژمارەی رووداوەکان لە ساڵی 2016 (4,040) رووداوە لەوانە (511) رووداوی مردن و (3,529) رووداو بە بێ زیانی گیانی، بە گشتی ژمارەی رووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2017 بەرێژەیەکی کەم کەمی کردووە بەبەراوورد بە ساڵی 2016 کەدەکاتە 2.0%، هەروەها لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم لە کۆی ژمارەی رووداوەکانی هاتووچۆ بۆ ساڵی 2017 جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدیناکرێت بەشێوەیەک کە پارێزگای هەولێر 1354, سلێمانی 1184 و دهۆک 1152 رووداو بووە.

## شەقامی قیرتاوکراو

خشتەی 29: کۆی درێژی شەقامی قیرتاوکراو لە پارێزگاکانی هەرێم (کم) بۆ ساڵی 2017*

| نیشاندەر | هەرێم | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆی درێژی شەقامی قیرتاوکراو بە (کم) لەپارێزگاکانی هەرێم | 123.2 | 3.5 | 119.7 | / | وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ بوون/بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەکنیك |
| کۆی درێژی شەقامی سەرەکی قیرتاوکراو بە (کم) | 1.0 | / | 1 | / | |
| کۆی درێژی شەقامی لاوەکی و دێهاتی قیرتاوکراو بە (کم) | 22.2 | 3.5 | 18.7 | / | |
| کۆی درێژی پرد بە مەتر | 100.0 | / | 100 | / | |

* لە خشتەی (29) رێگای قیرتاوکراو ئەو رێگایانەن کە لەدەرەوەی سنوری شارەوانیەکانن لە پارێزگاکانی هەرێم

رێگای سەرەکی : ئەو رێگایانە دەگرێتەوە کە پانیەکەی لە 7مەتر زیاتر بێت ودوو رێرەو بێت یان تیژی لێخورین 80 کیلۆمەتر/کاتژمێر یان زیاتر بێت.

لاوەکی : ئەو رێگایانە لە خۆدەگرێت کە پانیەکەی لە 7مەتر کەمتربێت و تاك (یەك) رێڕەو بێت تیژی لێخورین 80 کیلۆمەتر/کاتژمێر یان کەمتر بێت.

رێگای گوند: ئەو رێگایانە لە خۆدەگرێت کە تاك رێڕەون و بەشێوەیەکی سادە دروستکراون کە تەنها بۆ هاتوچۆ و گواستنەوەیە لە نێوان گوندەکاندا.

شێوەی 60: کۆی درێژی شەقامی قیرتاوکراو لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە (کم) بۆ ساڵانی 2014-2017




کۆی گشتی درێژی شەقامی قیرتاوکراو لە ساڵی 2017 (123.2کم) و لە ساڵی 2016 (11.4 کم) بووە. لە ساڵی 2017 ئەم ڕێژەیە بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینیوە بەبەراورد بە ساڵی 2016 بە ڕێژەی 90.7%. بەپێی ئەو شێوەییەی لەسەرەوە هاتووە، نزمترین ئاست لە ساڵی 2016 تۆمار کراوە بە بەراورد بە ساڵانی 2014-2015 ئەویش بەهۆکاری ئەو قەیرانە داراییەی کە هەرێمی کوردستان دووچاری بووەوە و دابەزینێکی بەرچاوی نرخی نەوت لەسەر ئاستی جیهان.

# کەرتی گەشتیاری

کەرتی گەشتیاری لە رووی داهات و بەکارخستنی هێزی کار و بەبازاڕکردنی بازاڕەکان یەکێکە لەو کەرتانەی کە بەسەرچاوەیەکی گرنگی ئابووری دادەنرێت لە وڵاتان. هەرێمی کوردستانیش یەکێکە لەو هەرێمانەی کە گەشتیارێکی زۆر سەردانی دەکەن بەهۆی بوونی چەندین شوێنی سروشتی جوان و دڵرفێن و شوێنەواری مێژوویی و ئەو سەقامگیری و ئارامییەی لە هەرێم دا هەیە. دەستەی ئاماری هەرێم بە هاوکاری دەستەی گشتی گەشت و گوزار بەپێی پلانی ساڵانە کار دەکات بۆ کۆکردنەوەی داتای وورد لەسەر یەکەگەشتیارییەکان لە هەرێم بۆ ئاگاداربوون لە بارودۆخی شوێنە گەشتیارییەکان و ژمارەی گشتی گەشتیارانی ناوەخۆ و بیانی و دەرەوەی هەرێم بەپێی شەوانی مانەوەیان. داهاتی دەستکەوتوو لە کەرتی گەشتیاری رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە بەرزکرنەوەی کۆی بەرهەمی هەرێمی ناوخۆیی.

شێوەی 61: ژمارەی یەکەگەشتیارییەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی 2016-2013




لە شێوەی (61) بەپێی ئەو رووپێوانەی دەستەکەمان ئەنجامیان داوە لە ساڵانی 2013 و 2016 دەرکەوتووە کە ژمارەی یەکەگەشتیارییەکان لە ساڵی 2013 کە 711 یەکە بووە بە بەراورد بە ساڵی 2016 کە ژمارەیان بووە بە 577 یەکە بەرێژەی 19% کەمی کردووە. هۆکاری کەمبوونەوەی ئەو رێژەیە دەگەرێتەوە بۆ شەرِی سەپێنراوی داعش بەسەر عیراق بەگشتی و هەرێم بە دروست بوونی ناوچەی نائارام (ژێر دەستی داعش) لە نێوان هەرێم و پارێزگاکانی تری عیراق و نائارامی ناوچەکە بەگشتی بووە هۆی نەهاتنی گەشتیاران لەدوای ساڵی 2014. لە دەرەنجامی ئەم نائارامیە، هەندێ لە یەکەگەشتیارییەکان ناچار بوون بەشێوەیەکی کاتی یەکەگەشتیارییەکانیان دابخەن یان پیشەکەیان بگۆڕن .

خشتەی 30: ژمارەی میوان و شەوانی مانەوەیان بەپێی رەگەزنامەو پارێزگا بۆ ساڵی 2013 و 2016

| بابەت | هەولێر | | دهۆک | | سلێمانی | | هەرێم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2013 | 2016 | 2013 | 2016 | 2013 | 2016 | 2013 | 2016 |
| ژمارەی میوانانی ناوخۆیی | 1,907,114 | 559,278 | 220,384 | 102,616 | 374,806 | 352,878 | 2,502,304 | 1,014,772 |
| شەوانی مانەوەی میوانانی ناوخۆیی | 3,768,503 | 1,763,098 | 694,348 | 583,114 | 901,446 | 811,809 | 5,364,297 | 3,158,021 |
| ژمارەی میوانانی وڵاتانی عەرەبی | 70,736 | 51,493 | 20,108 | 3,336 | 10,080 | 13,518 | 100,924 | 68,347 |
| شەوانی میوانانی وڵاتانی عەرەبی | 229,473 | 219,864 | 105,251 | 16,395 | 22,180 | 21,374 | 356,904 | 257,633 |
| ژمارەی میوانانی بیانی | 173,137 | 106,412 | 34,311 | 18,074 | 56,464 | 30,833 | 263,912 | 155,319 |
| شەوانی مانەوەی میوانانی بیانی | 568,994 | 205,206 | 110,977 | 56,773 | 187,839 | 61,389 | 867,810 | 323,368 |
| کۆی گشتی میوانانی هەرێم | 2,144,390 | 717,183 | 274,801 | 124,026 | 441,611 | 397,229 | 2,860,802 | 1,238,438 |
| کۆی شەوانی مانەوەی میوانانی هەرێم | 4,566,970 | 2,188,168 | 910,576 | 656,282 | 1,111,465 | 894,572 | 6,589,011 | 3,739,022 |

لە خشتەی (30) دەرکەوتووە کە ژمارەی میوانی دابەزیو لە یەکەگەشتیارییەکان لە هەرێم لە ساڵی 2016 دەکاتە 1,238,438 میوان بەبەراورد بە میوانانی ساڵی 2013 کە ژمارەیان 2,872,681 میوان بووە بەرێژەی 56.8 % کەمی کردووە. هەروەها ژمارەی شەوانی مانەوەی میوانان لە یەکەگەشتیارییەکانی هەرێم لەساڵی 2016 گەیشتووتە 3,739,022 شەو کە بەرێژەی 43% کەمیکردووە و بەبەراورد بە شەوانی مانەوەی میوانان لە ساڵی 2013 کە دەکاتە 6.589.011 شەوە .

خشتەی 31: ژمارەی کارکەران و کۆی گشتی خەرجییەکان و داهاتی دەستکەوتوو لە یەکەگەشتیارییەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی 2013 -2016

| بابەت | هەولێر | | دهۆک | | سلێمانی | | هەرێم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2013 | 2016 | 2013 | 2016 | 2013 | 2016 | 2013 | 2016 |
| ژمارەی کارکەران لە یەکەگەشتیارییەکان | 3,742 | 2,750 | 902 | 725 | 1,187 | 1,348 | 5,831 | 4,823 |
| خەرجی گشتی یەکەگەشتیارییەکان (بە هەزار دینار) | 123,135,337 | 94,249,232 | 16,692,412 | 10,895,927 | 28,272,249 | 28,178,038 | 168,099,998 | 133,323,197 |
| داهاتی گشتی یەکەگەشتیارییەکان (بە هەزار دینار) | 265,048,142 | 141,551,814 | 21,329,527 | 15,621,328 | 41,754,910 | 47,430,590 | 328,132,579 | 204,569,898 |

خشتەی (31) جیاوازی ژمارەی کارکەران و خەرجی و داهاتی گشتی یەکەگەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013 و 2016 لەسەر ئاستی هەرێم و پارێزگاکان پیشان دەدات. نیشاندەری یەکەم کە تایبەتە بە ژمارەی کارکەران دەرکەوتووە کە لە ساڵی 2016 ژمارەی کارکەرانی کارکردوو لە یەکەگەشتیارییەکانی هەرێم 4823 کارکەر بووە بەراورد بە 5831 کارکەر لە ساڵی 2013 بەرێژەی 17.2% دابەزینی بەخۆوە بینیوە. نیشاندەری دووەم دەرکەوتوە کۆی گشتی خەرجی لە یەکەگەشتیارییەکانی هەرێم لە ساڵی 2016 کە 133 ملیار و 323 ملیۆن و 197 هەزار دینار بووە بەراورد بە 168 ملیار و 99 ملیۆن و 998 هەزار دینار خەرجی لە ساڵی 2013 بەرێژەی 20.7% دابەزینی بەخۆوە بینیوە. نیشاندەری سێیەم دەرکەوتووە کۆی گشتی داهات لە یەکەگەشتیارییەکانی هەرێم لە ساڵی 2016 کە 204 ملیار و 569 ملیۆن و 898 هەزار دینار بووە و بەراورد بە 328 ملیار و 132 ملیۆن و 579 هەزار دینار داهات لە ساڵی 2013 بەرێژەی 37.6% دابەزینی بەخۆوە بینیوە.

## ئاڵوگۆڕی بازرگانی-هاوردەکردن

هەبوونی پلانێکی ئابووری گشتی بۆ هەرێمێکی تازە پێگەیشتووی وەک هەرێمی کوردستان پێویستییەکی گرنگە بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و جیهاندا. لێرەدا هاوەردەکردن و هەناردەکردن رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە دارشتنی پلانی درێژخایەن و بنیادنانی ژێرخانی ئابوورییەکی بەهێز بۆ هەرێمەکەمان.

هاوردە کە بابەتی راپۆرتەکەی ئێمەیە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بەشدارە لە بەرزکردنەوەی تێکڕای گەشەسەندنی داهاتی نیشتیمانی لە رێگەی هاوردەی کەرەستەی وەبەرهێنان و پێداویستییەکانی بەرهەمهێنان. هەناردە بەشێوەیەکی راستەوخۆ هاوکارە لە گەشەسەندنی داهاتی نیشتیمانی، سەرچاوەی سەرەکی داهاتی هەناردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عیراق بەگشتی لە رێگەی هەناردەی نەوتەو بەم داهاتە توانیویەتی بڕی بەهای پێویست دابین بکات بۆ هاوردەی ئامێر و کاڵا و کەرەستەی پێویست بۆ پەرەپێدان و بەڕێوەبردنی کاری دامودەزگاکان و کەرتی تایبەت بۆ بەرهەمهێنان.

خشتەی 32: ئاڵوگۆری بازرگانی (هاوردە) لە نێوان عیراق، هەرێمی کوردستان و جیهان (بەپێی کیشوەرەکان) بۆ ساڵانی 2016 و2017

بەها بە 1000 دۆلاری ئەمریکی

| شوێنی لێهاوردەکراو | بەها لە 2016 | | بەها لە 2017 | |
|---|---|---|---|---|
| | عیراق بە گشتی* | هەرێمی کوردستان | عیراق بە گشتی | هەرێمی کوردستان |
| ئەفریقا جگە لە وڵاتە عەرەبییەکان | 18,058 | 1,080 | 15,898 | 11,097 |
| وڵاتە عەرەبییەکان | 8,256,075 | 3,128,403 | 15,008,889 | 8,869,929 |
| ڕۆژهەڵاتی ئاسیا | 9,489,327 | 1,717,189 | 10,162,585 | 6,089,308 |
| ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست** | 13,768,149 | 9,002,342 | 15,204,132 | 9,175,516 |
| ئەمریکای باکوور | 1,382,350 | 352,148 | 1,269,627 | 330,085 |
| وڵاتانی ئۆقیانوسەکان | 31,547 | 4,603 | 75,789 | 8,311 |
| ئەمریکای باشوور | 653,641 | 79,037 | 1,127,175 | 163,954 |
| باشووری ئاسیا | 1,105,177 | 121,766 | 856,950 | 414,871 |
| باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا | 348,349 | 88,323 | 427,955 | 109,173 |
| وڵاتانی ئەوروپی(یەکێتی ئەوروپا) | 4,286,893 | 1,274,204 | 4,246,320 | 2,795,499 |
| ئەوروپا (جگە لە وڵاتانی سەر بە یەکێتی ئەوروپا) | 1,565,579 | 140,229 | 939,346 | 554,895 |
| وڵاتانی ئاسیای ناوەند | 23,621 | 18,620 | 23,912 | 22,107 |
| سەرجەم | 40,928,766 | 15,927,944 | 49,358,578 | 28,544,746 |

تێبینی: ئاڵوگۆری بازرگانی (هاوردە) نێوان عیراق، هەرێمی کوردستان و جیهان لە ساڵانی 2016 و 2017 لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی/پلاندانان وەرگیراوە

*کۆی بەهای هاوردەی عیراق بەگشتی لەگەڵ پشکی هەرێمی کوردستان

** هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران لە خۆ دەگرێتەوە

لە خشتەی (32) ئاڵوگۆڕی بازرگانی (هاوردە) بەپێی شوێنە جوگرافییەکان بۆ عیراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان پیشان دراوە بۆ ساڵانی 2016 و 2017. کۆی بەهای کەرەستەی هاوردە بۆ هەرێمی کوردستان لەساڵی 2017 بەرێژەی 44.2% زیادیکردووە بەراورد بە بەهای کەرەستەی هاوردە لە ساڵی 2016. زۆرترین کەرەستەی هاوردەکراو بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (تورکیا و ئێران) بووە کە بەهاکەی زیاتر لە 9 ملیار دۆلار بوو بۆ هەر ساڵێک (2017 و2016)، دواتر وڵاتە عەرەبیەکان دێت بە پلەی دووەم کە بەهاکەی بۆ هەردوو ساڵی 2016 و 2017 دەگاتە زیاتر لە 12 ملیار دۆلار، دواتر ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دێت کە بەهاکەی بۆ هەردوو ساڵی 2016 و 2017 دەگاتە نزیکەی 8 ملیار دۆلار.

خشتەی 33: ئاڵوگۆڕی بازرگانی (هاوردە) نێوان عیراق، هەرێمی کوردستان و جیهان بەپێی کۆمەڵەی (hs2002=harmonized system) لە نێوان 2014ـ2017 (بەها بە 1000 USD)

| بابەت | بەها 2014 | بەها 2015 | بەها 2016 | | بەها 2017 | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەرێمی کوردستان | هەرێمی کوردستان | عیراق بەگشتی | هەرێمی کوردستان | عیراق بەگشتی | هەرێمی کوردستان |
| ئاژەڵی زیندوو بەرهەمە ئاژەڵیەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە | 719,589 | 620,672 | 2,411,554 | 1,187,811 | 2,800,261 | 1,604,704 |
| بەرهەمە رووەکییەکان ،خۆراکی ئامادەکراو، خواردنەوەی کحولی وناکحولی ،خەل و توتن ، چەوری ئاژەڵ و رووەکی . | 2,631,045 | 2,426,088 | 6,212,359 | 3,355,002 | 8,546,784 | 4,846,240 |
| بەرهەمە کانزاییەکان ،کیمیاوییەکان ،پیشەسازییەکان ، فلزەسەرەکییەکان ، کەل و پەلی بیناسازی . پلاستیکیەکان. | 4,015,913 | 3,250,682 | 14,577,843 | 6,214,747 | 16,298,841 | 9,039,149 |
| قوماش و جل و بەرگ ، پێڵاو و کڵاو و چەتر | 246,295 | 211,782 | 708,894 | 262,109 | 831,678 | 519,265 |
| دارو و کەل و پەلی دار ، خەڵوزی دار ، تەپەدۆرەی دار ، هەویری دار (پالپ ) و ریشاڵەی سیلولۆزی | 832,893 | 735,506 | 3,336,403 | 1,049,437 | 5,506,053 | 4,072,288 |
| مەکینە ،ئامێری میکانیکی و کارەبایی ، گواستنەوەو وێنەگری ، پزیشکی ، کۆنترۆڵ و پێوانەکردن و چەك و تەقەمەنی و هونەری و ئەنتیك و بۆن کردن . | 7,309,505 | 5,663,760 | 12,777,414 | 3,858,840 | 15,374,960 | 8,463,099 |
| کۆی گشتی | 15,755,241 | 12,908,487 | 40,580,417 | 15,927,946 | 49,358,578 | 28,544,746 |

کۆی گشتی بەهای کەرەستەی هاوردەکراو بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2017 (28) ملیار دۆلار بوو، بەڵام بەهای کەرەستەی هاوردەکراو بۆ ساڵانی 2014 و 2016 زۆر لێک نزیکن کە (16) ملیار دۆلار بووە و کەمترین بەهای هاوردەکراویش لە ساڵی 2015 بووە کە نزیکەی (13) ملیار دۆلار بووە. زۆرترین بەهای کەرەستەی هاوردەکراوی هەرێمی کوردستان لە بابەتی ( مەکینە، ئامێر،ئامرازی میکانیکی و کارەبایی وبەرهەمە کانزاییەکان ..هتد ) بووە کە بەهاکەیان نزیکەی (9) ملیار دۆلارە. لە خشتەی (33) تەنها هاوردە دیاریکراوە لەبەر ئەوەی بەهای هەناردە بەردەست نەبوو لەکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە.

# پیشەسازی

کەرتی پیشەسازی رۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەیە لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئابووری وڵاتان بەهۆی دەستکەوتی داهات لەبەرهەمهێنان و بەگەڕخستنی دەستی کار کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی کۆی بەرهەمی هەرێمی ناوخۆیی. بۆ ئەم مەبەستەش دەستەی ئاماری هەرێم لەگەڵ لایەنی تری پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێم کار دەکات بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی ئاماریی وردی ساڵانەی کەرتی پیشەسازی.

## دامەزراوەی پیشەسازی گەورە و مامناوەند

خشتەی 34: نیشاندەرەکانی دامەزراوەی پیشەسازی گەورە و مامناوەند بۆ ساڵی 2013

بەها بەملیۆن دینار

| نیشاندەرەکان | دامەزراوەی گەورە | دامەزراوەی مامناوەند |
|---|---|---|
| کۆی کرێ، مووچە و سوودەکان | 123136 | 24736 |
| کۆی بەهای پێداویستییەکان | 649970 | 170626 |
| کۆی بەهای بەرهەم | 1500367 | 287193 |

بەپێی خشتەی (34)، بەپێی ئەنجامەکانی رووپێوی پیشەسازی دامەزراوەی پیشەسازی گەورە و مامناوەند بۆ ساڵی 2013کۆی کرێی مووچەو زێدەکی، کۆی بەهای بەرهەم و کۆی بەهای پێداویستییەکان بۆ دامەزراوەی پیشەسازی گەورە و مامناوەند نیشاندراوە، بەڵام ئەم زانیارییانە بەردەست نین بۆ ساڵی 2018 و ئێستا ئامادەکاری دەکرێت بۆ ئەنجامدانی رووپێوی مەیدانی دامەزراوەی گەورەو مامناوەند.

شێوەی 62: ژمارەی دامەزراوەی پیشەسازی گەورە و مامناوەندی کارکردوو لەسەر ئاستی پارێزگاکان بۆ ساڵانی 2013 و 2018




لە شێوەی (62) دەرکەوتووە کە بەپێی ئەنجامەکانی رووپێوی پیشەسازی دامەزراوەی پیشەسازی گەورە و مامناوەندی کارکردوو بۆ ساڵی 2013 و قۆناغی نوێکردنەوەی چوارچێوەی هەمان رووپێو بۆ ساڵی 2018 لە هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی دامەزراوەکان لە 271 بۆ ساڵی 2013 بەرزبۆتەوە بۆ 540 دامەزراوە بۆ ساڵی 2018 واتە ژمارەی دامەزراوەکان بە رێژەی 99% بەرزبۆتەوە. لە سەر ئاستی پارێزگاکانیش ژمارەی دامەزراوەکان لە پارێزگای هەولێر لە 76 دامەزراوە بەرزبۆتەوە بۆ 158، لە پارێزگای سلێمانی لە 154 دامەزراوە بەرزبۆتەوە بۆ 277 وە لە پارێزگای دهۆک لە 41 دامەزراوە بەرزبۆتەوە بۆ 105.

خشتەی 35: ژمارەی دامەزراوەی پیشەسازی گەورە و مامناوەندی کارکردوو لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 و 2018

| نیشاندەرەکان | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆک | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2013 | 2018 | 2013 | 2018 | 2013 | 2018 | 2013 | 2018 |
| ژمارەی دامەزراوەی گەورە | 36 | 55 | 41 | 50 | 12 | 14 | 89 | 119 |
| ژمارەی دامەزراوەی مامناوەند | 40 | 103 | 113 | 227 | 29 | 91 | 182 | 421 |

بەپێی ئەنجامەکانی رووپێوی پیشەسازی دامەزراوەی گەورە و مامناوەندی کارکردوو بۆ ساڵی 2013 و قۆناغی نوێکردنەوەی چوارچێوەی هەمان رووپێو بۆ ساڵی 2018، دەرکەوتووە کە لە ساڵی 2018 کۆی گشتی ژمارەی دامەزراوەی پیشەسازی گەورە 119 و دامەزراوەی پیشەسازی مامناوەند 421 دامەزراوەیە بەبەراورد بە ساڵی 2013 کە کۆی گشتی ژمارەی دامەزراوەی پیشەسازی گەورە 89 و دامەزراوەی پیشەسازی مامناوەند 182 دامەزراوە بووە. بە شێوەیەکی گشتی لە ساڵی 2018 دامەزراوەی گەورە بە رێژەی 34% و دامەزراوەی مامناوەند بەرێژەی 131% بەرزبۆتەوە بەبەراورد بە ساڵی 2013. لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش ژمارەی دامەزراوەکان لە ساڵی 2018 بەرزبۆتەوە بەراورد بە ساڵی 2013 کە نیشاندراوە لە خشتەی ژمارە (35).

شێوەی 63: ژمارەی دامەزراوەی گەورە بەگوێرەی کەرت لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013




لە شێوەی (63) دەردەکەوێت کە لە ساڵی 2013 دا لە کۆی گشتی 89 دامەزراوەی گەورە، لە کەرتی تایبەت 72، لە کەرتی تێکەڵاو 5 و لەکەرتی گشتی 12 دامەزراوە هەن.

شێوەی 64: ژمارەی کرێکاران لە دامەزراوەی گەورە و مامناوەندی کارکردوو لەسەر ئاستی پارێزگاکان بۆ ساڵانی 2013 و 2018




لە شێوەی (64) دەرکەوتووە بەپێی ئەنجامەکانی رووپێوی پیشەسازی دامەزراوەی گەورە و مامناوەندی کارکردوو بۆ ساڵی 2013 و قۆناغی نوێکردنەوەی چوارچێوەی هەمان رووپێو بۆ ساڵی 2018، لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی کرێکاران لە 10894 بۆ ساڵی 2013 بەرزبۆتەوە بۆ 21409 کرێکار بۆ ساڵی 2018 واتە بەرێژەی 97%. لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش ژمارەی کرێکاران بەرزبۆتەوە بەو شێوەیە کە لە پارێزگای هەولێر لە 4235 کرێکار بۆ 9371، لە پارێزگای سلێمانی لە 5824 کرێکار بۆ 10009 و لە پارێزگای دهۆك لە 835 کرێکار بۆ 2029 .

خشتەی 36: ژمارەی کرێکاران لە دامەزراوەی پیشەسازی گەورە و مامناوەندی کارکردوو لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013 و 2018

| نیشاندەرەکان | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆك | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2013 | 2018 | 2013 | 2018 | 2013 | 2018 | 2013 | 2018 |
| ژمارەی کرێکار لە دامەزراوەی گەورە | 3627 | 7621 | 4336 | 6959 | 443 | 796 | 8406 | 15376 |
| ژمارەی کرێکار لە دامەزراوەی مامناوەند | 608 | 1750 | 1488 | 3050 | 392 | 1233 | 2488 | 6033 |

خشتەی (36) ژمارەی کرێکار لە دامەزراوەی گەورەو مامناوەند بەگوێرەی پارێزگاکان نیشان دەدات. بەپێی ئەنجامەکانی رووپێوی پیشەسازی دامەزراوەی گەورە و مامناوەندی کارکردوو بۆ ساڵی 2013 و قۆناغی نوێکردنەوەی چوارچێوەی هەمان رووپێو بۆ ساڵی 2018، دەردەکەوێت کە لە ساڵی 2018 کۆی گشتی ژمارەی کرێکارانی پیشەسازی گەورە 15376 و لە پیشەسازی مامناوەند 6033 کرێکار بووە بە بەراورد بە ساڵی 2013 کە کۆی گشتی ژمارەی کرێکارانی پیشەسازی گەورە 8406 و لە پیشەسازی مامناوەند 2488 کرێکار بووە. بە شێوەیەکی تر لە ساڵی 2018 ژمارەی کرێکاران لە دامەزراوەی گەورە بەرێژەی 83% و لە دامەزراوەی مامناوەند بەرێژەی 142% بەرزبۆتەوە بەبەراورد بە ساڵی 2013.

## دامەزراوەی بچووک

دامەزراوە بچووکەکان بریتیینە لەو دامەزراوە پیشەسازییانەی کە ژمارەی کرێکارانی لە نێوان (1-9) کرێکارە. گرینگترین چالاکییەکانی پیشەسازی بچووک بریتین لە نانەواخانەکان، شیرنەمەنی، شیرەمەنی، ساردەمەنی، چنین و بەرگدروو، چاپەمەنی ....هتد.

خشتەی 37: نیشاندەرەکانی دامەزراوەی پیشەسازیی بچوکی کارکردوو لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2013)

| نیشاندەرەکان | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی دامەزراوەکان | 2375 | 5799 | 2213 | 10387 |
| ژمارەی کرێکاران | 7539 | 20534 | 5788 | 33861 |
| کرێی پێدراو بە کرێکاران (ملیۆن دینار) | 40,968 | 124,759 | 21,403 | 187,130 |
| بەهای پێداویستییەکان (ملیۆن دینار) | 96,661 | 407,711 | 146,328 | 650,700 |
| کۆی داهات (ملیۆن دینار) | 221,714 | 704,210 | 209,837 | 1,135,761 |

بەپێی خشتەی (37)، کۆی داهات لە کەرتی پیشەسازی بچووک لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە نزیکەی 1 ترلیۆن و 136 ملیار دینار لە ساڵی 2013. هەروەها کۆی کرێی پێدراو بە کرێکاران 187 ملیار و 130 ملیۆن دینار و کۆی بەهای پێداویستییەکان نزیکەی 651 ملیار دینار بووە. لەسەر ئاستی پارێزگاکان، دەرکەوتووە کە لە کۆی بەهای داهات جیاوازیی بەرچاو بەدیدەکرێت لە نێوان پارێزگاکانی هەرێم بەشێوەیەک کە لە پارێزگای هەولێر 221 ملیار و 714 ملیۆن دینار و پارێزگای دهۆک 209 ملیار و 837 ملیۆن دینار لەگەڵ پارێزگای سلێمانی 704 ملیار و 210 ملیۆن دینار بووە.

شێوەی 65: ژمارەی دامەزراوەکان و کرێکاران لە دامەزراوەی پیشەسازی بچووکی کارکردوو لەسەر ئاستی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2013




لە شێوەی (65) ژمارەی دامەزراوەکان و کرێکارەکان بۆ دامەزراوەی پیشەسازی بچووک لەسەر ئاستی پارێزگاکان نیشاندراوە، بەگوێرەی ئەنجامی رووپێوی پیشەسازی دامەزراوەی بچووک بۆ ساڵی 2013 دەردەکەوێت کۆی گشتی ژمارەی دامەزراوەی بچوک 10387 دامەزراوەیە و کۆی گشتی ژمارەی کرێکارەکان 33861 کرێکارن. زۆرترین دامەزراوە دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی کە ژمارەیان 5799 دامەزراوەیە، لە پارێزگای هەولێرو دهۆك ژمارەی دامەزراوەکان لەیەك نزیکن بە جۆرێك 2375 دامەزراوە لە هەولێرو 2213 دامەزراوە دەکەوێتە پارێزگای دهۆك.

## کانگاکان (المقالع)

مەبەستمان لە کانگا لەم رووپێوە گشتگیرە ئەو شوێنەیە کە هەڵدەستن بە دەرهێنانی قوم و چەگل لە  چەم، زێ و رووبار کە لە ساڵی 2014 ئەنجامدراوە کە تیایدا ژمارەی کانگاکان  بریتیبوو لە 487 کانگا و ژمارەی کرێکارەکان 4333 کرێکار بوو.

خشتەی 38: نیشاندەری کانگاکان (المقالع) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2014

| نیشاندەر | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی دامەزراوەکان | 173 | 195 | 119 | 487 |
| ژمارەی کرێکاران | 1358 | 1881 | 1094 | 4333 |
| کرێی پێدراو بە کرێکاران(هەزاردینار) | 5,649,161 | 14,181,665 | 4,926,707 | 24,757,533 |
| بەهای پێداویستیەکان(هەزاردینار) | 17,918,520 | 36,148,348 | 20,558,115 | 74,624,983 |
| کۆی داهات(هەزاردینار) | 42,619,325 | 74,818,744 | 38,489,347 | 155,927,416 |

بەپێی خشتەی (38) کرێی پێدراو بە کرێکاران زیاتر لە 24 ملیار دینار بووە، بەهای پێداویستییەکان زیاتر بووە لە 74 ملیار دینار و کۆی داهات نزیکەی 156 ملیار دینار بووە لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2014.

شێوەی 66: ژمارەی کانگاکان و کرێکاران لەسەر ئاستی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2014




لە شێوەی (66)، کۆی گشتی ژمارەی کانگاکان 487 کانگا بووە وە کۆی گشتی ژمارەی کرێکارەکان 4333 کرێکارن لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2014. لەسەر ئاستی پارێزگاکان زۆرترین ژمارەی کانگاکان لە پارێزگای سلێمانی بووە کە 195 کانگان وە کەمترینیان لە پارێزگای دهۆك کە ژمارەیان 119 کانگاو 173 کانگا دەکەوێتە پارێزگای هەولێر.

شێوەی 67: رووبەری بەكارهێنراو (دۆنم) بۆكانگاكان (المقالع) لەسەر ئاستی پارێزگاكان بۆ ساڵی 2014




بەپێی شێوەی (67) كۆی گشتی رووبەری بەكارهێنراو 2194 دۆنم بووە، لەسەر ئاستی پارێزگاكان 1022 دۆنم لە پارێزگای سلێمانی، 708 دۆنم لە پارێزگای هەولێر وە 464 دۆنم لە پارێزگای دهۆك بەكارهێنراوە لە كاری كانگاكان بۆ ساڵی 2014.

## بیناسازی

هەرێمی کوردستان لە دوای جەنگی ئازادی عیراق لە ساڵی 2003 وەك هەرێمێکی سەقامگیر لە رووی ئاسایش و ئارامی، بووە هۆی ئەوەی کە گۆرانکارییەکی بەرچاو لە گشت بوارەکان بەخۆیەوە ببینێت. کەرتی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنان وەك یەکێك لە کەرتە هەرە بەرچاوەکان بوو لە نوێبوونەوە تاکو ساڵی 2014 بە تایبەت و ئێستاش، ئەوەش بۆتە هۆی بنیات نانەوەی ژێرخانی ئابووری بە هێز لە بواری بیناسازیدا. زۆربوونی ئالوگۆری بازرگانی و کردنەوەی دەرفەتی کار بە رووی کۆمپانیا بیانییەکاندا بۆ هێنان و دابینکردنی کەرەستەی بیناسازی لە زۆربەی بوارەکاندا هۆکاربوون بۆ گەیشتن بەم ئامانجە.

خشتەی 39: ژمارەی رێپێدانی بیناسازی لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی‌گەرمیان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی 2013-2018

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|
| 2013 | 11,756 | 9,153 | 5,346 | 1,014 | 27,269 |
| 2014 | 9,657 | 6,457 | 3,396 | 829 | 20,339 |
| 2015 | 5,375 | 5,637 | 2,998 | 1,037 | 15,047 |
| 2016 | 4,513 | 3,205 | 2,886 | 689 | 11,293 |
| 2017 | 4,131 | 2,830 | 1,569 | 580 | 9,110 |
| 2018 | 4,419 | 3,185 | 1,567 | 575 | 9,746 |

لە خشتەی (39) دیارە کە کەرتی بیناسازی بەدەر نەبووە لە کاریگەری ئەو قەیرانانەی کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە وەك قەیرانی دارایی، شەری سەپێندراوی رێکخراوی تیرۆریستی داعش و دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا. لە ساڵی 2013 ژمارەی رێپێدانی بیناسازی (ئەو رێپێدراوانەی کە کاری بیناسازی بەرێژەی 100% جێبەجێکراوە) لە هەرێمی کوردستان بریتی بووە لە 27,269 رێپێدان بەڵام لەبەر هۆکارەکانی ئاماژە پێکراو ساڵ لە دوای ساڵ دابەزینێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە بەشێوەیەک ژمارەکە لە ساڵی 2018 دا گەیشتووەتە 9,746 رێپێدان و رێژەی دابەزینەکە 64.2% بووە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش جیاوازییەکی بەرچاو بەدیدەکرێت لە ژمارەی رێپێدانی بیناسازی بەپێی ساڵەکان بۆ نموونە لە ساڵی 2013 لە پارێزگای هەولێر زۆرترین ژمارە تۆمارکراوە

کە 11,756 ڕێپێدان بووە کە دابەزیوە بۆ 4,419ڕێپێدان لە ساڵی 2018 و ئیدارەی گەرمیان کەمترین ژمارەی ڕێپێدانی بیناسازی تۆمارکردووە لە 1,014 ڕێپێدان لە ساڵی 2013 و ئەمەش دابەزیوە بۆ 575 ڕێپێدان لە ساڵی 2018.

شێوەی 68: ژمارەی ڕێپێدانی بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی 2013 – 2018




خشتەی 40: کۆی گشتی تێچووی خەملێنراو بە(ملیار-د.ع) بۆ کاری بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|
| 2013 | 812.4 | 584.7 | 604.2 | 45.1 | 2046.3 |
| 2014 | 536.3 | 484.3 | 336.3 | 36.8 | 1393.7 |
| 2015 | 338.7 | 386.5 | 304.7 | 52.9 | 1082.8 |
| 2016 | 256.2 | 260.0 | 173.6 | 42.5 | 732.4 |
| 2017 | 228.1 | 287.7 | 166.6 | 26.3 | 708.7 |
| 2018 | 293.7 | 164.3 | 172.8 | 27.4 | 658.2 |

هەروەك لە خشتەی (40) دیارە، کۆی گشتی تێچووی خەملێنراو بۆ کاری بیناسازی لە هەرێمی کوردستان 658.2 ملیار دینار بوو لە ساڵی 2018 بە بەراورد بە کۆی گشتی تێچووی خەملێنراو لە ساڵی 2013 زیاتر بووە لە 2 ترلیۆن دیناری عیراقی کە دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە بە ڕێژەی 67.8 %.

شێوەی 69: کۆی گشتی تێچووی خەملێنراو (ملیار-د.ع) بۆ کاری بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018




خشتەی 41: کۆی رووبەری تەرخانکراو (م$^2$) بۆ کاری بیناسازی لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی 2013-2018

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان | هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|
| 2013 | 2,729,016 | 1,759,049 | 1,838,716 | 176,937 | 6,503,718 |
| 2014 | 1,784,507 | 1,454,587 | 833,002 | 194,850 | 4,266,946 |
| 2015 | 1,658,604 | 1,322,709 | 865,430 | 237,615 | 4,084,358 |
| 2016 | 1,386,956 | 877,093 | 683,387 | 133,977 | 3,081,413 |
| 2017 | 962,523 | 748,201 | 446,825 | 132,822 | 2,290,371 |
| 2018 | 1,294,835 | 858,623 | 559,655 | 126,756 | 2,839,869 |

بەپێی خشتەی (41)، لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013 کۆی رووبەری تەرخانکراو بۆ کاری بیناسازی 6,503,718 م$^2$ بووە کە لە ساڵی 2018 رووبەری گشتی تەرخانکراو دابەزیوە بۆ 2,839,869 م$^2$، کە رێژەی دابەزینەکە 56.3% بووە . لەسەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای هەولێر لە ساڵی 2013 رووبەری تەرخانکراو 2,729,016 م$^2$ بووە بەراورد بە ساڵی 2018 دا کە 1,294,835م$^2$ .

شێوەی 70: بەراوردی رووبەری گشتی زەوی تەرخانکراو (م$^2$) بۆ کاری بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2018-2013




خشتەی 42: رووبەری گشتی بیناکراو (م$^2$) لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی 2013-2018

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|
| 2013 | 3,199,536 | 2,246,907 | 1,977,052 | 193,900 | 7,617,395 |
| 2014 | 2,112,011 | 1,817,857 | 1,167,954 | 187,395 | 5,285,217 |
| 2015 | 1,460,359 | 1,622,874 | 1,176,649 | 231,588 | 4,491,470 |
| 2016 | 1,232,446 | 1,050,427 | 937,686 | 193,609 | 3,414,168 |
| 2017 | 1,053,405 | 1,277,487 | 584,285 | 158,580 | 3,073,757 |
| 2018 | 1,169,684 | 784,084 | 1,342,068 | 117,305 | 3,413,141 |

لە خشتەی (42) لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013 رووبەری بیناکراو 7,617,395م$^2$ بووە بەبەراورد بە ساڵی 2018 رووبەرەکە بەرێژەی 55.19% کەمبۆتەوە بۆ 3,413,141 م$^2$. لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش بەتایبەت لە پارێزگای هەولێر ئەو جیاوازییە زۆر بەروونی دیارە کە رووبەری بیناکراو ( 3,199,536م$^2$) لە ساڵی 2013 کەمبۆتەوە بۆ 1,169,684 م$^2$ لە ساڵی 2018.

شێوەی 71: بەراوردی رووبەری گشتی بیناکراو (م$^2$) لە کاری بیناسازی دا لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان نێوان ساڵانی 2013-2018




خشتەی 43: تێکرای تێچووی خەملێنراو بۆ یەك م$^2$ لە کاری بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان (د.ع) بۆ ساڵانی 2013-2018

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|
| 2013 | 253,909 | 260,241 | 305,584 | 221,452 | 268,843 |
| 2014 | 253,909 | 266,412 | 287,959 | 196,385 | 263,694 |
| 2015 | 231,941 | 238,187 | 258,934 | 221,452 | 241,079 |
| 2016 | 207,907 | 247,519 | 254,000 | 219,702 | 214,504 |
| 2017 | 216,532 | 225,222 | 285,113 | 165,929 | 230,569 |
| 2018 | 226,804 | 191,395 | 288,158 | 216,161 | 231,776 |

هەروەك لە خشتەی (43) دیارە تێکڕای تێچووی خەملێنراو بۆ یەك م$^2$ لە کاری بیناسازیدا لە هەرێمی کوردستان نزمبوونەوەیەکی هاوسەنگ بەدی دەکرێت، بەشێوەیەک کە تێچووەکە لە ساڵی 2013 دا 268,843 دینار بووە و لە ساڵی 2018 گەیشتۆتە 231,776 دینار. لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش، پارێزگای دهۆک لە ساڵی 2013دا 305,584 دینار بووە کە روو لە دابەزین کردووە تاکو ساڵی 2016 و تێکڕای تێچوو گەیشتە 254,000 دینار، بەڵام لە ساڵی 2018 تێکرای تێچوو

بەرزبووونەوەی بەخۆوە بینی کە گەیشتە 288158 دینار. لە پارێزگای هەولێر ئەم گۆرانکارییە لە ساڵی 2018 بوو کە تێکرای تێچوو گۆرانکاری بەسەر داهات و بەرزبۆوە بەڵام لە پارێزگای سلێمانی تێچوەکە رووله نزمبوونەوەبوو. جێگای ئاماژە پێکردنە لە ئیدارەی گەرمیان جیاوازی بەرچاو دەبینرێت لە بەرزبوونەوەو نزمبوونەوە لە ماوەی ساڵانی 2013-2018 کە تێکرای تێچوو جێگیر نەبووە.

شێوەی 72: بەراوردی تێکرایی تێچووی خەملێنراو بۆ یەك م$^2$ لە کاری بیناسازیدا لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018



## سەرچاوەکان:


- بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار (2015) راپۆرتی رووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان 2014 ، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
- بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار (2016) راپۆرتی رووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2015 ، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
- بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار (2018) راپۆرتی رووپێوی دیموگرافی لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2017 ، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
- دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق و وەزارەتی تەندروستی 2011، راپۆرتی کۆتایی رووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر گەری چوارەم (MICS4) لە هەرێمی کوردستان و عیراق بۆ ساڵی (2011) بەغدا، عیراق: دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق و وەزارەتی تەندروستی
- دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق و وەزارەتی تەندروستی 2018، راپۆرتی کۆتایی رووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر گەری شەشەم (MICS6) لە هەرێمی کوردستان و عیراق بۆ ساڵی (2018) بەغدا، عیراق: دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق و وەزارەتی تەندروستی
- دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان2017-2018، راپۆرتی رووپێوی باری گوزەران لە رێگای بەدواداچوونی خێرا و دووبارەبۆوە بۆ چاودێریکردنی هەژاری (SWIFT) لە هەرێمی کوردستان و عیراق بۆ ساڵی (2018)، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
- دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان2017، راپۆرتی رووپێوی چاودێری رەوشی خۆراک (CFSVA) لە هەرێمی کوردستان و عیراق بۆ ساڵی (2016)، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
- دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان2014، راپۆرتی رووپێوی باری ئابووری-کۆمەڵایەتی خێزان گەری دووەم (IHSES2) لە هەرێمی کوردستان و عیراق بۆ ساڵی (2012) ، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

- دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان2015، راپۆرتی رووپێوی باری ئابووری-کۆمەڵایەتی خێزانی بەردەوام (CHS) لە هەرێمی کوردستان و عیراق بۆ ساڵی (2014)، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان 2014، بەشی ئاماری کشتوکاڵ-راپۆرتی کشتوکاڵی بەروبوومەکانی هاوینە وەرزی چاندنی بۆ ساڵی (2013). هەولێر- هەرێمی کوردستان
- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان 2018، بەشی ئاماری کشتوکاڵ و ژینگە، راپۆرتی کشتوکاڵی بەروبوومی زستانە (رووبەر، بڕشت، بەرهەم و تێچوو) بۆ ساڵی (2016-2017) لە هەرێمی کوردستان
- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان-وەرگرتنی زانیاری بە نوسراوی فەرمی
- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان/بەرێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی - وەرگرتنی زانیاری بە نوسراوی فەرمی
- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن/ فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی- وەرگرتنی زانیاری بە نوسراوی فەرمی
- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن/ بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێم و بەرێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و ئیدارەی گەرمیان-وەرگرتنی زانیاری بە نوسراوی فەرمی
- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان 2015، بەشی ئاماری بازرگانی، رووپێوی یەکەگەشتارییەکان 2013، هەولێر- هەرێمی کوردستان
- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان 2019، بەشی ئاماری بازرگانی، رووپێوی یەکەگەشتارییەکان 2016، هەولێر- هەرێمی کوردستان
- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان 2018، بەشی ئاماری بازرگانی راپۆرتی ئاڵوگۆری بازرگانی (هاوردە) بۆ هەرێمی کوردستان و عیراق لە نێوان ساڵانی (2016-2017)، هەولێر- هەرێمی کوردستان
- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی/پلاندانان-وەرگرتنی زانیاری بە نوسراوی فەرمی

- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان 2015، بەشی ئاماری پیشەسازی راپۆرتی رووپێوی پیشەسازی دامەزراوەی بچووک لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2013)، هەولێر- هەرێمی کوردستان
- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان 2015، بەشی ئاماری پیشەسازی راپۆرتی رووپێوی پیشەسازی دامەزراوەی مامناوەند لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2013)، هەولێر- هەرێمی کوردستان
- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان 2015، بەشی ئاماری پیشەسازی راپۆرتی رووپێوی پیشەسازی دامەزراوەی گەورە لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2013)، هەولێر- هەرێمی کوردستان
- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان 2019، بەشی ئاماری پیشەسازی نوێکردنەوەی چوارچێوەی رووپێوی پیشەسازی دامەزراوەی مامناوەند لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2018)، هەولێر- هەرێمی کوردستان
- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان 2019، بەشی ئاماری پیشەسازی نوێکردنەوەی چوارچێوەی رووپێوی پیشەسازی دامەزراوەی گەورە لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2018)، هەولێر- هەرێمی کوردستان
- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان 2015، بەشی ئاماری پیشەسازی راپۆرتی رووپێوی کانزاسازی و کانگاکان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ کەرتی تایبەت بۆ ساڵی (2014)، هەولێر- هەرێمی کوردستان
- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار/ سەرۆکایەتی شارەوانی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک-وەرگرتنی زانیاری بە نوسراوی فەرمی
- وەرگرتنی زانیاری لە ماڵپەری تایبەتی بانکی دوەلی لەم لینکانەی خوارەوە بەردەستبوون لە کاتی دەرچوونی ئەم راپۆرتە:

https://data.worldbank.org/indicator/SL.UEM.TOTL.ZS?end=2018&locations=IQ&start=1991&view=chart

https://data.worldbank.org/indicator/SL.UEM.TOTL.ZS?end=2018&locations=JO&start=1991&view=chart

https://data.worldbank.org/indicator/SL.UEM.TOTL.ZS?end=2018&locations=IR&start=1991&view=chart

https://data.worldbank.org/indicator/SL.UEM.TOTL.ZS?end=2018&locations=SA&start=1991&view=chart

https://data.worldbank.org/indicator/SL.UEM.TOTL.ZS?end=2018&locations=KW&start=1991&view=chart

https://data.worldbank.org/indicator/SL.UEM.TOTL.ZS?end=2018&locations=EG&start=1991&view=chart

https://data.worldbank.org/indicator/SL.TLF.CACT.FE.ZS?locations=IQ

https://data.worldbank.org/indicator/SL.TLF.CACT.FE.ZS?locations=IR

https://data.worldbank.org/indicator/SL.TLF.CACT.FE.ZS?locations=KW

https://data.worldbank.org/indicator/SL.TLF.CACT.FE.ZS?locations=SE

https://data.worldbank.org/indicator/SL.TLF.CACT.FE.ZS?locations=DE

https://data.worldbank.org/indicator/SL.TLF.CACT.FE.ZS?locations=IT

https://data.worldbank.org/indicator/SL.TLF.CACT.FE.ZS?locations=VN

https://data.worldbank.org/indicator/SL.TLF.CACT.FE.ZS?locations=MY

https://data.worldbank.org/indicator/SL.TLF.CACT.FE.ZS?locations=TH

https://data.worldbank.org/indicator/SL.TLF.CACT.FE.ZS?locations=EG

https://data.worldbank.org/indicator/SL.TLF.CACT.FE.ZS?locations=LY

https://data.worldbank.org/indicator/SL.TLF.CACT.FE.ZS?locations=SD
https://data.worldbank.org/indicator/SL.TLF.CACT.FE.ZS?locations=UG

- وەرگرتنی زانیاری لە ماڵپەری تایبەتی تورکسات لەم لینکانەی خوارەوە بەردەستبوون لە کاتی دەرچوونی ئەم راپۆرتە:

https://biruni.tuik.gov.tr/medas
https://biruni.tuik.gov.tr/medas/?kn=102&locale=en

وەزارەتی پلاندانان-دەستەی ئاماری هەرێم

www.krso.gov.krd